# هەژار موکریانی

## لە چەند دیدارێکدا




زامدار ئەحمەد

# هەژار موکریانی
# لە چەند دیدارێکدا

زامدار ئەحمەد

٢٠٢٣

# هەژار موکریانی

# لە چەند دیدارێکدا

**پێناسی کتێب**

ناوی کتێب: هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا

دیدار: زامدار ئەحمەد

حەمە هاشم وێنەی بەرگەکەی کێشاوە

دیزاینی بەرگ: ئەنجام ئەنوەر

دیزاینی ناوەوە: زامدار ئەحمەد

چاپی یەکەم: ٢٠٢٣

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (١٠٦٣)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێدراوە.

## ناوەرۆک


| | |
|---|---|
| پوختەی ژیاننامەی هەژار موکریانی | ٧ |
| هەژار موکریانی لە ئاوارەییدا | ٩ |
| یەکەم: دیداری عەبدولخالق یەعقوبی | ١٥ |
| دووەم: دیداری ڕەسووڵ سوڵتانی | ٣٥ |
| سێیەم: دیداری فەرەیدوون حەکیمزادە | ٥٣ |
| چوارەم: دیداری حەیدەر عەبدوڵڵا | ٦٩ |
| پێنجەم: دیداری مستەفا هەژار موکریانی | ٩٣ |
| شەشەم: دیداری ماجد مەردۆخ ڕۆحانی | ١١١ |
| حەوتەم: دیداری هادی موڕادی | ١٣٣ |
| هەشتەم: دیداری عەبدوڵڵا حەسەنزادە | ١٤٣ |
| نۆیەم: دیداری مەلا ڕەسووڵی پێشنماز | ١٥٣ |
| لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس) | ١٦٣ |

سوپاس و پێزانینی تایبەتی بۆ

هاوڕێی هێژا و ئازیز

"بەناز محەممەد"

کە ئەرکی کێشا و دەگەڵمدا ماندوو بوو.

**پوختەی ژیاننامەی هەژار موکریانی**

عەبدولڕەحمانی کوڕی مەلا محەممەدی کوڕی مستەفا ناسراو بە (هەژار موکریانی)، ساڵی ١٩٢٠ لە گەڕەکی خڕێی مەهاباد لەدایکبووە، لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە لە لایەن باوکییەوە دەرسی ئەلف و بێ و جزمی عەممەی قورئانی خوێندووە، لە منداڵییەوە شیعری شاعیرانی فارس و کوردی بەباشی لەبەرکردووە، زۆر جاران شەڕە شیعری لەگەڵ خەڵکی دیکە کردووە و سەرکەوتوو بووە، لە درێژەی خوێندن لە خانەقادا لەگەڵ هاوتەمەنێکی خۆی ئاشنا دەبێت بە ناوی (حەمەدەمینی شێخولئیسلام)، واتە هێمن موکریانی.

هەژار، لە تەمەنی لاویدا و لە ساڵی ١٩٤١ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان دەکات و تێکەڵ بە دونیای سیاسەت دەبێت، لەو سەروبەندەشدا تێکەڵ بە دونیا ئەدەب و شیعر دەبێت، شیعر دەنووسێت و لە لایەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان نازناوی هەژاری بۆ دانراوە. هەروەها لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەگەڵ هێمن موکریانی ڕۆڵی زۆریان بینیوە، تەنانەت بە (شاعیری نەتەوەیی کوردستان) ناسران.

لـه دوای بەشـداری کردنـی لـە کۆمـاری کوردسـتان، هـەژار ئاوارەی وڵاتان دەبێت، لە ئێرانەوە بۆ عێراق، لـە عێراقەوە بۆ لوبنـان، لـە لوبنـانەوە بۆ عێـراق، لـە عێراقەوە بۆ سـووریا، لـە سـووریاوە بـۆ عێـراق ڕادەکـات، واتــە زۆربــەی ژیـانی دوای جێهێشـتنی ئێـران لـە ناخۆشـی و نارەحەتیـدا بـووە. هـەژار، لـە چێشـتی مجێـور دەڵێـت: "نزیکـەی سـی سـاڵ زەحمـەتم کێشـاوە، ئەویش زەحمەتی فەرهاد..." دواجـار سـاڵی ١٩٧٥ لـە لایـەن شـای ئێرانەوە دەبەخشرێت و دەگەڕێتـەوە ئێـران و زۆربـەی ژیـانی لـە کەرەج بەسـەر دەبات.

هەژار موکریانی لـە تەمـەنی ٧١ سـاڵیدا و لـە ڕۆژی شـەممە ٢٠ی شـوباتی سـاڵی ١٩٩١ گیـان لەدەسـت دەدات، لەدوای دوای مردنی جەستەی دەگەڕێنرێتەوە موکریـان و لـە گۆڕسـتانی بـاغی فیردەوس لە مەهاباد بە خاک دەسپێردرێت.

هەژار، لە ماوەی ژیانیدا پێنج کتێبی نووسیوە و ١٤ کتێبی لە نێوان زمانەکانی عەرەبی و فارسـی و کوردی وەرگێڕاوە، بـە وردبوونــەوە لــە هــەردوو دیوانــە شــیعری ئاڵــەکۆک و بــۆ کوردستان، بۆمان ڕوون دەبێتەوە هەژار، کـەمتر بـەلای شـیعری خۆشـەویستیدا چووە، بەڵکوو زیاتر شـیعری سیاسـی، نەتـەوەیی، نیشتمانی، خۆشەویستی بۆ خاک و ئاڵا و کوردستان نووسیوە.

هـەژار، دوو دیوانـە شـیعری بـە ناوەکـانی ئاڵـەکۆک و بـۆ کوردسـتانی بڵاوکردووەتـەوە، هاوکـات، سەرگوزەشـتەی ژیـانی خـۆی لـە ڕێگـەی کتێبـی چێشـتی مجێـورەوە بـەیان کـردووە. هـەروەها، هەریـەک لـە کتێبـەکانی "چـوار نامیلکـەی دکتـۆر عـەلی شـەریعەتی، مـەم و زینـی خـانی، چوارینـەکانی خـەییام، دیـوانی مەلای جزیری، شـەرەفنامە، هۆزی لـەبیرکراوی گـاوان، مێژووی ئـەردەڵان، قورئـانی پیـرۆز، قـانون در طبـی ئیـبن سـینا لـە تـوێی حـەوت بەرگـدا وەرگێڕاوەتـە سـەر زمـانی کـوردی" دەگـەڵ ئەمانەشـدا، فەرهـەنگی هەنبانـە بۆرینـەی بڵاوکردووەتـەوە، کـە یەکێکە لە فەرهەنگە دەوڵەمەند و پڕ وشـەکانی زمـانی کوردی و بە فەرهەنگێکی گرنگ و بەپێزی کوردی نـاو کتێبخانـەی کوردی ئـەژمار دەکرێـت و خزمـەتێکی بـەرچاوی بـە وشـەی کـوردی کردووە.

### هەژار موکریانی لە ئاوارەییدا

ئـەو شـاعیرانەی لـە شـوێنەکانی خۆیـان ئـاوارە بـوون و لـە دووره وڵات ژیانیـان بەسـەربردووە، گۆڕانکـاری بەسـەر ناوەڕۆکی شیعرەکانیاندا هـاتووە، شـیعری پێش ئـاوارە بـوون و دوای ئاوارە بوون جیاوازن، زۆربەی شـیعری شـاعیران لـەدوای

ئـاوارەیی بـەرەو نەتەوایـەتی ڕۆیشـتووە، بـۆ نموونـە: (حـاجی قادری کۆیی، هێمن موکریانی، هەژار موکریانی) لێرەدا بە کورتی چەنـد شـیعرێکی کـەمی دوای ئـاوارەبوونی مامۆسـتا هـەژار موکریانی بە نموونە دەهێنینەوە.

هـەژار ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتان و مـەهاباد جـێ دەهێڵێـت و ڕوو لـە باشـووری کوردسـتان دەکـات، لـەدوای ماوەیـەکی کـەم، بـەرەو بەغـدا دەڕوا دواتـر لـە سـاڵی (١٩٤٨) بـەرەو لوبنـان و سووریا دەچێت، ئەو ماوەیەی کە هەژار لـە دووری تێیدا ژیـاوە، هەست بە گۆڕانکاری لە بیروبۆچوون و شیعرەکانی دەکەیت، بە خوێندنەوەی شیعرەکانی هەژار موکریانی دەزانی کە گۆڕانکاری بەرچاو دەکەوێت. لە شیعرێکدا دەڵێت:

وەتەن سوێند بە کێواتی سـەر بـەرزی تۆ
وەتەن سوێند بە داهـاتی سـەد تـەرزی تۆ
وڵات سـوێند بـە بـەفرت بەخۆشـی هـەوات
بـە نـەفتت بــە ئاوت بــە دەجلە و فورات
هــــەتا قـەترە خـوێنێکی تـەڕ شـک دەبـەین
بــــە قـــوربانی ئــــازادی تـۆی دەکـەین
کــــــــوڕانت لـە ڕێـی کـوردەواریی مـەزن
لـــــە کوژرانێ ســـــازن بـــــەڵام نـابەزن

هەژار لە ئاوارەییدا ئەم شیعرە دەنووسێت، ئەم ئاوارەییەش وای لێکردووە، کە بەم شێوەیە بۆ کوردستان بدوێ و سوێند بە سروشت و کەش و هەوا بخوات، دوا قەترە خوێنی قوربانی کوردستان دەکات. هەژار موکریانی لە شیعرێکی دیکە، تەواوی شارە کوردییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان کۆ دەکاتەوە و هەوڵ دەدا ناوی تەواوی شارەکان بە شیعر بهێنێت، ئەمە بەشێکە لە شیعرەکە

لە عەزیز، بەتلیس و ماردین
زارا و مەکس و کلس و عیفرین
دەرسیم، ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان
بایەزید و سعرد و وان
مەلاتیە و دارندە و بۆستان
دیاربەکر و جزیرا بۆتان
کرماشان، سەقز، هەورەمان
سەردەشت، بانە تا شنۆ
تا ورمێ و دیلەمان و خۆ
نەغەدە و شاپووڕ و سەڵماس
لە هەردوو بەر ئاوی ئاراس
میاندواو، شاهین دژ، بۆکانی
مەهابادی و سولەیمانی

ئـــەم شـــیعرەش كـــە لـــە ئـــاوارەیی نووســـراوە، دوور لە كوردستان، وای لە شاعیر كردووە، بەدوای تەواوی شارە كوردییەكانی هەر چوار پارچەی كوردستان بگەڕێ و كۆیان بكاتەوە، ئەم شیعرەش لە چوارچێوەی نەتەوایەتیدایە و هەستی سەربەخۆیی هەیە.

هـەروەها هـەژار موكریـانی لـە شـیعرێكی دیكـە، كـە لـە نامۆییدا و لە ئەڵمانیا نووسیویەتی، دەڵێت:

لـەسەر چـــۆمی (ڕاین) لە ڕۆژگاری جاریٚ
تكـا ئـــــــەشكی ئاوارە كوردیٚ، هەژاریٚ
بەســـەریا خوڕی: كوێندەری ئەی تكە سوێر
ئەتۆ و ئێرە و چ دەنكە فـــرمێسكی بیٚ خێر
وتــــی ئـــاوی چاوی كوڕی كوردستانم
لــــە دەجلـە و فوڕاتڕایـە نـــاو و نیشتمانم
بـــــەڵیٚ ئـــاوی چـــاوم لـە دڵ هـەڵكزاوم
لـــەڕێی ســــــەربەخۆبوونی كـوردان ڕژاوم

هـەژار دەڵێـت: ڕۆژێـك لەســەر چـۆمی (ڕایـن) غوربـەتیم هەســـتا و ئـــەم شـــیعرەم هۆنـــدەوە. دیـــارە شـــاعیر غوربـــەتی هەڵدەستێت و بیری كوردستان دەكات و لەم شیعرە دیسانەوە بیری كوردایـەتی بەسـەریدا زاڵـە و كوردسـتان تـەواوی مێشـكی

داگیر کردووه و سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان وێنە دەکات. لە کاتێکدا، پێشتر شاعیر باوەڕی وا بوو کە دەبێت شیعر بۆ پیاوانی گەورە بنووسێ، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە بەسەر شیعرەکانیدا هاتووە و عاشقی ئازادی کوردستان بووە.

شیعرەکانی هەژار پەیوەندی بەو ژینگەیەوە بووە، کە تێیدا ژیاوە، جیاوازی لە نێوان شیعری پێش ئاوارە بوون و دوای ئاوارە بوون، بە ڕوون و ئاشکرا دەردەکەوێ، لەدوای ئاوارە بوونی زیاتر شیعری بەرگری نووسیوە، ئەمەش پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەبووە کە لە کوردستان ڕووی داوە، بەتایبەتی لە سەروبەندی شۆڕشی باشووری کوردستان، لەبەر ئەوە هەوڵی داوە زۆرینەی شیعرەکانی بۆ کورد و کوردستان بنووسێ، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦١دا و لە سەرەتای دەست پێکردنی شۆڕشی کوردستان- شۆڕشی ئەیلوول لە بەغداوە (سروود بۆ قوتابییان) دەنووسێت و دەڵێت:

من ڕۆڵەی کوردم، بۆ نیشتمانم
سەرم دائەنێم، ئەبەخشم گیانم
لەڕێی شۆڕشا خوێنم ئەڕژێنم
ئالای ئازادی پێ دەرەنگێنم

هەژار موکریانی لە ڕێگای ئەم شیعرەوە پەیام و مەبەستی خۆی بە خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت، سەرەتا بەوە دەست پێ دەکات کە خۆی ڕۆڵەی کوردستانە و گیانی خۆی لە پێناوی بەخت دەکات، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خەڵک بەشداری ئەو شۆڕشە بکەن.

## یەکەم: دیداری عەبدولخالق یەعقوبی[1]:

**پرسیار**: سنووری جوگرافی موکریان، تا چەند هۆکار بووە بۆ دروست بوونی هەژار موکریانی؟

**عەبدولخالق یەعقوبی:** هەژاری موکریانی کاتێک لە دایک دەبێت، واتە ساڵی ١٩٢١، پاشخانی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی ناوچەی موکریان پاشخانێکی دەوڵەمەند بووە، بۆ نموونە کەسایەتییەکی شاعیری وەکوو وەفایی کە سەر بە قوتابخانەی شیعریی بابان بووە، شیعرەکانی لە ناوچەدا دەنگی داوەتەوە. لە سەروبەندی گەشەکردنی تەمەنی مامۆستا هەژاردا تا دەگاتە سەردەمی گەنجی و کۆماری کوردستان کە ساڵی ١٩٤٦ە، کەسایەتییەکی دیاری دیکەی وەکوو سەیفولقوزات کاری ئەدەبی کردووە، بە گشتی لەو سەروبەندەدا لە ناوچەی موکریاندا ڕۆشنبیری لە جۆری حوجرە، ڕۆشنبیرییەکی زۆر باو و کاریگەری بووە؛ کەسانێکی وەکوو مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و هاوڕێیانی ئەو سەردەمی ئەوان، وەکوو مامۆستا سەید کامیلی ئیمامی،

---

(١) ئەم دیدارە لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/١٨ بۆ تەلەڤزیۆنی (زار) لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە.

حەقیقی، عەتری گڵۆڵانی، خاڵەمین؛ ئەوانە گۆشکراوی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە بوون کە وەفایی و سەیفولقوزات و میسباحودیوانی ئەدەب بناغەکەیان لە ناوچەی موکریان دارشت. بۆیە کاتێک ساڵی ١٩٤٦ هەژار بە بۆنەی دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە چاوی پشکووتووە بە دونیای ئەدەب، کەسایەتییەک بوو هەم لە بواری ڕۆشنبیرییەوە بەهێز بووە، دەوڵەمەند بووە، هەمیش لە باری هزری سیاسییەوە زۆر خوازیاری نیشتمان پەروەریی و خۆشەویستیی وڵات بووە. لە ڕاستیدا ناوچەی موکریان بەهۆی ئەو پاشخانەوە، بەشێکی دیکەشی بەهۆی ئەوەی کە خۆی ناوچەی موکریان لە باری زمانی کوردی و دەوڵەمەندیی زمانی کوردییەوە، بەتایبەتی پێش ئەویش ئەدەبی فۆلکۆری و ئەدەبی زارەکی، ناوچەیەکی دەوڵەمەند بووە. مامۆستا هەژار لە نێو ئەو کەشوهەوایەدا توانی خۆی پەروەردە بکات، ئەو پاشخانە ڕۆشنبیرییە و ئەو پاشخانە سیاسییەی سەردەمی کۆمار تێکەڵ بکات و ببێت بە کەسایەتییەک کە ئەدەبی هەژار و شیعری هەژار دواجار ئەو دەستکەوتانەی لێ بکەوێتەوە کە لە کارەکانیدا خۆی دەرخستووە.

**پرسیار**: ئەوەی تۆ دەیڵێیت ناوچەی موکریان، ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ پێگەیاندنی کەسایەتییە ئەدەبییەکان، لە بەرانبەر ئەوەدا

پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە بۆچی دیوی ڕۆژهەڵات، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەراورد بە بەشی باشووری کوردستان جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان شاعیراندا، بۆ نموونە ئەگەر چاو لە ڕۆژهەڵات بکەین شاعیران لە وەفایی و هەژار و هێمن و سوارە ئیلخانیزادە و سەیفولقوزات و حەقیقی ...هتد، کەچی لە باشوور بەتایبەتی لای شارەزوور و سلێمانی و کۆیە دەبینین شاعیرانێکی زۆر بوونیان هەیە، کە شاعیری دیار و بەرچاون، لە سەردەمەکەی خۆیان دەور و کاریگەری زۆریان هەیە بە ئێستاشەوە، ئەمە پەیوەندی بە چی هەیە؟ بۆچی زۆرینەی شاعیران لە باشوور دروست بوون و کەمتریان لە ڕۆژهەڵات پەیدا بوون؟ دەشێت لە ڕووی هونەرییەوە ئەوەش باس بکەین، کە زۆربەی هونەرمەندان زیاتر لە بەشی ڕۆژهەڵاتن و کەمتری لە باشووردان.

**عەبدولخالق یەعقوبی:** ئەمە پرسیارێکی زۆر جددی و وردە، من پێم وایە دەبێت هۆکارەکەی بگەڕێنینەوە بۆ ئەو پاشخانە لە دەسەڵاتدارییەکی خۆماڵی، ئەو مێژینە و پێشینەیەی لە دەسەڵاتدارییەکی کوردی، هەر لە کۆنەوە لە میرنشینی باباندا هەبووە، بەتایبەتی ئەو میرنشینە خۆی گرنگی داوە بە ئەدەب و زمانی کوردی، بەڵام ئەم نیسبەتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە

میرنشینی ئەردەڵاندا کەمترە. ئەگەر جەنابت سەرنج بدەیت بۆ نموونە دەبینی لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم ئەو کاتەی کە میرنشینی بابان دەسەڵاتدار بووە، ئەو میرنشینە بۆ شەرعییەتدان بە خۆشی بێ پشتگیری لە شاعیران و ئەدیبانی ئەو سەردەم کردووە، بۆ نموونە کە نالی یەکێک لە نوێنەرە دیارەکانی بێ. بۆیە دەبینی ئەوە دەبێت بە نەریتێک، دەبێت بە مێژوو و پاشخانێک بۆ ئەوەی لە باشوور شاعیر و نووسەر زیاتر سەر هەڵبدات، گرنگی زیاتر بە ئەدەبیات بدرێت. هەر ئەو مێژووە کاتێک لە ڕۆژهەڵات دووبارە دەبێتەوە، دەبینین کۆماری کوردستان دروست دەبێت، لە کۆماری کوردستان وەک ئەوەی بڵێین کە میرنشینێکی نوێی مۆدێرن دروست دەبێت، هەروەها خودی کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد گرنگییەکی زۆر تایبەت نەک هەر بە ئەدەب، بەڵکوو بە ئەدیبەکانیش دەدا، بۆ نموونە هەژار و هێمن بە شاعیری میللی و نەتەوەیی ناو دەهێنێت، تەنانەت ڕۆژنامەوانی و دەرچوونی گۆڤار و هەموو ئەوانە باو دەکات. لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم جیاوازییە زیاتر لە مێژینەی سیاسی دوو پارچەکەدایە نەک ئەوەی لە جەوهەری دوو پارچەکە دابێت.

**پرسیار**: بەڕێزتـان لەهەمبەر وەرگێڕانـی شـیعرەکانی خەییام بۆ زمانی کوردی نەزەرتان چییە؟

**عەبـدولخالق یەعقـوبی**: لە بـابەتی وەرگێڕانـی خەییـام، لایەنێکـی زۆر گرنـــگ کە هەســـت دەکەم ئەمە بەشـــێکە لە ســـتراتیژیی کارەکـانی مامۆســـتا هەژار، مەســـەلەی هـــزر و بیرکـــردنەوەی خەییـام بـووە، کە بەلای مامۆسـتا هەژارەوە وەکـوو شەخسـی خــۆی گرنــگ بــووە، لە هەمانکاتیشــدا هەســتی کــردووە ئەو بیرکردنەوەیە بۆ کۆمەڵی کوردی زۆر گرنگە، چونکە مامۆستا هەژار زۆر بــاش ئاگــاداری ئەوەیە کە کــۆمەڵی کــوردی تــا ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە نێو جۆرێک لە بیرکردنەوەی عەشیرەیی و مەزهەبیـدا چەقـی بەسـتووە. زۆر جـار هەر ئەم جـۆرە هـزرە بــووەتە بەربەســت لەســـەر ڕێگــای گەشــەکردنی کولتــووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردی، لەبەر ئەوەیە من پێم وایە هەژار جـگە لەو لایەنـانەی کە پەیوەنـدی بە زمـانی کـوردییەوە هەبێت زانیویەتی کە پێویستە لە شوێنێک جۆرێک لە داگەڕان لەو هزرە مەیلەو کۆنەپەرستانەیە بێتە ئاراوە؛ ویستوویەتی بۆ نموونە لە ڕێگــای هــزر و ئەندێشــەی خەییــامەوە بیکـات. ســەرنج بـدەن مامۆســتا هەژار لە وەرگێڕانــی خەییامــدا زۆر بەلایەوە گرنــگ نەبووە ئایا ئەم یان ئەو چوارینەیە بەڕاستی ئی خەییامە یان نا؟

چونکە زۆرێک لە چوارینەکانی ئێستا لەنێو مشتومڕی ئەدەبیی فارسیدا دەڵێن ئی خەییام نییە، بەڵام مامۆستا هەژار ئەوەی بەلایەوە گرنگ نەبووە، ئەو ئەمەی بەلایەوە گرنگ بووە کە هزری خەییام وەربگرێت و بە زمانێکی زۆر پەتی و پاراوی کوردی وەری بگێڕێت و خوێنەری کورد لەو شتەی کە مامۆستا هەژار بە دڵی بووە و لە هزری خەییامدا دۆزیویەتییەوە بە خوێنەری کوردی بگەیەنێت. کاتێک کە هەژار لە زمانی خەییامەوە دەڵێت: "ساقی بەسەرت پردی سیڕاتیش کەڵەکە/ سەیرانی بەهەشت سەیری دووچاوی بەڵەکە/ زۆرم لە خودا ویست و کەمیشی نەگەیی/ هەر تۆبەیە دەمداتێ، ئەویش نەم گەرەکە" بەڕاستی لە پشت ئەوەوە پەیامێک هەبووە، پەیامێک کە مامۆستا هەژار بۆ خۆی باوەڕ و قەناعەتی پێ بووە، زانیویەتی بەشێکە لە پێداویستییە فیکرییەکانی کۆمەڵی کوردی بۆ ئەوەی گەشە بکات، بۆ ئەوەی لە دۆخی چەقبەستوویی مێژوویی خۆی ڕزگاری بێ و بێتە نێو دونیای بیرکردنەوەی نوێوە.

**پرسیار:** هەژار تا چەند کاریگەری ڕۆشنبیری فەرهەنگی کولتووری هەبووە بەسەر ڕۆژهەڵاتەوە؟

**عەبدولخالق یەعقوبی:** بێگومان، ڕەگ و ڕیشەی مامۆستا هەژار لە ڕۆژهەڵاتەوەیە، بارودۆخی ژیان و ئەوەی کە ئەو چالاکێکی

سیاسی بوو وای لێ کرد ئاوارەی پارچەیەکی تری کوردستان و ئاوارەی وڵاتانی تریش بێ، بەڵام لە ڕاستیدا مامۆستا هەژار بۆ خۆی قوتابخانەیەکی سەربەخۆیە لە ئەدەبیات و وێژە و زمانی کوردی، چونکە تایبەتمەندییەکی زۆر گرنگی ئەوەیە کە پەلوپۆی زۆر هاویشتووە لە نێو ئەدەبیاتی کوردی، قامووسی هەنبانە بۆرینەی نووسیوە، تەرجەمەی خەییامی کردووە، شەرەفنامەی تەرجەمە کردووە، قورئانی تەرجەمە کردووە. لە ڕاستیدا، ئەگەر سەرنج بدەیت بەشێکی ئەوەیە کە خۆی زانیویەتی بەراورد بە ئەدیبانی دیکە توانایی تێدا بووە، بەشێکیشی ئەوە بوو باش زانیویەتی ئەدەبیاتی کوردی لەو سەردەمدا، نووسین بە زمانی کوردی لەو سەردەم و با بڵێین تا ئێستاش کاری زۆر کەمی بۆ کراوە، بەتایبەتی ئەوەی ئەو بێ بە زمانێک بنووسێت و لەو زمانەی، بۆ نموونە، کاتی خۆی نالی و وەفایی و مەحوی پێیان نووسیوە داببڕێ؛ زمانێک بێ کە زمانی جەماوەر بێ، زمانێک بێ کە زمانی پێویستیی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک بێ. کاتێک خەییام تەرجەمە دەکاتەوە، بۆ ئەوەیە فەلسەفەی ژیانی ڕۆژانە بە خەڵک بڵێتەوە. هەژار ئێستا لە ڕۆژهەڵاتدا بووە بە قوتابخانەیەک؛ ئێمە مانانێک و دەیان قەڵەم و فیکر و کەسایەتی وەکوو ئێمە مانان لەو سەرچاوەوە پاراو بووینە. تا ئێستاش ئەگەر سەرنج بدەیت

له کتێبی "هەژار لە لوتکەدا" کە بەم دواییە ئامادە کراوە و سەرجەم بەرهەمە ڕۆژنامەوانییەکانی تێدایە، ئەوە نیشان دەدا ڕۆژهەڵات تینووی هزری مامۆستا هەژار بووە، تینووی نووسین و شێوازی بیرکردنەوەی مامۆستا هەژار بووە. زۆرینەی ئەوانەی ئێستا شاعیرن، نووسەرن، ئێمە مانانێک کە تەنانەت لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی دەنووسین لە هەناوی دەق و نووسراوەکانی ئەوەوە هاتینە نێو گۆڕەپانی ئەدەبەوە. من بۆ خۆم بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هەژار توانیم چوارچێوەیەکی دروست بۆ نووسین بە زمانی کوردی بەدی بهێنم، دواتر لە ڕەخنەی ئەدەبیدا کەمێک لە زمانی پەخشاناویی هەژار دووربکەومەوە و زمانێکی گونجاو بۆ بواری پسپۆڕیی خۆم، واتە ڕەخنەی ئەدەبی، بدۆزمەوە.

**پرسیار**: دەکرێت بڵێین هەژار لە کاتی وەرگێڕاندا زۆر پابەندی ئەو تێکستە نەبووە کە وەری گێڕاوە؟

**عەبدولخالق یەعقوبی:** لە سەرەتادا یەک خاڵ هەیە دەمەوێت باسی بکەم، ئەوەیە مامۆستا هەژار کەسایەتییەکی ئینسایکلۆپیدیایی بووە، ویستوویەتی بۆ هەموو بوارەکان پەل بهاوێت. هەڵبەت لەم نێوانەدا هەندێک جار بە زەرەری خۆشی وەکوو نووسەر شکاوەتەوە. بۆ نموونە، ڕەخنە لە مامۆستا

هەژار دەگیرێـت کە وەرگێڕانـی شـەرەفنامە یـان وەرگێڕانـی خەییامی زۆر لەگەڵ دەقی سەرەکی یەک ناگرێتەوە، یان هەندێک جار خۆی زۆر شتی پێوە زیاد کردووە. لە ڕاستیدا، ئەو ڕەخنەیە تا ڕادەیەکی زۆریش ڕاستە. دەربارەی پرسیارەکەت، بەڵێ زۆر دەروەسـتی دەق نەبـووە، بەڵام هەسـت دەکەم مامۆسـتا هەژار هەسـتی بە بەرپرسـیاریەتی کـردووە کە ئەو مەیـدانە چـۆڵە و دەبێت کاری جددی و ژێرخانەکی تێدا بکرێت. مامۆستا هەژار دەیتوانی وەکوو توێژەرێکی زانکۆ لەسەر چوارینە بە چوارینەی خەییام ورد بێتەوە، کە ئایا ئەوە چوارینەی خۆی بووە، یان نا؟ بەڵام ئەو خـۆی زیـاتر گەلـی خـۆی و زمـانی میللەتـی خـۆی پـێ گرنگتر بووە، بۆ ئەوەی بتوانێت لە ڕێگەی وەرگێڕانی خەییامەوە مەبەستی خۆی بپێکێت و جەمـاوەرێکی زۆر لە خـوێنەری کورد بە زمانی کوردی خەییـام بخـوێننەوە، بە زمـانی کوردی قورئـان بخوێننەوە. خاڵێکی زۆر سەرنج ڕاکێش باس بکەم، کـاتی خـۆی کە مامۆستا هەژار قورئانی تەرجەمە کردەوە، زۆرێک لە پیاوانی ئـایینی پێیـان نـاخۆش بـوو. ئەوان پێیـان وا بـوو قورئـان قـابیلی ئەوە نییە بکرێتە زمانی کوردی. بەڵام مامۆستا هەژار دەیزانی لە ڕێگـای وەرگێڕانـی دەقێکـی ئایینییشـەوە دەتوانێـت خـزمەت بە زمـانی کوردی بکـات. هەمـان شـت لە شـەرح و تەفسـیری مەلای جەزیـری‌دا کـردی. مـن پـێم وایە کەسـایەتیی مامۆسـتا هەژار لە

سەردەمی خۆی و بۆ ئێستا و بۆ داهاتووش، کەسایەتییەکی چارەنووسسازە، لەو سەرەوە کە ئەگەر ئێمە بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار لە کتێبخانەی کوردی وەلانێین، دەتوانم بڵێم ژێرخانی بەشێکی گرنگی کتێبخانەی کوردی تێک دەتەپێت.

**پرسیار:** بەر لە هەژار قورئان تەرجەمە کرابوو، پێویستی وەرگێڕانی قورئان لەلایەن هەژارەوە چ بوو؟

**عەبدولخالق یەعقوبی:** کاتی خۆی وتارێکم بەتایبەتی لەسەر ئەوە نووسیوە، تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی هەژار بۆ قورئان چییە؟ مامۆستا هەژار لە وەرگێڕانی قورئاندا خاڵێکی زۆر گرنگی ڕەچاو کرد، کە دواتر بوو بە نەریتێک لە وەرگێڕانی کوردیدا، ئەویش ئەوە بوو زاراوەکانی کوردیی تێکەڵ دەکرد، لە هەر کامێکیان وشەیەکی وەردەگرت و بە ڕستەیەکی ڕێزمان دروستی کوردی دای دەڕشت و دەبوو بە بەشێک لە وەرگێڕانی قورئان. مامۆستا هەژار مەبەستی هەبوو، دەیویست لە وەرگێڕی داهاتووی کورد بگەیەنێت زمانی کوردی تەنیا زاراوەی سۆرانی نییە، تەنیا کرمانجی سەروو نییە، بەڵکوو ئێمە دەتوانین بۆ دروست کردنی زمانی نووسینی کوردی یان بۆ دروست کردنی زمانێکی نووسینی بەهێز لە هەموو زاراوەکان وشە و ڕێسای زمانەوانی وەربگرێت. لە وەرگێڕانی قورئاندا ئەمەی کرد و بە

بــڕوای مــن زۆر ســەرکەوتووش بــوو، ئەوەی کە نــاوەڕۆکی قورئان چی بێ، ئەوە بەشێکی کەمی بابەتەکەیە.

**پرســـیار:** ئەو شـــیعرانەی هەژار موکریـــانی نووســـیویەتی، ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە بووە کە تێیدا بووە؟ لە ڕێگای شیعری بەرگرییەوە ویستوویەتی پەیام و مەبەستەکانی خۆی بگەیەنێت؟

**عەبدولخالق یەعقوبی:** پێناسەی من بۆ نووسەر زۆر سادەیە. بە بڕوای من، نووسەر ویژدانی زیندووی گەلە، ئەوەی کە مامۆستا هەژار کردوویەتی، بەتایبەتی لە شیعری بەرگریدا، ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی خۆیەتی، مامۆستا هەژار ژیانێک کە ژیا، ئامانجێک کە بۆی ژیا، هەر دەبووایە ئەو شیعرانەی لێ بکەوێتەوە؛ نەدەکرا ئەو لەگەڵ خۆی ڕاست نەبێت، لەگەڵ میللەتەکەی ڕاست نەبێ، لەگەڵ مێژووەکەی ڕاست نەبێت. بۆ نموونە، لە نێو شۆڕشدا بێ و توانایی شیعر نووسینیشی هەبێت، کەچی هەموو شیعرەکانی ڕۆمانسییەت بێ، ئەو لە ڕاستیدا، لەگەڵ مێژوو ڕاست بوو، لە هەمانکاتیشــدا مێـژووی دروســت کــرد، ئەو کەســانەی لە نێــو واقیعێکــی مێژوویــیدا دەژیــن، دەتــوانن دواجــار مێژوویەکــی ڕاســتەقینەش دروســت بــکەن، وەکــوو چــۆن ئێســتا تەواوی ئەو بەرهەمــانەی مامۆســتا هەژار نووســیویەتی لەوانەیە بــۆ ســێ سەدەی داهاتوو بەشێک بێ لە مێژووی کورد، هەڵبەت بەشێکە

له مێژوویەکی ڕاستەقینە، بەشێکە لە دروست کردنی ئەو خەون و خەیالانەی میللەتێک دەتوانێت لەسەریان دابمەزرێت و نەتەوەیەک خۆی پێناسە بکات. مامۆستا هەژار ویژدانی ڕاستەقینە و زیندووی میللەتی کوردە، ئەمەش وای کردووە لەنێو نووسەران و لەنێو جەماوەری گەلی کورد کەسێکی خۆشەویست بێت.

**پرسیار**: هەژار تا چەند کەوتووەتە ژێر کاریگەری ئاوارەیی و نامۆیی، واتە غەریبی و غوربەت تا چەند لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە؟ بەتایبەتی لەدوای ئەوەی هەژار لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئاوارە دەبێت، خۆشی لە چێشتی مجێوردا ئاماژە بەوە دەدا، دەڵێت: "زەحمەتی زۆرم کێشاوە، ئەویش زەحمەتی فەرهاد"

**عەبدولخالق یەعقوبی:** بارودۆخی ژیانی شاعیران و نووسەرانی لە جۆری هەژار و هێمن، کە نەوەی یەکەمی کۆمار بوون، کاتێک کۆماری کوردستان بە ساوایی سەری نایەوە، ئەوە بوو لە وڵاتی خۆیان نامۆ بوون، فکری هەژار، توانایی هەژار لە دوای کۆمار لە ڕۆژهەلاتی کوردستان نە ڕێگای پێ دەدرا، نە جێگە و پێگەیەکی دەبوو، بۆیە ناچار بوو ئاوارەیی هەڵبژارد. هیچ شاعیرێک بە حەزی خۆی ئاوارەیی هەڵنابژێرێت، کاتێک بتوانێت

له وڵاتی خۆی دابنیشێت و توانستی داهێنانیشی هەبێت، دیارە ئاوارەیی هەڵنابژێرێت، بەڵام ئەو ناچار بووە. کە ناچار بووە هاتووەتە پارچەیەکی دیکەی کوردستان، ئەوێشی بە ماڵی خۆی زانیوە؛ مامۆستا هەژار کە هاتووە بۆ باشووری کوردستان و کەوتووەتە پاڵ شۆڕشی باشووری کوردستان، لە پەنای چالاکیی سیاسی، چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری خۆشی درێژە پێ داوە و بەردەوام بووە، لە هەمان کاتدا لایەنگری سەرکردەیەکی باشووری کوردستان بووە، بەڵام هەرگیز پشتی لە ڕۆژهەڵاتیش نەکردووە؛ بەشێکی زۆر کارەکانیشی هەر ئاراستەکەی بۆ ڕۆژهەڵات بووە، بۆ میللەت بووە، بۆ سەرلەبەری میللەتی کورد بووە. ئەوە دەرخەری ئەوەیە خودی ئەو ئاوارەییە فەلسەفە و جیهانبینییەکی بۆ مامۆستا هەژار دروست کرد، بەوەی کە نابێت کۆڵ بدات، بەردەوام کار بکات، میللەتی کورد لە ڕێگەی وشەی کوردی و زمانی کوردییەوە بە ئاگا بێنێت، چونکە بەشێکی گەورەی هۆکارەکانی نوشستیی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی میللەتی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ نا ئاگایی میللەتی کورد، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی میللەتی کورد تا ئێستا بەو قەناعەتە نەگەیشتووە ئەگەر خۆی خۆی کرمۆڵ نەکات دەتوانێت لە هەموو بوارەکاندا، لە بواری سیاسەت، لە

بواری کۆمەڵایەتی، لە بواری ئابووری سەرکەوتوو بێت، بەڵام مامۆستا هەژار ئەو جیهانبینییەی لە ئاوارەیی و نامۆییدا بۆ دروست بووە، بە شێوەیەک ناچارە دروشم بە شێوەی حاجی قادری بدات، بە زەقی و بە ئاشکرایی دەڵێت: میللەتی کوردی چۆن دەبێت بژی؟ دەبێ ئاراستەی فکری چ بێت؟ ئاراستەی شۆڕشەکانی چ بێ؟ میللەتێک کە زمانی خۆی نەزانێت بەڕاستی ناتوانێت بە ئامانج و ئاواتەکانی خۆی بگات، بۆیە نامۆیی و ئاوارەیی لای مامۆستا هەژار تەنیا ئەوە نەبوو لە ژیانێکی ناخۆشی ڕۆژانەدا بێ، بەڵکوو ئەوە لەلای بوو بە فەلسەفە و جیهانبینی. خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە ئەو نووسەرانەی ئێمە لە چەشنی مامۆستا هەژار و مامۆستا هێمن و قزڵجی و زەبیحی، ڕۆشنبیرە دیارەکانی ڕۆژهەڵات، کە ئاوارەییان چەشت، گەورەترین کارەکانییان لە ناخۆشترین دۆخی ژیانیاندا کرد. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێستا بمانەوێ داهێنانی ئەوان لەگەڵ داهێنانی ئێمەمانانێک بخەینە تای تەرازووەوە هەمیشە ئەوان قورسترن، بۆ؟ چونکە ئەوان لە دۆخێکی زۆر ناخۆشی ژێردەستی و کلۆڵیدا ئەو کارە گەورانەیان کردووە. بۆیە من پێم وایە دەبێت هەڵسەنگاندنمان بۆ کارەکانیان بەپێی ئەو بارودۆخە بێ، ئاوارەیی و نامۆیی وای لە مامۆستا هەژار کرد تا دوایین

هەناسـەی خـۆی بـاوەڕی بەوە بـوو دەبێـت کـار بکـات و بـۆ میللەتەکەی بنووسێ.

**پرسـیار:** سـاڵی ١٩٦٣ شـیعرێکی درێـژ بە نـاوی (موکریـان) دەنووسـێت و یـادی نـاوچەی موکریـان دەکـات، ڕاسـتەوخۆ یادەوەری و بیرەوەری دەکاتەوە کە ئەو سەردەمەی کە ئەو لە مەهاباد بووە، شوێنە گشتی و تایبەتییەکانی ئەو کاتە کە هەبووە و لای خەڵک هەبووە و گرنگ بووە، بە شیعر هەمووان دێنێتەوە پێش چاوی خۆی، شارە و شار دەڕوا و باسی دەکات، دەکرێت چۆن خوێندنەوەیەک بۆ ئەم شیعرە بکەین؟

**عەبـدولخالق یەعقـوبی:** ئەو شـاعیرانەی کە زۆر لەگەڵ خۆیـان ڕاستن و لەگەڵ میللەتی خۆیان ڕاستن، ئەگەر بەشێکی گەورەی ژیانیشیان لەباری جوگرافییەوە لە وڵاتی خۆیان دابڕێن، تەنیا لە بـواری جـوگرافییەوە دابـڕاون، لە بـاری زەینـی و ڕۆحیـیەوە نـاتوانن دابـڕێن، ئەو ڕۆحە نۆسـتالۆژیایەی کە داهێنـان لە شاعیرێکدا دروست دەکات هەمیشە لە شاعیرانی گەورەدا هەیە، بە نموونە: نالی، کاتی خۆی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خـۆش مـرور" دەنووسـێت. لە شـیعرەکەدا کـۆڵان بە کـۆڵان و گەڕەک بە گەڕەکـی سـلێمانی بەسـەردەکاتەوە، پرسـیاری ئەوە دەکات ئایا دەرەتانی ئەوە هەیە بگەڕێتەوە بۆ سلێمانی؟ یان نا؟

هەمـان شـیعر و هەسـت لە "نـاڵەی جـودایی"ی هـێمن-دا هەیە. ئەمانە شاعیرانێکن لە دۆخێکدا ژیاون، لە کەشوهەوایەکدا ژیاون، لە وڵاتی خۆیـان دابڕێندراون، بە ناچـاری خـاک و زێدی خۆیـان جێ هێشـتووە، لە واقیعـدا وە دەریـان نـاون، لەبەر ئەوەیە ئەوان بە ڕۆحێکی نۆستالۆژی لەسەر جوگرافیای دەق و کاغەز و وشە بە یارمەتیی کەرەسـەی زمـان وڵاتـی خۆیـان دروسـت دەکەنەوە، بـۆ ئەوەی ئـارامییەک بە ڕۆحـی خۆیـان بـدەن، بـۆ ئەوەی جوگرافیایەکی ئەبەدی لەنێو دەقەکانی خۆیان دروست بکەن، بۆ ئەوەی بە جیهـان بڵـێن ئـێمە لەسـەر خۆشەویسـتیی وڵاتەکەمـان شـاربەدەرکراوین. ئەو خۆشەویسـتییە نامرێـت، بەپـێچەوانەوە، بەردەوام گەشە دەکات. نازانم تا چەند هەژار نیەتمەندانە چاوی لەو شـیعرەی نـالی بووبێـت قوربـانی تـۆزی ڕێگەتـم، بەڵام لە واقیعـدا دووبـارە کـردنەوەی هەمـان حیکـایەتی قوربـانی تـۆزی ڕێگەتـمە، لە هەمـان کاتیشـدا دەیەوێـت لە ڕێـگەی شـیعری "موکریـانە"ەوە بە خـوێنەری کـورد، بە تـاکی کـورد بڵـێ، ناکرێـت ئـێمە خۆشەویسـتیی نیشـتمان لە بیـر بکەیـن، چـونکە ئـێمە پەروەردەی ئەو ئـاووهەوایە بـووین، ئەو ئـاووهەوایە هەر دەبـێ مـوڵکی خۆمـان و مـاڵی خۆمـان بـێ، لەبەر ئەوەیە هەژار زۆر زیرەکانە لەو شیعرەدا وێنایەکی زۆر وردی موکریـان دەکـات، بە

قەولی خۆت دەڵێیت لەو شیعرەیدا تەواوی کۆڵان و باغەکان و شوێن و جێگا دیارەکان باس دەکات، ئەو شوێن و جێگایانەی لە یـــادیەتی، ئەمەش پانۆڕامـــایەکە لە موکریـــان، ئەو شـــیعرە ئـــاوێنەیەکی بـــاڵانوێنی نـــاخی هەژار بـــووە بە نیســـبەت خۆشەویستیی وڵاتەکەی خۆی.

**پرسیار:** دوا قسەی تۆ لەمەڕ هەژار چییە؟

**عەبدولخالق یەعقوبی:** مامۆستا هەژار لە پێشەکیی کتێبی "قانون در طب"، دەڵێت: کاتێک ئەم کتێبەم وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی، مامۆستایەکی بە ڕەچەڵەک و زمان فارس بە تەوسەوە پێی گوتم، منیش دەمتوانی ئەمە تەرجەمە بکەم، بەڵام کاتم نەبوو. مامۆستا هەژاریش شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە دەڵێت: کاتی خۆی کە کریستۆفەر کۆلۆمبسیش ئەمریکای کەشف کرد و گەڕایەوە، پاپۆڕەوانەکانی تریش دەیانگوت، ئێمە کاتمان نەبوو، دەنا دەچووین کەشفمان دەکرد. ئەویش دێ هێلکەیەکیان پێ دەدا، دەڵێت: کێ دەتوانێت ئەو هێلکەیە لەسەر قوون دابنێ و هێلکەکە نەکەوێت. دیارە کەس نایزانێت. کریستۆفەر کۆلۆمبس خۆی دەست دەداتە هێلکەکە و بە حاڵ قونی هێلکەکە دەشکێنێت بێ ئەوەی زەردێنەکەی بڕژێ، ئینجا هێلکە کەمە تەختاییەکەی بۆ دروست دەبێت و لە سەر مێزەکە بەند دەبێت بێ ئەوە بە لادا

بکەویت. هەژار دەڵێت: بەڵێ، ئێوەش دەتانتوانی بەڵام نەتانکرد، واتە بە مێشکتاندا نەهات کە بتوانن بیکەن. ئەوەی هەژار کردی بە درێژایی تەمەنی خۆی ئەوە بوو کە کردی، زۆر کەسی تریش دەیتوانی بەڵام نەیکرد. هەژار بۆ من نموونەی ڕۆشنبیرێکە نەک تەنیا لە نێو مێژووی کورد، بەڵکوو لە نێو مێژووی هەموو ئەدیبان و ڕۆشنبیران و نووسەرانی جیهان، کە بەردەوام بوو، کۆڵی نەدا. ئەو لە ناخۆشترین ساتەکانی ژیانیدا گەورەترین دەستکەوتەکانی خۆی و گەلەکەی تۆمار کرد.

## پوختەی ژیاننامەی عەبدولخالق یەعقوبی

عەبدولخالق یەعقووبی، ساڵی ١٩٩٧ بەکالۆریۆسی لە زمانی ئینگلیزی بەشی ئادابی زانکۆی تەوریز لە ئێران تەواو کردووە. ساڵی ٢٠١٠ ماستەری کۆمەڵناسیی (بە زمانی ئینگلیزی) لە زانکۆی کوردستان-هەولێری لە بەشی کۆمەڵناسی بەدەست هێناوە. لە ساڵی ٢٠٠٨وە مامۆستای یارمەتیدەر بووە لە زانکۆی جیهان، زانکۆی ئیشق، زانکۆی سابیس، زانکۆی نۆلج، زانکۆی نێودەوڵەتیی هەولێر و وانەی میتۆدۆلۆژیی زانستی، کوردۆلۆجی، ڕەخنەی مۆدێرنی گوتووەتەوە.

ئەندامی کارای کۆڕی زانستیی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، ئەندامی کارای یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێرە، بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ئەدەبی، کولتووری، و ڕۆشنبیریی "واتە" بووە لە دەزگای ئاراس، ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری سروە لە ورمێ بووە، ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و ئەندامی ڕێکخراوی پێنی جیهانییە. بوارەکانی نووسینی بریتی بووە لە ڕەخنەی ئەدەبی، نالی ناسی، تیۆریی وەرگێڕان، ئەدەبیاتی پۆست کۆلۆنیالیزم، کولتوور، دیموکراسی، ناسیۆنالیزم، و کۆمەڵی مەدەنی. یەعقووبی

شـارەزایی لە زمانەکـانی فارسـی و ئینگلیـزی هەیە، خـاوەنی ١٥ کتێبی چاپکراو و دەیان وتاری بڵاوکراوەیە، لە دەیان کۆنفرانسی نـــاوخۆیی و نـــزیکەی پێـــنج کۆنفرانســـی نێـــودەوڵەتی بە پێشکەشـکردنی وتـار بە زمـانی کـوردی و ئینگلیـزی بەشـداری کـردووە. ئەم بەرهەمـانەی وەرگێـڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی: (سیپارەی سترانە ئاشقانەکانی ویلیام بلەیک، زمانی کوردی لە ئێران، بنەماکانی تیۆریی ئەدەبی، واتـای ژیان، چلچرای غەزەلە ئاشقانەکانی شێکسپیر، کێ پالۆمینۆ مۆلرۆی کوشت؟، رەخنەی ئەدەبـی و قوتابخانەکـانی، مەکبـێس، مارکسـیزم و رەخـنەی ئەدەبـی، رێبـازی دیکتاتۆرەکـان، تـۆژینەوەی تیـۆریی ئەدەبـی: پێناســەیەکی پوخــت، دەنگــی بلــوورینی دەق) هەروەهــا ئەم بەرهەمەشـی نووسـیوە و ئامـادە کـردووە ( زەمـزەمەی زوڵاڵ، دیالۆگ و داهێنان، لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات).

## دووەم: دیداری ڕەسووڵ سوڵتانی[1]:

**پرسیار**: سەرەتا لەم پرسیارەوە دەست پێ دەکەین، دەکرێ بڵێین شاعیرانی بەشی باشووری کوردستان زیاتر لە ژێر کاریگەری کولتووری عەرەبدایە؟ ئەوەش بڵێین کە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە عەرەب زیاتر سەرسامە بە شیعر، لە بەرانبەردا هەرچی کوردی ڕۆژهەڵاتە زیاتر لە ژێر کاریگەری کولتووری فارسدا بێ، لە نێو کولتووری فارسدا ئەوە مەعلومە کە مەسەلەی هونەر و میوزیک و ئاواز زیاتر زاڵە بەسەریدا، دەکرێت ئەو بەراوردە دروست بێ؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی:** من پێم وایە ئەو کاریگەرییەی کولتووری عەرەب و فارس لەسەر ئەو دوو بەشەی کوردستان مێژینەیەکی زۆر دوورودرێژی نییە، لە سەردەمی نالی و وەفایی و ئەوانەدا ڕاستە کاریگەری ئەدەبی عەرەب بەسەر ئێرانیشدا هەبوو، بەسەر ئەدەبی فارسیشدا هەبوو، سەیری قۆناغێک لە زمانی فارسی بکەیت هەتا سەردەمی فیردەوسی ئەسڵەن مەترسی توانەوە هەبوو لەسەر زمانی فارسی هەتا یەعقوبی لەیسی

(١) ئەم دیدارە لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/١٨ بۆ تەلەفزیۆنی (زار) لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە.

ســـەفاری دێ و بەرپەچیـــان دەداتەوە، ئەو قۆنـــاغە ئەوانـــیش تێپەڕیان کردووە، دەبێت دوو سێ شتمان لە بیر بێت، یەکەم ئەو سیســـتەم سیاســـی و دەســـەڵاتدارییەی کە هەبـــووە، هەروەهـــا نمـــــوونەیەکی دی بهێنیـــــنەوە، لە ڕۆژهەڵاتـــــی کوردســــــتان دەرەبەگەکان، ئاغاکان، ئاستی ڕۆشنبیرییان تا ئەو ئاستە نەبووە کە پشتگیری شاعیر و نووسەر و هۆزانڤانی کورد بکەن، بەڵام ئەوان حەیرانبێـژ و بەیتبێژیـان لە دیوەخـانی خۆیـان ڕاگرتـووە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە لانکەی بەیتی کوردی، سەیدەوان ڕووداوێکە لە چیای مەقلوبی داسنی ڕوو دەدا، بەڵام بەیتەکەی بە دوازدە جۆر گێڕانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت لە موکریان دەگێڕدرێتەوە و دەخەملێندرێت و ئاوازی جۆراوجۆری بۆ دادەنرێت، ئەمە جیاوازییە پەیوەندییە بە جەوهەر و توانـایی تاکەکـان یـاخود شـاعیران نییە، سـەیر بـکە لە خانەقـای شـێخی نەهری‌دا وەفایی و لە خانەقای شێخی بورهان‌دا گەشە دەکەن و پـێ دەگەن، بەڵام ئەوەی کە پەیوەنـدی بە مەســـەلەی زاڵبـوونی کولتـــووری عەرەب و فـــارس‌ەوە هەبێـــت، مـــن پـــێم وایە ئەوە سەردەمی نوێن، ئەوەی کە بە بەرنامە بۆ داڕێژراو بووە، دەنـا سـەردەمی وەفـایی و ئەمـانە کوردسـتان لەبـاری کولتووریشـەوە شقڵ نەشکاو بووە.

**پرسیار:** ئێستا بە وردی دەچینە نێو پرسیارەکانەوە، ئەو زمانە پاراوەی هەژار موکریانی وابەستەگی بە چییەوە هەیە؟ بە گەواهیدانی شارەزایانی ئەدەب و بەتایبەتی خەیام ناسان، ئەو زمانەی هەژار پێی تەرجەمە کردووە، شتێکی ئاسایی نییە، ئەوە پەرجووە! تەنانەت بەشێک دەڵێن ئەگەر خەییام خۆشی شیعرەکانی بە کوردی بنووسیایە ڕەنگە هەر هێندەی هەژار دەرەقەتی بهاتایە.

**ڕەسووڵ سوڵتانی:** دەکرێت بە جۆرێکی دیکەش ئەم پرسیارە بکەین، بۆچی خەییامەکەی هەژار لە چاو تەرجەمەکانی پێش خۆی سەرکەوتووترە، ئێمە چوار یان پێنج دەقی دیکەی کوردیمان هەیە، کە شێخ سەلام و گۆران و جەلادەت بەدرخان و مامۆستا عەونی شیعرەکانی خەییامیان تەرجەمەی سەر زمانی کوردی کردووە، ئەوان زیاتر بە کێشی خۆماڵی و بە بڕگەی هەشت بڕگەی کوردی و ئەوانە تەرجەمەیان کردووە، بەڵام هەژار کە خەییام تەرجەمە دەکات دوو شت دەکات، یەکیان ئەوەیە کە چوارینە کە کێشێکی تایبەتی هەیە دەڵێن لەسەر کێشی لاحول قوة الا بالله، دێ ڕێک کێشی چوارینەکە دەدۆزێتەوە، ئەوە یەکێکە لە ڕەمزەکانی سەرکەوتنی ئەو تەرجەمەیە، ڕەمزی دووەم چییە؟ ڕەمزی دووەم زمانی خەییامە، ئێستا لە ئێران

دەڵێن: سەرکەوتنی محەممەدی قازی لە وەرگێڕانی دۆنکیشۆتدا ئەوەیە زمانی ڕێک ئەو زمانەیە کە دۆنکیشۆت دەبوو پێی بنووسرێت ئەو زمانەی بۆ دۆزیوەتەوە، هەژاریش دەگەڕێت ئەو زمانە بۆ خەییام دەدۆزێتەوە، خەییام باسی چ دەکات؟ باسی حیکمەتی ژیان و مردن دەکات، هەژار دەزانێت حیکمەتی هەر میللەتێک لە ئیدیۆم و پەند و فەلسەفە و بیرکردنە، لە زمانیشدا لە ئیدیۆم و پەند و مەسەلەکانیدا "تا پیاوی هەژار دەگاتە بەغدا دوورە، هەر شتێکی لە مشتە بێنە، نەک نۆ بێ و نەبێت، ئەو دەنگی دەهۆڵە تا لە دوور بێ چاکە"، ئەو دوو ڕەمزە بە ڕەمزی سەرکەوتنی هەژار دادەنرێت، لە زۆر شوێنیشدا زمانی ئەدەبی یان بڵێین سناعاتی ئەدەبی بەڕاستی لە کوردییەکەدا زیاترە لە سناعاتی ئەدەبی فارسییەکە.

**پرسیار**: هەژار پەلی زۆر هاویشتووە لە نووسین و تەرجەمە کردندا، بۆ نموونە یاداشتەکانی ژیانی لە ڕێگەی چێشتی مجێورەوە بەیان کردووە، لە هەمان کاتدا دوو دیوانی ئاڵەکۆک و بۆ کوردستانی بڵاوکردووەتەوە، لە وەرگێڕاندا چوار نامیلکەی دکتۆر عەلی شەریعەتی و مەم و زین و چوارینەی خەییام و دیوانی مەلای جەزیری و شەرەفنامە و مێژووی ئەردەڵان و قانون در طوب -لە حەوت بەرگدا- تەرجەمە کردووە، هەروەها

قورئــانی وەرگێــڕاوە، فەرهەنگــی هەنبــانە بــۆرینەی دانــاوە، مەبەستمە بزانم ئەو هەموو پەلوپۆیەی هەژار ناویەتی وابەستەیە بە چیــیەوە؟ بــۆچی هەژار لە یەک چوارچێــوەدا نــامێنێتەوە؟ دەکرێت بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لە هەژار بڕوانین کە تەنیا لە یەک بواردا کاری نەکردووە؟ یاخود پێویستی ڕۆژگارەکە بووە بەو بەرهەمانەی کە هەژار تەرجەمەی کردووە؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی:** هەژار وەکوو ڕووناکبیرێکی سەردەمی خۆی ئاوڕ دەداتەوە کە ئەو هەموو کەلێن و کولێنە هەیە، ئەو هەموو ژیانی خۆی تەرخان دەکات و لە خۆی ڕادەبینێت ئەم کەلێنانە بگرێت، تەنانەت ئەو ڕەنگە تەنیا لە تەمەنی ڕانەدیتبێت و بە حەسرەتی ئەوە بووبێت کە تەمەنی بەشی ئەوە ناکات کە هەموو کەلێنەکان بگرێت، هەژار ناچار بووە ئەرکی سەرشانی بەشی هەرە زۆری ڕووناکبیران بخــاتە سەرشــانی خــۆی، ئەو ڕووناکبیرانەی کە یان لە سەردەمی ئەودا نەبوون، یان هێندەی ئەو هەستیان بە بەرپرسیاریەتی نەکردووە، یان ئەوەندە بە توانا نەبوون، ئـێمە دەبینیـن لە ســەردەمی ئەودا خەڵکێکی زۆر لە سۆڤیەت دەرسیان دەخوێند، بەڵام ئەو توانایەی ئەویان تێدا نەبوو، کە ئەکادیمیش بوون، هەر ئەودەم فارس دەیخودای هەبووە، موعینی هەبووە، عەمیدی هەبووە، کورد هیچی نەبووە،

ئەو کەلێـنەکە دەبینێـت، لەو لایەوە دەبینێـت هەرچـی مێـژووی کوردە بێگانە نووسیویانە تاقە مێژوویەک کە بە دەستی خۆمان نووسـراوە بە فارسـییە و نەخـراوەتە سـەر زمـانی کـوردی، لەملایەوە دەبینێت بەشی ڕاگەیاندنی کورد زۆر کەمە و ئەگەر بە وتار شتی سیاسی بڵاوبکاتەوە خەڵکی نەخوێندەوارت ئەوەندە زۆرن و زوو ناگاتە ناو خەڵک، ناچار شیعر دەکاتە چەکێک بۆ گەیانـدنی پەیـام و مەبەسـت، مـن پـێم وایە دەگەڕێـتەوە بـۆ هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی هەژار و ناچارە خۆی بە هەموو کەلێنەکاندا بکات و لەوێ بەردێک دانێ و لەوێ بەردێک دانێ، دەنا هەر هەنبانە بۆرینە دەبێت ئینستیوتێکی گەورە و چەندین زمانەوان دانیشـن و پـێکەوە بیکەن، ئەو بە تەنیا ناچار شـانی دەداتەبەر، بەختـەوەرانە توانـایی هەژار خەرمـانی ئـاوا بەپێـز و گەورە پێشکەشـی مـیللەتەکەی دەکـات. هەروەهـا کاتێـک ئـێمە دەقێکی بەرزی هەر میللەتێک وەردەگێڕینە سەر زمانی کوردی جیا لەو خزمەتەی بە زمانەکەمانی دەکەین، ئێمە ئەو پەیامە هەم بە میللەتەکەمـان هەم بە دونیـای دەردەوە دەدەیـن، کە زمـانی منـیش هاوشـانی زمـانی تـۆیە، ئەوە خـاڵێکی زۆر گـرنگە، لە مەسەلەی کەلێنەکانی نێو زمانی کوردی، نموونەیەکی سەربازیت بـۆ دەهێـنمەوە، وەک ئەوە وایە کە پێشـمەرگەیەک بە تەنیـا لە

مەیـــدانێک بـــێ لێـــرە کڵاشـــینکۆفێک، لێـــرە بیکەیســـییەک، لێـــرە ئارپیێچییەک، لێرە تۆپێک بێ، ناچار بێ بە هەمووان تەقە بکات، خێرا تەقەی ئەوە دەکات و ئەم مەیدانە ڕادەگرێ، بە چەکەکانی دیکەش تەقە دەکات و مەیدانەکان ڕادەگرێت و دیسانەوە دەور لـێ دەداتەوە، هەژار ڕێـک وەک ئەو پێشـمەرگەیە بە تـاقی تەنیـا لەو مەیـدانەدا هەسـتی بە بەرپرسـیاریەتی کـردووە، بـۆ ئەوەی مەیدانەکە بپارێزێت.

**پرسیار**: لەبارەی قانون در طوب چ دەڵێیت؟ چونکە ئەم کارە لە نێوان دوو زمانی غەیرە کوردییە.

**ڕەسـووڵ سـوڵتانی:** قـانون در طـوب، ڕەنـگە یەکێـک لە دەگـمەن کارەکان هەژار بێ کە بە پێشنیاز کردبێتی، چونکە هیچ کام لەو کـارانەی دیـکە بە پێنشـیازی ناوەنـدێک یـان شـوێنێک نەکـراون، قـانون در طـوب قۆنـاغێکی ژیـانی هەژارە، کە ئیـدی بەڕاسـتی پێویسـتی بە ژیـان بـووە، پێویسـتی بە نانێـک هەبـووە، بـۆ ئەوەی کارەکانی دیکەی بکات.

**پرسـیار**: شـێواز و فـۆرم و چـۆنیەتی نووسـینی شـیعری هەژار، زیاتر لە شیعری بەرگریدا ناوی دەهێندرێت، هەژار بـۆچی هێنـدە شیعری بەرگری دەنووسێت و جەختی لێ دەکاتەوە؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی:** ئەدەبیات بەرهەمی سەردەمی خۆیەتی، سەیر بکە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی جۆرێک لە ئەدەبیات دێتە دونیاوە، لەدوای جەنگی دووەمی جیهان دیسان جۆرێک لە ئەدەبیات دێتە ئاراوە، خەڵکێک نائومێدن، خەڵکێک لە مۆدێرنە نائومێدن، خەڵکێک لە پۆست مۆدێرنە نائومێدن، ئێمە دەبێت بزانین سەردەمی هەژار چۆنە؟ هەژار لە هەرەتی لاویەتیدا خەونێکی گەورەیان بە ناوی کۆماری کوردستان لێ دەڕوخێت، دێتە باشوور و لەگەڵ شۆڕشێک دەبێت، دیسانەوە شۆڕشەکەی هەرەس دەهێنێت، بەڵام ئەو قۆناغەی ژیانی هەژار هەمووی قۆناغی بەربەرەکانی کوردە لە چوارچێوەی جوگرافیاکەی خۆیدا بۆ ئەوەی نەتوێتەوە، بەردەوام فشاری توانەوە و کوشتاری لەسەرە، ئەویش بە زمانی میللەتەکەی دەبێت هاوار بکات، کاریگەرترین چەکی ئەو هاوارەش بۆ ئەو سەردەم شیعر بووە، لەبەر ئەوە ئاساییە، دەبینین بەشی هەرە زۆری بەرهەمی شیعری هەژار شیعری بەرگرییە، هەرچەند جۆری دیکەی شیعری هەیە و ڕەخنەشی لەسەرە، هەندێک شیعری هەیە دەکرێت بڵێین کە باری ئەدەبییەکەی زۆر لاوازە، بەڵام لەو شوێنانەی کە هەژار ویستوویەتی شاعیر بێ، شاعیری چاکە، سەیری یەکێک لەو شیعرە بەرگرییانەی هەژار بکە، کە لە سەر

ڕووباری ڕاین نووسیویەتی و بەشێک لە نۆستالۆژیای شوێنی تێدایە، یاخود لە شیعری بەرەو موکریان ئەو شوێنەی ڕوو دەکاتە تەرەغە، یان لەو شوێنەدا باسی ئەفسەرەکەی سوپای بەعس دەکات، دەڵێت: "ئەوە کێوی سەفینت پێ دەبەخشم، چیای کورد بۆ دیاری نابێ شاوی، دەمت دەشکێنێ گەر بەردم بجاوی" لە شوێنێک دەڵێت: کە من نەمگرتبا پێشی سەڵیبی، لە نەنکت بپرسە ئێستا دەبوو چی بی؟" بە چاوی دادەداتەوە مێژووی بە چاو دادەداتەوە.

**پرسیار**: دەکرێت بڵێین هەژار لە شیعری بەرگریدا گەیشت بە ترۆپک؟ بۆ وێنە ساڵی ١٩٥٦ لە سووریاوە شیعری سروود دەنووسێت، بیری وەتەن دەکا و وەسفی دەکات، کە دەڵێت:

وەتەن سوێند بە کێواتی سەر بەرزی تۆ
وەتەن سوێند بە داهاتی سەد تەرزی تۆ
وڵات سوێند بە بەفرت بە خۆشی هەوات
بە نەفتت بە ئاوت بە دیجلە و فورات

هەروەها، ساڵی ١٩٥٩ لە مۆسکۆدا، لە شیعری (ڕۆژێکم هەیە) دەڵێت:

هەی لۆلۆیە هەی لێ لێیە
لە کوردستان خۆشتر کوێیە!

**ڕەسووڵ سوڵتانی:** خەمی میللەت و خەمی نیشتمان و خەمی مێژوو، کاکڵ و هەوێنی شیعرەکانی هەژارە. ئەمە بەشێکە لە بیروباوەڕ و لە جیهانبینی هەژار، شیعر نییە هەژار باوەڕی پێ نەبووبێت و نووسیبێتی، سەیر بکە ئەو کاتەی بە ستالین هەڵدەڵێ، ئەو سەردەمە بانگەوازی ئەوە هەبوو ستالین چارەنووسی میللەتی کورد یەکلا دەکاتەوە و میللەتی کورد دەکاتە دەوڵەت، بەڵام دواتر بۆ خۆی دەڵێت: سەردەمێک بە ستالینم دەگوت، ئێستا دەزانم وا نییە، پێی هەڵناڵێم.

**پرسیار:** شیعری پێش ئاوارەبوون و دوای ئاوارەبوونی هەژار موکریانی، تا چەند جیاوازن؟ ئەگەر چەند شیعرێکی دیوانی ئاڵەکۆک و بۆ کوردستان بەراورد بکەین، جیاوازییەکانییان چییە و لە کوێدایە؟ جیاوازی و گۆڕانکارییەکان پەیوەندییان بە چییەوە هەیە؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی:** جیاوازییەکە دوو شتە، یەکەم جیاوازی تەمەنە، دووەم جیاوازی ڕووداوەکانە، لە قۆناغی یەکەمی شاعیریەتی هەژار، قۆناغی ئارام و پڕ لە خۆشی کۆمەڵەی ژێکاف و کۆماری کوردستانە، کە تێیدا قۆناغێکی ئارامە و خەڵک هاندانە و ڕێگا خۆشکردنە بۆ ئەدەبیاتێکی دیکە، لەگەڵ قۆناغی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، ئەو شۆڕشەی لە

کوردستانی باشووریش پەیدا بووبوو نەتیجەکەی بەم جۆرە بوو کە ڕوویانکردە ڕووسیا و ڕوویانکردە مۆسکۆ، بارزانییەکان بە چۆمی ئاراسدا دەپەڕنەوە، ئیتر جموجۆڵەکان کپ بوونەوە، ئیتر ئەو قۆناغە قۆناغێکی دیکەی ژیانی هەژارە، تا دیسانەوە شۆڕش لێرە دەست پێ دەکاتەوە، یانی تا سەردەمی عەبدولکەریم قاسم، لەوێوە دیسان قۆناغێکی نوێی شیعری هەژار دەست پێ دەکات، قۆناغێک لە ژیانی و لە تەمەنی هەژار، هەژار پوختە بووە، هەژار قۆنـاغێکی دیـکەی ژیـانی تـاقیکردووەتەوە، هەژار ئـاوارەیی و دەربەدەرییەکانی بەغدای چێشتووە، کرێکاری بەغدای چێشتووە، سـەیر بـکەن جـوانترین شـیعرەکانی لە سـاڵی ١٩٧٠ بەولاوەیە، یانی پوختەن، لەوێوە ئیدی هەژار پوختەتر دەبێ، هەژار دەبێتە هەژارێکی دیکە، لە زماندا پێگەیووە، لە بیرکردنەوەدا پێگەیووە، هەژارێکی تەواو شۆڕشگێڕ، هەژارێک کە چەکی زمانی یان تیغی زمـانی مـوو دەکـات، لە بـواری شۆڕشـگێڕییەوە نەک لە بـواری شـێخ ڕەزا، هەژار زۆر فـۆرمی شـیعری تـاقیکردووەتەوە، لە غەزەلەوە، لە چـوارینەوە، لە قەتـعەوە، لە مەسـنەوییەوە، لە مەسنەوی زۆر درێژەوە، وەکوو قەسیدە، بەهەرحاڵ ئەو قۆنـاغە قۆنـاغی پێگەیشـتوویی هەژارە، دەبینـین بەرهەمـی زۆر بەپێـز و جوانی هەیە.

**پرسیار**: هەژار موکریانی، لە شیعری (بەرەو موکریان)دا، زۆر بە وردی وێنای کوردستان دەکات و بەم شێوەیە دەست پێ دەکا:

پێم بڵێ باغی مکایل، چۆنی؟
هەر وەکوو پێشوو بە ڕەنگ و بۆنی؟
دیمەنی سەوزە گیا و دارانت
چۆنە؟ چۆن ماوی دەگەڵ یارانت؟
دڵە وا شاری مهابادە وەرەوە
کابەتە، ڕووگەتە، کڕونووشی بەرە
تۆزێ لەو خاکە بەسەر خۆتا کە
تۆزی پیرۆزە لە دنیا چاکە

ئەمە شیعرێکی دوورودرێژی هەژارە، دەکرێت بەشێکی ئەم شیعرە بە چاوێکی شۆڕشگێڕانە ببینین؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی**: شیعری بەرەو موکریانی هەژار چەند بەشێکە، پێویستە پێشەکییەکەی وەکوو یەکێک لەو بەڵگە هەرە بەهێزانە بخەینەڕوو، "شەوە تاریکە کش و ماتە زەوی"، ئەو حەڤدە هەژدە بەیتەی سەرەتاکەی دەتوانین وەکوو بەڵگەیەکی بەهێزی ئەدەبیەتی دەق، بڵێین هەژار ئەگەر ویستبێتی شاعیر بێ، بەڕاستی شاعیری چاک بووە، بەڵام زۆر جار بۆ خۆی پێی خۆش نەبووە ئاوا شاعیر بووە، بەڵام بەشێک لەو شیعرە

جوگرافیا و یادەوەرییەکانی خۆیەتی، بەشێک تێیدا گوتارێکی تەواو شۆڕشگێڕانەیە تۆ سەیر بکە لە کۆتایی بەرەو تەرەغەدا دەڵێت: "تەمی خەم نەگری بڵێی چارە ڕەشم، شۆڕشی کورد هەیە من دوورە بەشم، ئاوەدان دەبنەوە نێو سەنگەری تۆش، دڵ پتەو بە بە هەوای ڕۆژی خۆش، تازە دەکرێتەوە دوژمن کوشتن، ژەنگی سەر دڵ دەسڕێ خوێن ڕشتن" تەمەشای ئەو ورەیەی بەبەر تەرەغەی دەنێ، وەبەر هەموو گەنجی کوردی دەنێ، دەڵێت: شۆڕشی تۆش ئاوەدان دەبێتەوە، شۆڕشی تۆش نسکۆی نەهێناوە، شۆڕشی تۆش پەرەدەگرێتەوە.

**پرسیار**: هەرچەندە قسە لەمەڕ هەژار بکەین تەواو نابێت، لەبەر ئەوەی فرە ڕەهەندە و لە زۆر بابەت نووسیویەتی و بابەتی هەیە، دەرفەتی ئیش کردن و قسەکردن لەسەری زۆرە، لە کۆتاییدا دەپرسم، کاریگەری هێمن بەسەر هەژارەوە هەبووە؟ چونکە نێوی هەژار و هێمن، هەمیشە بەیەکەوە دێ، بە شایەتی یەکدی زۆر یەکدییان خۆشدەویت، تەنانەت لە کاتی مردنی هێمندا هەژار دەڵێت: "بەڕاستی بە مەرگی هێمن خۆم زۆر بە تەنیا دەزانی، بەداخەوەم لە بێ هێمنی من ماوم" ئەوسا هەژار بە شیعر شینگێری بۆ هێمن دەکات و دەڵێت:

کـــــاک هـێمن بـرای شـیرینم
چـــــــاوان دەگێـڕم نـاتبینم
زل کـــــوێران دەڵـێن مـردووە
کـــــۆچی یـــەکجاری کـردووە
دڵـــــــــەی پـڕ کـوڵی هەژارم
گـــــــیانی بێ ئۆقرە و قەرارم
بە مـــــــەرگی تۆ بـاوەڕ ناکـا
چۆن بێ مـنی لە تـوێی خـاکا
تـۆیەک هـــــــۆگری منـداڵیم
هاوشـکڵی و هـاوکرچ و کـاڵیم
هەمـــــــدەمی دەمـانی لاویـم
تـــــــــەواو کـاری نـاتەواویم
(بۆجێـت هێشـتم هـێمن گیـان)

**ڕەسـووڵ سـوڵتانی:** ئەوان کە بەردەوام پـێکەوە بـوون، چـۆن دەکرێـت کاریگەرییـان نەبێـت؟ کاتێـک مـن و کـاک عەبـدولخالق یەعقوبی ڕەنگە بە پێنج شەش مانگ جارێک یەکدی ببینین، زۆر جار بۆچوونەکانی کاک عەبدولخالق کـاریگەری لەسـەر شـێوازی بیرکـردنەوە و شـێوازی نووسـین و شـێوازی دەربـڕینم دەبێـت،

بەتـایبەتی ئەوان کە لە منـداڵییەوە پـێکەوە بـوون، لە بـزۆزی و بەدفەڕییەکـانی سـەردەمی حـوجرەوە تـا قۆنـاغی پیـری، ئێمە لە چەند بواردا دەتوانین ئەو کاریگەرییانە ببینین، یەکەم سەیر بکەن ئەو زمـــان پـــاراوییە تـــا لـــووتکە لە هەردووکیـــان هەیە، بەو جیـاوازییەوە کە هەژار زماننـاس و زمـانزان بـووە، چـونکە ئەو هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە باشی زانیوە و کاریشی پێکردوون، هێمنیش زمـان شـیرینێکی کـورد و شـاعیرێکی ناسـک خەیـــاڵ، ســـەیری ئەو پێشـــەکییە بـــکە کە بـــۆ شـــەرەفنامەی دەنووسـێت، لەوێ کە تەواوی دەکـات و دەیـداتە هـێمن، دەڵێـت: سەیری بکە، گەردەنت ئازاد نەبێت، ئەگەر وەکوو دوژمنێک لێی نەڕوانـــی، یـــانی ئەگەر بە چـــاوێکی ڕەخنەگـــرانەی تەواو نەیخوێنیتەوە و ڕەخنەم لێ نەگریت، لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین ئەوان بەردەوام کامڵ کەرەوەی یەکتر بوون.

**پرسیار**: دوا قسەی تۆ لەمەڕ هەژار چییە؟

**ڕەسووڵ سوڵتانی:** هەژار، هەتا ئێستا و ڕەنگە بۆ داهـاتوویەکی دووریـش چـرای ڕێگەمـان بـێ لە بـواری زمانـدا کە بتـوانین بەردەوام لە ژێر تیشکی ئەو زمانە بەهێزەی ئەودا بنووسین.

## پوختەی ژیاننامەی ڕەسووڵ سوڵتانی

ساڵی ١٩٧٦ لە گوندی حاجیلەکی سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووە، ساڵی ٢٠٠٠ لە زانکۆی پەیامی نووری بۆکان بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی فارسی وەرگرتووە.

ساڵی ٢٠٠٤ پەڕیوەی باشووری کوردستان بووە و لە چاپەمەنی و بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردووە و شەش ساڵێکیش پێشکەشکاری (کورد کەناڵ)ی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە و لە گۆڤارەکانی باشووری کوردستانیشدا وەک (کاروان، رامان، ئاینده، ئایدیا، بیاڤ، چلاواز، وێران، ٢٣، گزینگ، هەڵبوون، راڤە)دا بابەتی بڵاو کردووەتەوە، لە ساڵی ٢٠٠٩وە زمانەوانە لە رۆژنامەی هەولێر، لە ساڵی ٢٠١١ەوە وەک شارەزای زمانەوانی هاوکاری دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانییە. سوڵتانی تا ئێستا ٤٠ کتێبی کردووەتە کوردی، کە ئەم بەرهەمانەن:

(رۆمانی ژان، پێشەوای رابوون، ژن لە فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاوادا، کۆیلەکردنی ژنان، ئێمیلی ژان ژاک رۆسۆ، تاعوونی ئەلبێر کامۆ، دیوی کوێستان –سێ بەرگ–، سەفەر و

ئاسـکۆڵەکەی بەخـتم گـوزەل، سـێبەری هەڵـۆ، لە لینیـنەوە بـۆ پووتین، ئیمپراتۆریی بیزەنتی، کیژانی کابول، ئاغاکانی ئاقچاساز، کۆتـایی سـەدەکانی ناوەراسـت، یـاخی، کەوتـن، ئاسـییە، یەکەم عەشق، لافاوە بەهارییەکان، گاوان، بالوول لە کتێب و هەقایەتاندا، نـان و مـاچ، فیمینیـزم، راوی مەڕەکێـوی، سـەفەر لە ژووری نووسیندا، مێژووی گەمژەیی، پێخواسەکان، مۆرانە، زیارەتی ماچ، ناپلیۆن لە کتێبێکی بێوێنەدا، کۆبەرهەمی ئانتوان چیخۆف –دە بەرگ–) ئەم بەرهەمانەشـی ئامـادەی چـاپن (شـەڕ و ئاشـتیی، لۆلیتا، قەرەجەکەی دەوری ئاگر، بەخێر هـاتی، کتێبی سیاسـەت، دادە شیرین، زستانی بێبەهار)

## سێیەم: دیداری فەرەیدوون حەکیمزادە[1]:

**پرسیار**: سەرەتا لەبارەی کورتەی ژیاننامەی مامۆستا هەژار پرسیار دەکەین، لە دوای لە دایک بوونی و ئەو قۆناغ و سالانەی تێی پەڕاندووە، تا بەشداری کردنی لە کۆماری کوردستان و ئاوارە بوونی بەرەو باشووری کوردستان.

**فەرەیدوون حەکیمزادە:** مامۆستا هەژار لە ٢٦ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی، واتە ساڵی ١٩٢١ی زانینی لە گەڕەکی خرێ لەدایکبووە، ئەو کاتەی شەڕی هۆزی شکاک لە سابڵاغ بووە، ساڵی ١٩٢٣ سەییزادە فاتمی سارەوانان کۆچی دوایی کردووە، ساڵی ١٩٢٤ دەدرێت بە دایان، ساڵی ١٩٢٥ خات شەرافەت و خات روقیە لە سارەوانان شیری دەدەنێ، باوکی کچی قازی سەردەشت واتە خات مریەم دێنێ، ساڵی ١٩٢٦ لە لای باوکی دەست دەکات بە خوێندنی قورئان و زێنەبی خوشکی لە ٢٥ی ڕەشەمەی ئەو ساڵە لە دایک بووە، ساڵی ١٩٢٧ دەیبەنە لای مەلا ڕەحمان بۆ خوێندن، ساڵی ١٩٢٩ قازی محەممەد بووبوو بە سەرۆکی معارفی ساوجبلاغی موکری، ئەو ساڵە

---

(١) ئەم دیدارە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/١١/٣٠ لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجامدراوە.

میـرزا عەبـدوڵڵای شـەرەفکەندی لە دایـک دەبێـت، سـاڵی ١٩٣٢ دەچێـتە مزگەوتـی عەببـاس ئاغـای سـابڵاغ دەبێـتە فەقێـی مەلا سـەعید، سـاڵی ١٩٣٣ لەگەڵ خودالێخۆشـبوو عەبـدولڕەحمان زەبیحی ئاشنا دەبێت، ساڵی ١٩٣٤ دەچێتەوە خانەقا و دەست دەکات بە خوێندن، ساڵی ١٩٣٥ بوستان و تەسریفی زنجانی و نمـوذجی خوێنـدووە، دوایـی دەچێـتە گونـدی پەسـوێ و لە دیواخـانی قەرەنـی ئاغـای مـامەش دەمێنێـتەوە، سـاڵی ١٩٣٦ ئەو ساڵە سێڵاوێکی بەتەوژم شاری مەهاباد دەگرێتەوە و هەژاریش لە گونـد ڕا دەگەڕێـتەوە مەهابـاد و دەبێـتە فەقێـی مەلا حوسـێن مەجدی، ساڵی ١٩٣٧ دەچێتەوە خانەقا بۆ جاری دووەم، دوایی دەچێتە گوندی وشتەپە و سیوتی لەوێ خوێندووە، ساڵی ١٩٣٨ مەلا محەممەدە بۆرە باوکی مامۆستا هەژار کۆچی دوایی دەکات و لە خانەقـا نێـژراوە، سـاڵی ١٩٣٩ لە تەرەغە دەبێـت، دەسـت لە خوێندن هەڵدەگرێت و سێ منداڵ و زڕدایکی بەسەردا مابووەوە، چێـوداری دەکـرد، سـاڵی ١٩٤٠ لەگەڵ سـەییزادە ئایشـێ کچـی سـەیید قـادری بوغـدەداغی زەماوەنـد دەکـات. کـوڕێکی بـوو کە دوایـی ٥ مانگـان مـردووە، سـاڵی ١٩٤١ ژنەکەی نەخۆشـی گراناتـای لە هەژار دەگرێتەوە و بەو نەخۆشییە دەمرێت، سـاڵی ١٩٤٢ ماڵی چووەتە بۆکان لەبەر خوێندنی براکانی، ساڵی ١٩٤٣

له مانگی خەزەڵوەری ئەو ساڵە لە پەیمانی سێ سنوور بەشداری دەکات، هەروەها لە گۆڤاری نیشتمان شیعر بڵاو دەکاتەوە، ساڵی ١٩٤٤ ئەندام بووە لە کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک)دا بە ناوی (ع. هەژار. ئەندامی ژمارە ٢٠)، ساڵی ١٩٤٥ بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکرات لە مەهاباد دەکات، بە نوێنەرایەتی شاری بۆکان، هەروەها دیوانی شیعری ئاڵەکۆک چاپ دەکات.

**پرسیار**: قۆناغی دواتری هەژار موکریانی لە دوای ئاوارە بوونی چۆن دەبێت و چی دەکات؟ تا ئەو کاتەی دەچێتە پاڵ شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی؟

**فەرەیدوون حەکیمزادە:** مامۆستا هەژار موکریانی ساڵی ١٩٤٦ و دوای هەرەس هێنانی کۆماری کوردستان، پەڕیوەی باشووری کوردستان دەبێت، لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٧ دەچێتە بەغدا، ساڵی ١٩٤٨ تووشی نەخۆشی سیل دەبێت و بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی دەچێتە لوبنان، ساڵی ١٩٤٩ لە ئاسایشگای بەحنەس دەبێت بۆ ماوەی ٢ ساڵ، ساڵی ١٩٥٠ دەگەڕێتەوە شاری بەغدا و دەست دەکات بە وێنەگری گەڕۆکی، ساڵی ١٩٥١ و ١٩٥٢ لە بەغدا بووە، ساڵی ١٩٥٣ دەچێتە فیستیڤاڵی لاوانی جیهان لە بوخاریستی پایتەختی وڵاتی ڕۆمانیا، ساڵی ١٩٥٤ لە

بەغدا بووە و منداڵێکیان دەبێ ناوی دەنێن مستەفا (ئاگری)، ساڵی ١٩٥٥ لە بەغدا بووە، ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدا بووە و لە دەست پۆلیسی بەغدا ڕا دەکات و لە گوندی ترپەسپی دەگیرسێتەوە. لە ١٩٥٦/٧/١٠ لە سووریا بووە تا سێ ساڵ لەوێ ماوەتەوە، ساڵی ١٩٥٧ دەچێتە مۆسکۆ، لە ١٩٥٧/٧/٢٥ کتێبی بەیتی سەرەمەڕ لە سووریا چاپ دەکات، ساڵی ١٩٥٨ لە سووریا بووە، لە ١٩٥٨/١٠/١٠ چووەتەوە بەغدا. لە ١٩٥٨/١١/١٤ دەچێتە وڵاتی میسر و دواتر لە ١٩٥٨/١٢/١٠ بۆ مۆسکۆ دەچێت و ئەو ساڵە زاگرۆسی کوڕی دێتە دونیا، ساڵی ١٩٥٩ تا مانگی ١٠/١٠/ ١٩٥٩ لە مۆسکۆ دەبێت، ساڵی ١٩٦٠ لە بەغدا بووە و کتێبی مەم و زین و روباعیاتی حەکیم عومەر خەییامی لە بەغدا چاپ کردووە، ساڵی ١٩٦١ لە بەغدا کاری نهێنی دەکات، ساڵی ١٩٦٢ کاری نهێنی دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم دەکات، ساڵی ١٩٦٣ دوای تیرۆری عەبدولکەریم قاسم لە ئیستگەی ڕادیۆ دەچێتە پاڵ شۆڕشی بارزانی.

**پرسیار**: قۆناغەکانی دوای چوونە پاڵ شۆڕشی ئەیلوول هەژار لە کوێ دەبێت و کاری چی دەبێت؟

**فەرەیدوون حەکیمزادە:** بە باشی دەزانم بەگوێرەی ساڵ و کارەکانی باسی بکەم، کەم بەم شێوەیەیە، ساڵی ١٩٦٤ لە

ئەشکەوتی چیای برادۆست بووە، ساڵی ١٩٦٥ لە هەڵشۆ دەبێت و بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساواک لە ١٣٤٤/٧/٢٦ هەتاوی هەژار ئەندامی کۆمیتە مەرکەزییە لەگەڵ سەدیق ئەنجیری ئازەر، ئەحمەد تۆفیق، سلێمان موعینی، ئەمیر قازی، مەلا سەیید ڕەشید، مەلا ڕەحیم مەنیجەلان، مانگی ئایاری ئەو ساڵە دەچێتە نێو گرووپێکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی ڕادیۆی شۆڕش، ئەو ساڵە خانی کوڕی دێتە دونیا، هەروەها دیوانی شیعری بۆ کوردستان چاپ دەکات، ساڵی ١٩٦٦ لە پشتی وڵاش لە ڕادیۆی شۆڕش کار دەکات، ساڵی ١٩٦٧ سەرپەرشتی چاپخانەی شۆڕش بووە، ساڵی ١٩٦٨ سەرپەرشتی چاپخانەی شۆڕش بووە، دوای ٢٣ ساڵ دووری لە مامۆستا هێمن، دیسان یەکتری دەبیننەوە، دواتر نەخۆش دەکەوێت.

**پرسیار**: کە نەخۆش دەکەوێت دەچێتە کوێ و قۆناغەکانی دواتری هەژار موکریانی لە کوێ و چۆن دەبێت؟

**فەرەیدوون حەکیمزادە:** ساڵی ١٩٦٩ لە لوبنان لە نەخۆشخانە دەکەوێتە ژێر چاودێری پزیشکی، ساڵی ١٩٧٠ لە لوبنان بووە، بۆ ماوەیەکی دی لە ساڵی ١٩٧١ لە لوبنان دەمێنێتەوە، دواتر هەر ئەو ساڵە دەچێتەوە بەغدا و دەبێتە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری لە بەغدا، ساڵی ١٩٧٢ ماڵ و منداڵی هەژار لە بەغدا

دەردەکـرێن، سـاڵی ١٩٧٣ لەسـەر دەعـوەتی کـۆڕی زانیـاری سۆڤیەت دەچێتە مۆسکۆ، هەروەها کتێبی شـەرەفنامە لە نەجەف چاپ دەکرێت و کتێبی هۆزی لەبیر کراوی گاوان، کە بەرهەمێکی تەرجەمە کراوە لە بەغدا چاپ دەبێت، ساڵی ١٩٧٤ ماڵ و منداڵی دەنێرێتەوە سابڵاغ، سـاڵی ١٩٧٥ دەگەڕێتەوە ئێران و لە شـاری کەرەج نیشتەجێ دەبێت، ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ ڕادیۆی تەلەڤزیۆنی میللـی ئێـران هاوکـاری دەکـات، سـاڵی ١٩٧٧ بە پێـی ڕاپـۆرتی سـازمانی ئەمنیەتـی ئێـران (سـاواک) لە ڕێکەوتـی ١٣٥٦/٨/٧هــ گوتـوویەتی کە تەمەنـێکم تـێ پەڕانـد تـازە زانیـومە کە ژیـانم بە فیڕۆ چووە، ساڵی ١٩٧٨ لە کەرەج بووە، سـاڵی ١٩٧٩ بە بۆنەی کـۆچی دوایـی خوداڵێخۆشـبوو مەلا مسـتەفا بـارزانی لە شـاری شنۆ شیعر دەخوێنێتەوە، هەروەها کتێبی تەرجەمە کـراوی ئـاریێ برا! وا ڕابرا، یەک لە پەنـای خـاڵ و سیفری بێ بڕانەوەی عەلـی شـەریعەتی لە تـاران چـاپ دەبێـت، سـاڵی ١٩٨٠ کتێبـی عیرفـان، بەرامبەری، ئـازادی دایە بـاوە کـێ خـراوە لە تـاران چـاپ بـووە، سـاڵی ١٩٨١ کتێبی شـەرەفنامە بۆ جـاری دووەم لە تـاران چـاپ دەکرێـت، سـاڵی ١٣٦٢ وەرگێڕانـی کتێبـی پێـنج ئەنگوسـت دەبـنە یەک مسـت چـاپ کـراوە، سـاڵی ١٩٨٦ کـۆچی دوایـی خوداڵێخۆشبوو مامۆستا هـێمن بـووە و شـیوەنێکی بە شـیعر بۆ

مەرگی هێمن نووسیووە، هەمان ساڵ بۆ ماوەی ٥٠ ڕۆژ دەچێتە وڵاتی فەرەنسا و ئینستیتیوی کورد لە پاریس بەسەر دەکاتەوە، ساڵی ١٩٨٨ دیوانی شیعری بۆ کوردستان بۆ جاری چوارەم لە سوید چاپ دەکرێت، ساڵی ١٩٨٩ بۆ جاری دووەم کتێبی مەم و زینی لە پاریس چاپ کراوە، هەروەها بەرگی یەکەمی کتێبی هەنبانە بۆرینەی چاپ کراوە، ساڵی ١٩٩٠ و سەری ساڵی زایینی ئەو ساڵە شاری کۆڵن دەبێت و بەشداری لە کۆڕی جێژنی سەری ساڵ دەکات، دواجار لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩٩١/٢/٢٠ی زایینی لە نەخۆشخانەیەکی تاران کۆچی دوایی کرد، هەڵبەت لە کتێبی هەژار لە لووتکەدا کە من گردوکۆیم کردووە، بەرهەمی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی، سیاسی و فەرهەنگی مامۆستا هەژاری تێدایە، وردەکاری تەواوت لەمەڕ سەرجەم قۆناغە مێژوویی و گرنگەکانی ناوبراوی تێدایە، هەروەها تەواوی وتار و بەرهەمە ڕۆژنامەییەکانی و ئەو دیدارانەی تێدایە کە کاتی خۆی لەگەڵ مامۆستا هەژار ئەنجام دراون.

**پرسیار**: کتێبی هەژار لە لووتکەدا، کە لە ئامادەکردن و کۆکردنەوەی بەڕێزتانە، کارێکی گرنگ و بەپێزە، لەمەڕ بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار، لەگەڵ باسکردنێکی کورتی ئەم

کتێبە، پێمان بڵێ: چ هۆکارێک وای لە بەڕێزتان کرد کە ئەم کارە بکەن؟

**فەرەیــدوون حەکـیمزادە:** هەژار لە زەمەنێکـدا هـاتە گۆڕەپـانی ئەدەب و وێـژەی فەرهەنگی کوردی، کە بـارودۆخی سیاسـی و کوردایەتی لە حاڵی باڵاکردن دابوو و هەر ئەو حاڵوهەوا خۆش و دڵگرەش ئەوی کردە هەژار، شـاعیری میللی، شـاعیری میللی ئەویـش تەنیـا بە یەک قسـەی میـر جەعـفەر بـاقرۆف، کاتێـک خودالێخۆشـبوو قـازی محەمـمەد و شـاندی یـاوەری بـۆ جـاری دووەم دەچنە باکۆ، ئەوان لە هونەرمەندان و شـاعیران دەگەڕێن و داوای ئەوان دەکەن، چـۆن بە گـوتەی میـر جەعـفەر میللەتـی رووس زۆر هونەرمەنــد و شــاعیریان خــۆش دەوێــت. دوای گەڕانەوە قـازی محەمـمەد مامۆسـتا هـێمن و هەژار بە شـاعیری میللی نـاو دەبـات، دیـارە کە مامۆسـتا هەژار لە مـاوەی تەمەنیدا زۆر وتــار و بــابەتی لە ڕۆژنــامە و گۆڤارەکـانی ئەو ســەردەم نووســیوە و بڵاوکــردووەتەوە، لە ئێســتادا وەکــوو پێویســت بابەتەکانی بەردەست نەبوون، چون گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەم بە ئاسانی بەردەست نەدەکەوتن، لەبەر ئەوە بیرم لەوە کـردەوە کە کارێـک بـۆ تەواوی بەرهەمەکـانی مامۆسـتا هەژار بـکەم، کە بەرهەمــی ژیــان و تێکۆشــانی ئەدەبــی و سیاســی و

فەرهەنگی تێدا بێت، تەبعەن ئەم کارەش هەروا سانا نەبوو، بەڵام دواجـار خۆشـبەختانە تـوانیم سـەرجەم بەرهەمەکـانی مامۆسـتا هەژار و کۆمەڵێک زانیاری دیکە لە ڕێی وتووێژەوە لەگەڵ کەسە نزیکەکانیدا لەو کتێبەدا جێ بکەمەوە، بۆ زانیـاری لەسـەر ژیـانی مامۆستا هەژار سەرچاوەی سەرەکی کتێبی چێشتی مجێور بەس بـوو، بەڵام بـۆ ئەوەی زانیارییەکـان دووپـاتە نەبـنەوە، کۆمەڵێک چـاوپێکەوتنم، مامۆسـتا هەژار لە سـەفەرێک کە بـۆ ڕووسـیای کردبـــوو، لە مـــاڵی پرۆفیســـۆر ســـەیید کەریـــم ئەیـــووبی سەرگوزەشـتەی خـۆی دەنووسـێت و جەنـابی پرۆفیسـۆر کەریـم ئەیووبیش لە کتێبی کورد سکێی دیالێکت موکری، دکتور سـەیید عەبدولکەریم ئەیوبی و ئی. ا. سمیرنۆڤا، دەزگای ناوک، لینینگـراد ١٩٦٨دا بە زمانی لاتینی- سۆرانی دەیهێنێتەوە. بەڵام سانسـۆری ڕووس ئەو بەشەی پەیوەندی بە حکومەتی کوردستان لە ساڵانی ١٩٤٥ و ١٩٤٦ی زایینـی هەبـووە، دەقرتێنێـت. بەهەرحـاڵ دیـارە کتێبەکە ئەم باسانەی لە خۆگرتووە: (ژیاننـامەی مامۆسـتا هەژار، وەسـیەتنامەی هەژار، لەمەڕ ژیـان و بەسـەرهاتی هەژار بـوێژی کــورد، هەژار و کۆمــاری کوردســتان، هەژار و پەیمــانی ســێ سـنوور، گۆڤـاری نیشـتمان، ڕۆژنـامەی کوردسـتان، ڕادیـۆی کوردســـتان و مامۆســـتا هەژار). هاوشـــانی ئەم باســـانەی لە

پێشەکیدا هەیە، سەرجەم وتارەکانی مامۆستا هەژار کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردووەتەوە جارێکی دیکە لە کتێبەکەی دابنێمەوە، کە ئەم ٢٤ وتارانەن: (جێژنی ٢٨ ساڵەی هورودی سور، لە کوێی ببەستمەوە؟، تفی سەر بەرەوژور، ئیستیقلالی کوردستان، میتینگی گەورەی دە هەزار نەفەری لە شاری مەهاباد، لەگەڵ یەکییەتی حیزبەکان گاڵتە مەکەن، گەزی چی و جاوی چی؟، وشەی کەڵهوور، خزمەتی کوردان بە ئایینی ئیسلام، کتێبمان چۆن چاک دەبێت، خوشک و برایانی خۆشەویستی کوردم، نەوا سوێر و نەوا بێ خوێ، بۆچی مردوو لینگی درێژ دەبێتەوە، حاڵیی عەرزم بووی؟!، مناڵانمان هان بدەن، کورد و سەربەخۆیی زمان و ئەحمەد تۆفیق، یادی مامۆستا سەجادی، بێگانەپەرستی، یادی بابامەڕدۆخی رۆحانی، مەستوورەی ئەردەڵان، من و شیعر، موناجات، هەژار هێمنەکەی جاران). دواتر ئەو وتارانەی سەبارەت بە مامۆستا هەژار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسراوە لە کتێبەکە دامناوە، کە ئەم ١٢ وتارەن: (هێمن و هەژار لە ڕۆژنامەی ئازەربایجاندا، هەژار و دەسپێک و دەقێکی هەرە کۆن!، شاعیری میللی و بەناوبانگی کورد-هەژار، ئەدەبی کوردی سەر بەرەوژێرو دەڕوا، ئەدەبی کوردی، هەژار ڕاست ئەکا یان خەمگین؟، چۆن لە فەرهەنگ بەهرە ئەبەین؟،

هەژاری موکریانی شایەری دەرباری بارزانی، مامۆستا هەژار لە دوایـن کاتەکـانی ژیانیـدا، قورئـانی پیـرۆزی مامۆسـتا هەژار و زمانی کوردی، شکانی ئاوێنەیەک و ڕوونبوونەوەی مێژوویەک، ڕۆژنـامەی کوردسـتان-ژمـارە ١٠١- ٢٦ی خەزەڵـوەری ١٣٢٥ی هەتاوی. هەروەها نۆ وتوویژ لەگەڵ مامۆستا هەژار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکراوەنەتەوە، ئەمانەشـم دانـاوە. دواتـر ئەو ٢٥ نامـانەم دانـاوە و کە کـاتی خـۆی لەگەڵ مامۆسـتا هەژار لەلایەن کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەوە لەگەڵـی ئـاڵوگۆڕ کراوە، لەوانە: (نـامەی خودالێخۆشـبوو شـێخ ڕەوف نەقشـبەندی بـۆ مامۆسـتا هەژار، نـامەی مامۆسـتا مەلا عەبـدوڵڵا ئەحمەدیـان بـۆ مامۆسـتا هەژار). دوای ئەم باسـانە، باسـمان لە ١٩ کتێـبە چاپکراوەکـانی مامۆسـتا هەژار کـردووە، کە ئەم بەرهەمـانەن: (ئـاڵەکۆک، بەیتـی سەرەمەڕ، مەم و زینی خانی، روباعیاتی حەکیم عومەر خەییام، بۆ کوردستان، شـەرحی دیوانی شیعری شـێخ ئەحـمەد جەزیـری بە کوردی سۆرانی، شـەرەفنامە، هۆزی لەبیرکراوی گاوان، قانون در طوب، ئاریێ بـرا! وار ڕابرا!، دایە بـاوە کێ خـراوە؟، عیرفـان-بەرامـبەری- ئـازادی، یەک لە پەنـای خـاڵ و سـفری بێ بـڕانەوە، پێـنج ئەنگوسـت دەبـنە یەک مسـت، اثـار الـبلاد و اخبـار العبـاد، وەرگێڕانـی قورئـانی پیـرۆز، مێـژووی ئەردەڵان، هەنبـانە بـۆرینە،

چێشتی مجێور). هاوکات، ئەو پێشەکییانە کە مامۆستا هەژار بۆ کتێبەکانی خۆی و کتێبی نووسەرانی دیکەی نووسیوە، دامناوە، کە ٢٧ پێشەکییە، کە ئەمانەن: (پێشەکی لە سەر مەم و زینی خانی، پێشەکی لە سەر چوارینەکانی خەییام ١، پێشەکی لە سەر چوارینەکانی خەییام ٢، پێشەکی لە سەر بۆ کوردستان، پێشەکی لە سەر شەرەفنامە، ناونامە بۆ کتێبی ئاریَ برا، وا ڕابرا، پێشەکی لە سەر دایە باوە کیَ خراوە؟، پێشەکی لە سەر یەک لە پەنای خاڵ و سیفری بیَ بڕانەوە، پێشەکی لە سەر عیرفان- بەرامبەری- ئازادی، پێشەکی لە سەر دیوانی مەلای جەزیری، پێشەکی لە سەر مێژووی ئەردەڵان، پێشەکی لە سەر قانون در طوب، یادداشت مترجم، پێشەکی لە سەر هەنبانە بۆرینە، پێشەکی بۆ چێشتی مجێور، لە ناو دێڕەکانی چێشتی مجێوردا، پێشەکی هەژار بۆ کتێبی سیلسیلەی نەخشبەندییەی ڕەحمان میسباح، پێشەکی هەژار بۆ کتێبی دیوانی سەیفولقوزات، پێشەکی هەژار بۆ دیوانی چەپکە گوڵی شامی کرماشاهی، پێشەکی هەژار بۆ دیوانی دیاری مەهابادی مەلا غەفووری دەباغی، تەقریزی مامۆستا هەژار لە سەر دیوانی ئاوات، پێشەکی هەژار بۆ کتێبی کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستدا، پێشەکی هەژار بۆ کتێبی اداب و رسوم کردان، پاش وتاری مامۆستا هەژار بۆ کتێبی اداب و

رسـوم کـردان، تەقریـزی مامۆسـتا هەژار لە سـەر کتێبـی حـدیقە سـلطانی، بـڕە ئامۆژگـارییەک). لە کۆتاییـدا ئەلبـوومی وێنەکـان دانراوە.

**پرسـیار**: لە کتێبەکەدا قۆناغبەنـدیت بـۆ ژیـانی هەژار موکریـانی کردووە؟

**فەرەیـدوون حەکـیمزادە:** بەڵـێ، بەدڵنیـاییەوە، چـونکە ژیـانی مامۆستا هەژار بەسەر سێ قۆناغ دابەش دەبێت، قۆنـاغی یەکەم، قۆنـاغی ئەدەبییـە، بە وتەیەک نووسـینی شـیعر و نووسـراوە لە گۆڤارەکـانی سـاڵانی ١٣٢٢-١٣٢٥ی هەتـاوی و ١٩٤٣-١٩٤٦ی زایینـی تـا دوایـی، قۆنـاغی دووەم، قۆنـاغی ژیـانی چـوونە نـاو دونیـای سیاسـی بە چەشـنی جیـدی و جێگیـر بـوون لە ڕیـزی خەبات و بەرخۆدانی برایانی باشووری کوردستان و هـاوڕێیەتی لەگەڵ خوداليێخۆشـبوو مەلا مسـتەفا بـارزانی. قۆنـاغی سـێیەم لە ژیـانی مامۆسـتا هەژار، دەگەڕێـتەوە سـەر فەرهەنـگ و ئیشـی فەرهەنگـی لە سـاڵانی ١٣٥٤ی هەتـاوی و ١٩٧٥ی زایینـی بە ماوەی ١٥ ساڵ، کە باشـترین بەرهەمیش دەتـوانین بڵێین ئی ئەو قۆناغەن.

**پوختەی ژیاننامەی فەرەیدوون حەکیمزادە**

فەرەیدوون حەکیمزادە، کوڕی عەبدوڵڵا ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی کوروش لە شاری سەردەشت تەواو کردووە، ماوەی ٣ ساڵی دوایی لە قوتابخانەی ناوەندی ١٤ی سەرماوەز دەرسی خوێندووە، دواتر لە قوتابخانەی دواناوەندی ئازادی لە ڕشتەی "عولوومی تەجروبی" درێژە بە خوێندن دەدات و بە هۆی تۆپبارانی شاری سەردەشت دبلۆمی لە شاری مەهاباد وەرگرت، ساڵی ١٩٩٠ بۆ بەشی مامۆستایەتی وەرگیراوە و هەر ئەو ساڵەش بۆ درێژەدان بە خوێندن چووەتە شاری ورمێ و فەوقی دبلۆمی تەربیەتی تەواو کردووە و پاشان لە ساڵی ١٩٩٩ توانی لە مەرکەزی عەلامەمە تەربیەت موعەلیم تەباتەبایی شاری ورمێ درێژە بە خوێندن بدات و لیسانسی "عولوومی تەربیەتی" وەرگرێت. چالاکی هونەریی خۆی لە ساڵی ١٩٩١ دەست پێ کردووە، یەکەم مەقالەی لە ساڵی ١٩٩٤دا بە نێوی "سینەما لە سەردەشت" لە گۆڤاری سروەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەگەڵ گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان هاوکاری دەکات و زیاتر لە ١٠٠ وتـــاری لە گۆڤارەکـــانی ڕامـــان و ســـروە و ئـــاڵەکۆک و پووشپەڕ و دەنگی ئاشنا و از سردشت تا ناکازاکی کە خۆیان سەردبیر بوون و حەوتەنامەی پەیامی کوردستان لە مەهاباد و ڕۆژنامەکانی ئاوییەر و سیروان و دەنگی زەمان بڵاو کراوەتەوە. بەرپرسی بەشی کۆنە نیشتمانی گۆڤاری مەهابادە، لەو گۆڤارەدا وێنەی ئەو کەسایەتییانەی کاری سیاسی یان کۆمەڵایەتییان کـــردووە یـــان ئەو وێنـــانەی پێشـــاندەری دابـــونەریتی خەڵکـــی کوردستانن یان ئەوەی کە وێنەکە ڕووداوێکی مێژوویی ناوچەکە ڕادەگەیەنێت چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. سەرنووسەری گۆڤاری ئاڵەکۆک کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەدەبی تایبەت بە منداڵانی کورد بوو کە بەداخەوە بەهۆی کێشەی ماڵی داخرا. بـۆ زانیـاری زیـاتر گۆڤـاری ئـاڵەکۆک سـاڵی ١٣٨٥ی هەتـاوی هـــاوڕێ لەگەڵ کـــاک یووســـفی فـــازلی و هەروەهـــا یـــارمەتی ئینتشـــاراتی ڕەهـــڕەوی مەهابـاد تـوانرا ١٧ مانـگ چـاپ و بـڵاو بکرێتەوە. هەروەها ئەندامی ئەنجوومەنی شارەکانی سەردەشت و مەهاباد بووە.

تـا ئێسـتا ئەم کتێبـانەی بڵاوکـردووەتەوە: (درک و دالـی ئەلجەزایر- نووسینی: مستەفا ئەبولقاسمی، وەرگێڕان، سردشت در آیینـەی اسـناد تـاریخی، سـاوجبلاغ مکـری (تـاریخ تحـولات اجتماعی، سیاسی، فرهنگی مهاباد به روایت اسناد)، ناوی جوانی کوردی، هەژار لە لووتکەدا (بەرهەمی ژیان و تێکۆشانی ئەدەبی، سیاسـی و فەرهەنگی مامۆستا هەژار)، بەرهەمەکانم (بەرهەمی ٢٤ سـاڵ ژیـانی فەرهەنگـیم)). هەروەهـا کتێبێکـی لەمەڕ عەبـدولڕەحمانی زەبیحـی بە ناونیشـانی (زەبیحـی نووسـەرێکی گۆڕ غەریب) ئامادەی چاپکردنە.

**چوارەم: دیداری حەیدەر عەبدوڵڵا[1]:**

**پرسیار**: بەر لە هەژار موکریانی چەند مەلایەک قورئانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئایا چ پێویستی دەکرد هەژاریش هەمان کار دووبارە بکاتەوە؟ بە بۆچوونی تۆ سوودی ئەو تەرجەمەیە لە چی دایە؟

**حەیدەر عەبدوڵڵا:** هەژار قەڵەمێکی حەوت ڕەنگ بووە، غەدرە ئەگەر تەنێ بەسەر یەک لایەن دای ببڕین. ئەو بەر لە هەموو شتێک لە زمانی کوردیدا بلیمەت و لێزان بووە، بۆ ئەوەی خزمەت بە زمانەکەی بکات، پەنای بۆ وەرگێڕان بردووە، چونکە وەک "ئیبن موقەففەع"ی عەرەب زانیویەتی لە پانی وەرگێڕان دەتوانێت زمانی کوردی بخەملێنێت. وەک ئاشکرایە قورئان لە ڕەوانبێژیی زمانی عەرەبیدا لە پۆپە دایە، هەژار ویستوویەتی بە وەرگێڕانی لەگەڵ زمانی کوردیدا بەراوردی بکات و سەجع و مۆسیقا و ئاوازی ناو قورئان بەوپەڕی ڕوونبێژی و ڕەوانبێژی بگوازێتەوە. ڕاستە پێشتر شێخی خاڵ و مامۆستای مودەڕیس و مەلای گەورە و چەندانی دیکە تەفسیری قورئانیان کردووە،

---

(١) ئەم دیدارە لە ژمارە دووی گۆڤاری (وانەر)، لە بەهاری ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.

بەڵام ئەوەی هەژار تەرجەمەیە و تەفسیر نییە، جگە لە شێخی خاڵ، هیچیان وەک هەژار لە تەرجەمەی قورئاندا بایەخیان بە زمان نەداوە و وەها نەچۆڕاونەتەوە ناو وشە و ڕستە و ئیدیۆمی کوردی. ئەمن وەک هەموو کتێبەکانی دیکەی هەژار، تەرجەمەی قورئانەکەیشم خوێندەوە، ڕاستی پێم وایە هەژار تا ڕادەیەکی زۆر لەم کارەیشی سەرکەوتوو بووە، سەدان وشەی نەبیستراوی لە تەرجەمەکەدا بەکارهێناوە، لە هەندێک شوێنیش وەک سەجعە قورئانییەکە هێناویەتی، تۆ بڕوانە سوورەتی عادیات:

**"وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا"**

"بەو چارەوای بە لینگدانێ دەنرکێنن".

**"فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا"**

"بەوانەش ژێری پایان ئاورینگ دێنن".

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هەژار دەبوو بەر لە چاپبوونی، نیشانی چەند کەسێکی پسپۆڕی بدات و پەلەی نەکردبایە. من لێرەدا چەند سەرنجێک لە سوورەتی بەقەرە دەخەمە ڕوو، وەک مشتێک لە خەروارێک:

یەکەم: لە ئایەتی حەوتی سوورەتی بەقەرە لە وەرگێڕانی: (عذاب عظیم) دەنووسێت: "ئازاری بە ژان". ڕوونە بە ژان بۆ (الیم) دێت، نەک (عظیم)، ئازاری بە ژان بۆ: (عذاب الیم) دروست و تەواوە.
دووەم: لە ئایەتی: (٣٠) وشەی "بریکار"ی بۆ (خلیفە) دەکار هێناوە. ڕاستییەکەی بریکار بۆ (الوکیل) تەواوترە، وشەی (جێنشین) بۆ (خلیفە) پڕاوپڕترە.
سێیەم: لە ئایەتی (١١٥) لە وەرگێڕانی: (ان اللە واسع علیم.) دەنووسێت: "زانستی خودا بەربڵاوە و ئاگادارە." خۆ ئەگەر تەنێ نووسیبای: "زانستی خودا بەربڵاوە"، باشتر بوو، بەڵام بە وشەی (ئاگادارە) ئاڵۆزیی دروست بووە! ئایا: خودا ئاگادارە، یان زانستەکەی؟ من چەند جار ئەمەم خوێندەوە، پێم ڕەکیک بوو!
چوارەم: لە ئایەتی (١٧٨) لە وەرگێڕانی: (الحر بالحروالعبد بالعبد.) دەنووسێت: (ڕزگار لە تۆڵەی ڕزگار کۆیلە لە تۆڵەی کۆیلە)دا، وشەی (ڕزگار)ی لە شوێنی ئازاد (الحر) دەکارهێناوە. دیارە ئەم دوو وشەیە جیاوازییان هەیە، ئەگەرچی وەک هاوواتایی یەکتریش بەکاردێن. ڕزگار کەسێکە پێشتر گیراوە، یان دەستبەسەر بووە، یانیش تووشی کارەساتێک یان نەخۆشییەک بووە و بە هەوڵێک یان ڕووداوێک یان چارەسەرێک کۆتایی بە دەستبەسەریی یان گرفتارییەکەی هاتووە، بەڵام کەسی ئازاد

دەكرێت قەت بەند نەكرابێت و دەشێت بەندیش كرابێت، با خوردتری بكەینەوە، هەموو ڕزگار بوویەك ئازادە، بەڵام هەموو ئازادێك ڕزگار بوو نییە. ناشزانم لە زمانی كوردیی كۆندا وشەی (ڕزگار) بەرانبەر وشەی (حر)ی عەرەبی هاتووە یان نا؟ ئەوە دەزانم كە لە زمانی فارسیشدا وشەی (رستگار) هەیە و بە هەمان مانای رزگاری زمانی كوردیی دێت، واتا: دەرباز بوون لە دەردەسەریەك. لە خودی ئایەتەكەیش هەروا دەفامرێتەوە، دەگوترێت: "من مرۆڤێكی ئازادم"، بەڵام ناگوترێت "من مرۆڤێكی ڕزگارم"، بەڵكە "من مرۆڤێكی ڕزگار بووم." زۆر شتی دیكەش لەبارەی ئەم دوو وشەیە هەیە، لێرە هەر ئەوەندە بەسە. سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەكەت، ئاخۆ دەبێ سوودی ئەم تەرجەمەیەی مام هەژار بە كوردی چی بێت؟ لە چەندان ڕوانگەوە سوودی هەیە، دیارە ئەدەبیات و فەرهەنگی ئایینی لە ڕووی وەرگێڕانی موفرەداتەوە زۆر هەژارە، مەلاكان لە جیاتی وشەی كوردی، هەر وشە عەرەبییەكانیان داناون، بەڵام هەژار ئەم ڕێچكەیەی شكاندووە و فەرهەنگی ئیسلامی دەوڵەمەند كردووە. ئێستا ئەم تەرجەمەیە وەك سەرچاوە بەكار دێت، دەشكرێت موفرەداتی قورئان لەم وەرگێڕانەی مام هەژار وەرگیرین و بۆ زۆر بواری ئایینی دەكار بێنەوە.

**پرسیار:** فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، بە یەکێک لە بەرهەمە هەرە گرنگەکانی هەژار موکریانی دادەنرێت، چۆن باسی ئەم فەرهەنگە دەکەن؟ ئەوەندەی ئاگادار بی کۆکردنەوەی ئەو دەیان هەزار وشەیە، چۆن چۆنی بووە؟

**حەیدەر عەبدوڵڵا:** ڕاستییەکەی دەشێت بە شاکاری مام هەژار و شافەرهەنگی کوردی ناوببرێت، هەژار ئەگەر تەنیا ئەو فەرهەنگەی هەبووایە، بۆ تاریف و ناودەرکردنی بەسی بوو. هەقە هەموو کوردێکی خوێندەوار ئەو فەرهەنگەی لە ماڵەوە هەبێت. هەژار بەم فەرهەنگە هەزاران وشەی لە سەرمەرگ و ونبوون قوتار کردووە. خۆزگە چەند فەرهەنگێکی دیکەشمان لەم شێوە هەبووایە. ڕاستە ناوبانگی فەرهەنگەکە بەشێکی بۆ ناوداریی مام هەژاری زمانزان دەگەڕێتەوە، بەڵام خۆ ئەوەی تۆزێک کوردی بزانێت شایەتی دەوڵەمەندیی ئەم فەرهەنگە دەدات و دەزانی بە چ کۆژان و ئازارێک سەرپێ کەوتووە. خوێندەوارانی کورد کاتێک واتای وشەیەک لە هەنبانە بۆرینە دەدۆزێتەوە، وەک ئەوە وایە بابای عەرەب مانای وشەیەکی لە فەرهەنگی (المنجد) دۆزیبێتەوە. بڕوانە لە سەدەی بیستەم بەر لە هەنبانە بۆرینە و و دوای هەنبانە بۆرینەیش چەند فەرهەنگێک نووسراون، بە نموونە: فەرهەنگی مەردۆخ، محەممەدی مەردۆخ

١٩٥٦. فەرهەنگی ئەرمەنی-کوردی، سەمەند سیابەندۆڤ ١٩٥٧. فەرهەنگی خاڵ، شێخ محەممەدی خاڵ ١٩٦٠. فەرهەنگی کوردۆ لە قەناتی کوردۆ ١٩٦٠. فەرهەنگی مەهاباد، گیوی موکریانی ١٩٦١. فەرهەنگۆکێکی زانستی، جەمال نەبەز ١٩٦١. فەرهەنگی کوردی (جگەرخوێن)، جگەر خوێن ١٩٦٢. فەرهەنگی کوردی-عەرەبی-فارسی، عەلائەدین سەجادی ١٩٦٢. فەرهەنگی پەهلەوی-کوردی، سدیق سەفیزادە (بۆرەکەیی) ١٩٧١. قامووسی زمانی کوردی، عەبدولڕەحمانی زەبیحی ١٩٧٧. فەرهەنگی نۆبەرە، گیوی موکریانی ١٩٨٦. فەرهەنگی کوردستان، گیوی موکریانی ١٩٩٩. فەرهەنگی شارەزوور، شەفیق قەزاز ٢٠٠٠. چەندان فەرهەنگی دیکەش، کەچی تەنیا فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە بە پێشەنگ ماوەتەوە و وەک سەرچاوەیەکی یەکلاکەرەوە دەخرێتە ڕوو. سەرباری هەموو ئەمانەش ئەم فەرهەنگە بێ کەموکوڕی نییە، دەبوو دوای هەژار چەند کەسێکی زمانزان و شارەزا پێیدا چووبانەوە. بەداخەوە من پێنج شەش چاپی ئەو فەرهەنگەم بینیوە هەر وەک چاپی یەکەمن. دەبوو ئەو وشانەی لە فەرهەنگەکە تۆمار نەکراون لەنێو فەرهەنگەکە یان لە پاشکۆکەی جێگەیان کرابایەوە و ئاماژەش بە کەسەکان درابایە، ئەمە فەرهەنگەکەی دەوڵەمەندتر دەکرد. فەرهەنگی (مونجید)ی

عەرەبی دەیان جار چاپ کراوەتەوە، بۆ هەر چاپێکیش لیژنەیەک ڕێکخـــراوە و کەموکوڕییەکانیـــان چـــاککردوون و بەگـــوێرەی سەردەم ڕێکیان خستووە. کاتێک کتێبی (دایە باوە کێ خراوە؟) لە نووســـینی عەلـــی شـــەریعەتی بە وەرگێڕانـــی مـــام هەژار دەخوێنـدەوە، چەنـد وشـەیەکی پەتـیم کەوتـنە بەرچـاو، بەنێـو فەرهەنگەکەی مام هەژاردا گەڕام وشەکەم نەدۆزییەوە، چەندان جاری دیکەیش لە نووسین و وەرگێڕاوەکانی مام هەژار سەرم بەسـەر هەنبانەبۆرینەدا گرتـووە، دەسـتم نەکەوتـوون. ئەمەیـش دەرخەری ئەوەیە هەژار بڕێک لەو وشانەی خۆی لە کتێبەکانی بەکاری هێناون، لە هەنبانە تۆماری نەکردوون، ئەمەیش بەهۆی لەبیرچوونەوە بێت، یان هەر هۆکارێکی دیکە بێت. دەربارەی ئەوەی هەژار چۆن ئەم وشانەی کۆکردوونەوە. دیارە هەژار لە نووسـین و ئامـادەکردنی ئەو فەرهەنـگەدا تەنیـا نەبـووە، چەنـد کەسێک دەستباریان بۆ گرتووە، لەوانە:

- ماجد ڕۆحانی و مەحموود موفتی بە کۆمەڵێک وشەی شاری سنە و واتای فارسیی هەندێک لە وشەکان.

- هادی موڕادی بە کۆمەڵێک وشەی هەورامی.

- سەید ئەحمەد سەعادەتی بە پاکنووسی و کۆمەڵێک وشەی ناوچەی لاجان و مامەش و هۆزی پیران و هۆزەکانی موکریان... چەندانی دیکەش هەبوون وەک سەربازی ون کاریان بۆ کردووە. وا دێتە بەرچاوم هەژار دەفتەرێکی لە باخەڵ بووبێت، لە هەر گوند و دوندێک لای داوە، لە پیرەپیاو و دەمڕاستان ئالاوە، هەرچی لە دەمیان هاتووەتە خوارێ نووسیویەتەوە. خۆشی نەیشاردووەتەوە سوودی لە کۆمەڵێک فەرهەنگی کوردی وەرگرتووە، وەک فەرهەنگی خاڵ و چەند فەرهەنگێکی دیکە.

**پرسیار**: ڕوانین و دیدگای هەژار موکریانی بۆ ئایینی ئیسلام چۆن بووە؟

**حەیدەر عەبدوڵڵا:** ئەگەرچی زۆر حەزم لەم پرسیارە نەبوو، بەڵام خۆ بە حەزی من نییە. ئێستا بەم شێوەیە وەڵامت دەدەمەوە، هەژارێک لەنێو حوجرەی فەقێیان پێگەیشتبێت و لە کۆڕی مەلا و مێزەربەسەران دەمەتەقێ و شەڕە شیعری کردبێت. باوک مەلا، دەوروبەر مەلا، خوێندەوار مەلا، قازی مەلا، شاعیر هەر مەلا... زۆر زەحمەتە ڕوانینی بۆ ئایینی ئیسلام خراپ بووبێت. تەنانەت لە هەموو کتێبەکانیدا ڕەخنەکانی ڕوو بە پەیڕوانی ئیسلامن، نەک خودی ئیسلام. هەژار لە پێشەکیی شەڕەفنامە لە پەسنی ئیسلامدا دەڵێت: "ئایینی پاک و بێگەردی

ئیسـلامەتی – کە لە سـەرەتاوە پەیـدا بـووە- تیشـکی برایەتـی و یەکســـانی وە چیاکـــانی کوردســـتانیش کەوتـــووە. تاریکـــایی ئاگرپەرسـتی لەسـەر ڕەوانـدووین و چاکـان و پاکـانی ئیسـلامی پێشـوو تێیـان گەیانـدووین کە موسـڵمان هەمـوو پـێکەوە بـران..." ئەمە وەرگێڕان نییە دەقی نووسـینی مـام هەژارە، بۆیە ناکرێت بڵێـین هەژار دانـووی لەگەڵ ئیسـلام نەکوڵیـون، وا بـزانم هـیچ بەهرەیەکیشـی لەوە نەبـردووە لەگەڵ دەقـی قورئانـدا بکەوێـتە ململانێ و تێکهەڵقژان. تەرجەمەی قورئانیش پشـتگیریی قسـەکانم دەکـات. لـێ ئەگەر دەپرسـێ داخـۆ هەژار نـوێژی کـردوون، یـان ڕۆژووی گرتـوون، بەپێـی ئەوەی بیسـتوومە و خوێنـدوومەتەوە، زۆر بە کەمـی. ڕەنـگە ئەوانەی لەگەڵیـدا ژیـاون باشـتر بتـوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

**پرسیار**: هەژار موکریانی لە تەرجەمە کردندا بۆ زۆر بوار پەلی هاویشتووە، بە قسەی هەژارناسانیش لە هەمووانـدا سـەرکەوتوو بووە، ئەو زمانەی هەژار پێی دەنووسی و تەرجەمەی پێ دەکرد، هەڵقـــوڵاوی نـــاوچەکەی بـــووە؟ یـــاخود هەوڵ و تەقەلا و بەدواداچوونی خۆی بووە؟

**حەیـدەر عەبـدوڵلا:** هەژار شاسـواری مەیـدانی وەرگێـڕان بـووە، زانیـویەتی چ کتێبێـک هەڵـدەبژێرێت و چـۆن وەری دەگێـڕێت. ئەو

له وەرگێڕاندا تەنیا وشەی بەکار نەهێناوە فیکریشی بەکارهێناوە، چــونکە باشــترین دەق ئەگەر لە وەرگێڕانــدا فیکــر ســایەی بەسەرەوە نەکات، سادە و ڕەکیک دەردەچێت. زۆر دەقی خراپ هەیە بە وەرگێڕانــی بــاش دەبێــتە دڵخــوازی خــوێنەران، پێچەوانەکەشی ڕاستە. وەرگێڕان هەر وشە دانان و ڕیزکردن نییە، دەبێت ئاواز و مۆسیقاشی تێ بکرێت. هەژار موکریانی هاوشــانی هــاوەڵانی: مەســعوود محەمــەد و هــێمن و شــوکر مستەفا، توانی زۆرترین خزمەت بە زمانی کوردی بکات. لە خوێندنەوەی وەرگێڕانەکانی هەژار هەست بە جۆرێک لە چێژ و خۆشی دەکەیت، ڕەنگە ئەگەر دەقە ئەسڵییەکەی بخوێنییەوە ئەو چێژە وەرناگریت، یانی لە پاڵ وەرگرتنی زانیاری، چێژێکی خۆشیش وەردەگریت. بەڵێ، هەژار بە دەر لەوەی کاری لەسەر کــۆکردنەوەی وشــە کــردووە و فەرهەنگێکــی گەورەی وەک هەنبانەبۆرینەی دانەوە. لە وەرگێڕانیش لە چەند بوارێک کاری کردووە:

یەکەم: ئەدەب.

دووەم. مێژوو.

سێیەم: زمان.

چوارەم: ئایین.

پێنجەم: پزیشکی.
هەژار (القانون فی الطب)ی ئیبن سینای لە عەرەبییەوە کردووەتە فارسی، نەمزانیوە هیچ ڕەخنەیەکیشیان لێ گرتبێت، لە کاتێکدا چەندان ساڵ وەرگێڕە بەتواناکانی فارس بە دەست وەرگێڕانی ئەم کتێبەوە دۆش داماون. دیارە وەرگێڕانەکانی مام هەژاریش وەک هەموو وەرگێڕانەکانی دیکە بێ هەڵە و پەڵە نین، جارێک ئەگەر باسی ئەمانەتپارێزیی دەق بکرێت، هەژاری لێ فڕێ دەدرێت، ئەگەر باسی زمانپاراوییش بکرێت، هەژار دەکرێتە سەردەستە.

**پرسیار**: خوێندنەوە و لێکدانەوەی زۆر بە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییامی هەژار کراوە، باوەڕی ئێوە لەمەڕ خەییام و وەرگێڕانەکەی چییە؟

**حەیدەر عەبدوڵڵا:** من بۆ خۆم زۆر بایەخەم بە چوارینەکانی خەییام داوە، بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی بە چەندان وەرگێڕانی جیاواز خوێندوونمەوە. چوارینەکان زۆر لەوە کەمترن، کە بەناوی ئەو چاپ کراون، بۆیە لە وەرگێڕانیش جیاوازییەکی زۆر لە وەرگێڕێکەوە بۆ وەرگێڕێکی دیکە هەیە. ئەگەر ڕاستت دەوێت، هەژار خەییامی بە کورد ناساندووە، وەرگێڕانەکانی دیش کەم تا زۆر، جێگەی خۆیان گرتووە، بەڵام

هـی هەژار لە هەموویـان زیـاتر لە فیکـر و هۆشـی خـوێنەر و خوێندەواری کورددا لەنگەری گرتووە. هەست ناکەیت وەرگێڕانە، هەر دەڵێـی خـۆی نووسـیویەتی... قسـە زۆر دەکرێـت، کە ئەم چوارینانە هی هەژارن و فڕیان بەسەر خەییامەوە نییە و هەژار زۆر لە ئەسـڵی چوارینەکـان لای داوە، بەڵام بە بۆچـوونی مـن ئەمە بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە، کە ئەوان لە هـونەری وەرگێڕانـی هەژار ئاگـادار نـین، پێیـان وایە دەبێت وەرگێـڕان دەسـتپاکییەکی تەواوی تێـدا بێـت –وشـەی بە وشـە بێـت– ئەرێ دەبێـت هەژار ئەوەی نەزانی بێت؟ بێگومـان زۆر بـاش لەمە تێگەیشـتووە، بەڵام زانیـویەتی وەرگێڕانـی بەرتەسـک و نەفەسـکورت نەک شـوێنی خۆی ناگرێت، بەڵکوو بە خراپیش بەسەر وەرگێڕدا دەشکێتەوە. وەرگێڕانی شیعر بە شیعر، سەختترین بەشی وەرگێڕانە، بەڵام هەژار وەهـا بێ گرێ و گۆڵ کردوویەتـی، کەس نەک وشـەیەک، بەڵـکە تـاکە پیتێکیشـی لە گەروو گیـر نابێـت و بە سـێنایی دەخوێندرێتەوە.

**پرسیار**: هەژار لە نووسینی شیعردا جێ دەستی دیارە، جیاوازیی هەژار لە شـیعر نووسـیندا لە چ قۆناغێکـدایە و پەیوەنـدی بە چییەوە هەیە؟

**حەیـدەر عەبـدوڵڵا:** هەژار شـیعری زۆر جـوانی هەیە، بەڵام بە بۆچـوونی مـن ئەو زمـانی پەخشـانی بەهێزتـر بـووە، دەبـوو هەر لەم بوارە ئەسپی خۆی تاودابایە و خۆی بە شـیعرەوە خەریک نەکردبـا، کە کـردی، دەسـتی خـۆش بێـت. ڕەنـگە خەبـات و پێشـمەرگەیاتی و کوردایەتی، مـام هەژاری ناچـار بە شـیعردانان کردبێت. دیسـان ئەو سـەردەمەی ئەویـش سـنعەتی شـیعر بـاو بووە. خەڵک بە شیعر جۆشـاوە و حەماسـەت گرتـوویەتی. هەژار هێنـدەی لە وەرگێـڕان و نووسـینی فەرهەنـگەکەی سـەرکەوتوو بـووە هێنـدە لە شـیعر نووسـیندا سـەرکەوتوو نەبـووە. مـن خـۆم وای دەبینم، دەشێت خەڵکی دیکە پێیان وا بێت هەژار لە شـیعردا وەک هێمن بوو بێت، بەڵام لای من وا نییە. من خـۆم هێنـدە چێـژ لە شیعرەکانی نـاکەم، (دایە بـاوە کـێ خـراوە؟)م زۆر پـێ باشـترە لە( هەژار بـۆ کوردسـتان). هەژار لە پەخشـاندا لە تـۆقەڵان بـووە، کەس وەک ئەوی لـێ نەزانیـوە، لـێ ناکرێـت بڵێـین لە شیعریشـدا هەروا بووە!

**پرسـیار:** سیاسـیبوونی هەژار و ئـاوارەیی چ گۆڕانکـارییەکی بەسـەر هەژاردا هێنـا؟ دەکرێـت بڵێـین بەرهەمەکـانی هەژار لە ئەنجامی ئاوارەیی بوونییەوە بەرهەم هاتوون؟

**حەیدەر عەبدوڵڵا:** ئاوارەبوون زۆر شتی لە هەژار سەندووەتەوە و زۆر شتیشی پێ بەخشیوە. هەژار بەهۆی ئاوارەبوونەوە چەندان ساڵ لە ماڵ و منداڵی دابڕاوە. لەنێو شاخ و داخ و دابڕان لە کەسوکاری مەینەتی زۆری دیوە، لە هەمان کاتدا ئەزموونێکی زۆری لە ئاوارەبووندا وەرگرتووە، بە بۆچوونی من یەک لە بەرهەمەکانی ئەو هەموو ئاوارەبوون و ئەودیو ئەودیوکردنی هەژار، بەرهەمهاتنی ئەم فەرهەنگەی هەنبانە بۆرینە بووە. ڕاستە ئاوارە و دەربەدەر بووە، بەڵام ئەو هۆشی هەر لەسەر کتێب و خوێندنەوە و وەرگرتنی وشەی کوردی بووە... لەنێو وشەدانەکەی ئەو شێوەزار و بنزار و وشەی هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورە بەرچاو دەکەون، ئەگەر ئەو ئاوارەییە نەبووایە، ڕەنگە فەرهەنگەکەی هێندە دەوڵەمەند نەبووایە. ڕاستە هەژار تێکەڵاوی سیاسەت بووە و لە "چێشتی مجێور"دا بڕێک شت باس دەکات نەدەبوو باسی بکات، بەڵام من لە جێگەیەکی دیکە گوتوومە: ئەگەر هەژار و هێمن تێکەڵ بە سیاسەت نەبووانە ئەوانیش وەک شاعیرانی سەردەمی خۆیان گومناو دەبوون و سەدایەکی وەک ئێستایان نەدەبوو. با من ئێستا هەر دژی ئەوە بم ئەدیب نابێت سیاسی بێت و بە لایەکدا بشکێتەوە، بەڵام ئەوسا لەو قۆناغەدا سیاسەت ئەوانی ڕاگەیاندووە... بۆ ئێستاش

پــــێچەوانەکەی ڕاســــتە. ئەو دەم ئەدەب هەوێنــــی خەبــــات و بەرخـودان بـووە، لـێ ئێسـتا لێـک تەوەلـلا بـوون. هەژار خـۆی گوتوویەتی: "بارزانی نەک تەنیا بۆ من بۆ هەمـوو نووسـەران چـا بوو. بۆ بێکەس وەختی خۆی کەس بوو. بۆ قانیع و مام هـێمن و جگەر خـوێن و گشـت نووسـەر و شـاعیرانی بێبەش و ناکـام بـرا بوو. ئەگەر کەسانێک وا بزانن کە من بۆرە خـزمەتێکم بە زمـانی کـوردی کـردووە. بـا مەمنـوونی بـارزانی بـن، چـونکە ئەگەر ئەو نەبووایە کەس پەڕێکی چاپکراوی لە نووسراوی من نەدەدیت."

**پرسیار**: شێرکۆ هەژار موکریانی، لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند بابەتێکی نەرێنی لەمەڕ باوکی نووسیبوو، بە بۆچوونی ئێوە ئەمە پەیوەنــدی بە چیــیەوە هەیە؟ ئەگەرچــی هەژار موکریــانی لە چێشتی مجێوردا دەڵێت: بە ڕواڵەت لە چوار کوڕان تەنیـا خـانی مـاوە، ئەمە هۆکـارێکە تـا وا لە شـێرکۆ بکـات، لەسـەر بـاوکی بنووسێ؟

**حەیدەر عەبدوڵڵا:** ڕاستییەکەی ناکرێت هەروا بە سێنایی بڵێین شێرکۆ بابەتی نەرێنی لەسەر باوکی نووسیوە، تا کتێبەکانی ئەو نەخـوێنییەوە نـازانی چەنـد جـوان شـیکردنەوەی بـۆ کتێبەکـانی باوکی کردووە. ئەگەر یەکدوو قسەشی بزرکاندبن و بە دڵی من و تـۆ نەبـن، مانـای وا نیـیە شـێرکۆ شـتێکی کرێتـی کـردووە و

گوتووە. تۆ باسی چێشتی مجێور دەکەیت، ئەی چی لەو شیعرەیەی مام هەژار دەکەیت:

"شێرکۆ! کوڕی خۆشەویست و ژیرم
زاخاوی مەژیم و هۆش و بیرم
پنج و ڕەگەزی دڵ و گیانم
خونچەی شەبەقی باخی ژیانم
هێشتا بە تەمەن مناڵ و کاڵی
وەک دەربەدەریم، دووازەساڵێ
هەرچەندە کوڕی منی هەژاری
دوارۆژی هەژارە نادیاری
لێم ڕوون نییە پاشی چت بەسەر دێ
هیوام گەلێ پێتە ببیە مەردێ
هەر هێندە تکام لە تۆیە ڕۆڵەم
مەڕوانە کە ئەم شڕ و شۆڕەم
زۆرتر لە منیش کز و هەژار بی
بێبار و نزار و لێو بەباربی
دەربەس مەبە، بۆ گەلت بکۆشە
ژەهراوی لەسەر بنۆشە، خۆشە
بابی تۆ چلۆن بوو شوێنی بگرە
حیزانە مەژی بە مەردی بمرە

ئەو هەویرە ئاوکێشە، هەروا بە ئاسانی ناتوانم پرسیارەکەت تێر بکەم، بەڵام پێم باشە نووسەر و ئەدیبان لە خۆیانەوە نەکەونە ڕەخنەبارانکردنی شێرکۆ هەر لەبەر ئەوەی هەژاریان خۆشدەوێت و شتەکانیان خوێندووەتەوە. ڕاستە هەژار و شێرکۆ باوک و کوڕن، بەڵام ئەوان دوو نووسەر و ئەدیبن. ڕەخنەکانی شێرکۆ هێندەی تر کتێبەکانی مام هەژاری دەوڵەمەند کردوون. لە نووسیندا کەس موقەدەس نییە. هەموو ئەوانەی پێمان وایە لە هزر و ئەدەبدا باڵان، شایانی ڕەخنەلێگرتن و سەرنجن. خۆشەویستی نابێت چاوی ڕەخنەت کوێر بکات، ئەمە لە دونیای ئەدەبدا نییە. من خۆم لە شێرکۆم پرسی و پێم گوت: "چەند جارێک بە خزمەت حەمەی مەلا کەریم و مەسعوود محەممەد گەیشتووم... هەتا هەستاوم هەر مەدحی باوکیان کردووە، لە کاتێکدا نێوان بیر و ڕێبازی ئەوان لەگەڵ باوکیان ئاسمان و ڕێسمان بووە، ئەوان باوکی خۆیان لەسەرووی هەموو لێکدانەوە و جیاوازییەک دادەنا. خەڵک ئەوەشی لە شێرکۆ هەژار چاوەڕوان دەکرد... بۆچی؟" بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە: "دیارە ئەوان ئەزموونیان جیاواز بووە، شتی تری باوکیان کاری تێکردوون و بە شایانی باسیان دیتوون. جیاوازیی ڕێبازی مەلا محەممەدی کۆیی و مەسعوود محەممەد، بە ڕادەی یەکەم،

لەوەدا بوو کە مەلا محەممەد پیاوێکی ئایینی بوو، مەسعوود محەممەد وانەبوو. جگە لەوە، لە زۆر شتدا لەسەر هەمان ڕێباز بوون: ئەدەبدۆستی و دژایەتیی جۆرەها خەرافاتی مەلایان (فڕی فڕی قەل فڕی ... و ئیدی) و زانینی عەرەبی و تەنانەت هەندێک پێوانەی محافەزەکارانەش. مەسعوود محەممەد زۆر لە نەتیجەی ئەو پەروەردەیەدا کەوتووەتە سەر ڕێبازی ریسواکردنی خەرافاتی نوێی مەلایانی نوێی بەناوی مارکسیست. تۆژینی ئەدەبیات، بەتایبەتی دیوانی شیعری کوردی، محەممەدی مەلا کەریم و باوکی کۆکردوونەوە و وێ ناچێت شتێکی تری زۆر سەرنجڕاکێش لەنێوانیاندا بۆ ئەزموونی گشتیی نووسین هەبووبێت. ئەوجا ئەوانە هی نەسلێکی ترن. نێوانی هەژار و باوکیشی وەکوو نێوانی ئەوانە و باوکیان بووە. ئەگەر باوکی هەژاریش وەکوو باوکی ئەوانە ناودار بووایە، ئەوا دەکرا چاوەڕوان بکرایە هەژار کتێبی تایبەتی لەسەر بنووسیایە. هەژار باسی باوکی خۆی زۆر بە چاک دەکرد، لەکاتێکدا کە هەر لە چێشتی مجێورەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە چەندە لە باوکی ترساوە، تەنانەت بۆ مانای شیعرێکی کوردی کە خۆی و زەبیحی تێی نەگەیشتوون، بە چ ترس و لەرزێک ڕووی لە باوکی کردووە و پێشەکی لێی پرسیوە کە ئەگەر پرسیارێک بکات لێی نادات؟

منیش کە جارێک بە منداڵی، هەژار لەسەر خوێندن لێی دام، زۆر بە زوویی لە بیرم چووەوە و وەک هەر شتێکی رۆتینیی نێوان باوک و کوڕ بوو، خۆشەویستیی باوکمی لای من بە هیچ جۆرێک کەم نەکردەوە. بەڵام دونیا زۆر گۆڕا. هەژار و من، پێکەوە سەردەمێکی مێژوو ژیاین، کە هەرتکمان تێدا چووینە کۆڵانی تەسکی سیاسەتەوە، دەبوو هەڵوێستمان لە ئاست شەڕ و شۆڕش و فیکر و ڕێکخراو هەبێت. موحیتی هەژار سەرچاوەی یەکەمی هەستی نەتەوەیی من بوو و ئێستا کە من نەتەوەیی بووم، بە پێوانەیەکی فکری و سیاسی ئیتر هەڵوێستم لە هەژار دەبوو، نەک بەوە کە باوکمە. هەژار منی فێری خوێندەواری کرد، بەڵام کە بووم بە خوێندەوار، ئیتر مەگەر هەر بە پێوانەی خوێندەواری بیرم بۆ هەڵوێستەکانی هەرکەس لە ژیان بچووبایە. لە نەتیجەدا، هەڵوێستی خوێندەواری و رۆشنبیری لای من خۆی سەپاند و هیچ شتێک نەیتوانی ببێتە کۆسپی سەر ڕێگای دەربڕینی هەڵوێستم. من ئیتر لە هەڵوێستمدا -وەک بڵێیت- کوڕی کەس نەبووم، هیچ، هەر کوڕی خۆم بووم و تەواو. ئیتر پیاوێک بووم کە هەڵوێستم لە مرۆڤ، هەر مرۆڤێک، بە پێوانەی فیکر و فەلسەفە بوو؛ هەژاریش کە مرۆڤ بوو، ئیتر فیکر و فەلسەفەی باسی مرۆڤ، دەکرا ئەویشی وەک هەر مرۆڤێکی تر

بگرتایەتەوە. ئەگەر خەڵک چاوەڕوانیی ئەوەیان نەکردبێت، ئەمە مانای ئەوەیە کە فەرهەنگی ئەو خەڵکە هێشتا زۆر کەم گۆڕانی قبووڵ کردووە، نەیتوانیوە شکانی قالبی رابردوو بە شتێکی ئاسایی و حەتمیی مێژوو هەزم بکات.

ئەگەر دەنگی رۆشنبیریی کورد لەبەرچاو بووایە، دەبوو بۆ ئەو نووسینانەی من سوپاسی هەژاری بکردایە و بیگوتایە: سوپاس هەژار کە کوڕێکت وا پەروەردە کرد کە رەخنەت لێ بگرێت. چونکە راستییەکەش هەر ئەوەیە کە نووسینی من، بە رادەی یەکەم بەرهەمی کاری هەژارە. ئەو، هەموو عونسورەکانی بۆ ئامادە کردووم: فێری خوێندنەوەی کردووم، کتێبی شیعری بۆ داناوم و ئەوجا کرداری وای پیشان داوم کە لەگەڵ گوفتاریدا نەگونجاوە و بەوە مێشکمی بۆ فێربوونی بەراورد کردن و رەخنەگرتن بزواندووە. من، هەندێک جار ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم: ئەرێ شێرکۆ هەژار تۆ هیچی خۆت هەیە؟ یان هەرچی هەتە، هەمووی، هەر هەمووی، بە باش و بە خراپەوە، هی هەژارە؟ زۆر بەداخەوە بۆ من، کە رەنگە من هیچم پێ نەبێت، هەرچی هەمە و نیمە هی هەژار بێت. رەنگە هەرچی مەسعوود محەممەدیش هەیبێت هی باوکی بێت و محەممەدی مەلا کەریمیش هەروەتر. بەڵام دونیا، بە حوکمی گۆڕانی، نێوانی

باوک و کوڕی وەها گۆڕیوە، دەبێت کوڕ پەیامی باوکی وەها تەواو بکات کە بە پێوانەی رەخنەگرتن لێی بکۆڵێتەوە، لەجیاتی ئەوە کە وەکوو جاران وە دووی بکەوێت. هەژار بە قەڵەمی من دەکەوێتە شیکردنەوەی سایکۆلۆژی خۆی و پێداهاتنەوەی ژیانی. هەژار هێز و زەعفەکانی خۆی -بە زمانی کۆمپیوتەر- بە کوڕەکەی خۆی "سکان" دەکات، ماسکەکانی فڕێ دەدات و تێکەڵ بە حەقیقەت دەبێتەوە. نێوانی هەژار و باوکی، مەسعوود محەممەد و باوکی و محەممەدی مەلا کەریم و باوکی بە "سکان"ی کۆمپیوتەری سەدەی بیست و یەکەم نەگەیشت، ئەو وشەیە هێشتا لە دونیای ئەو باوکانە نەبوو. من لام وایە، رۆژێک دێت کە کورد بۆ خاتری هەژار رێز لە نووسینی من بگرن و هەژار بە نووسینی من بە بەختەوەر ببینن، نەک مەلا محەممەد و مەلا عەبدولکەریم بە کوڕیان. ئێستا ئەگەر نووسەرێک لە هۆڵەندا باسی هەر کەسوکارێکی خۆی بکات، دەبێت ورد بە پێوانەی سایکۆلۆژی بکەوێتە دۆزینی ئەو کەسەی جێ باس، زۆرترین هێز و زەعف و هەموو گۆشە و کەنارێکی تاریکی ئەو کەسە رووناک بکاتەوە. ئەگەر لەجیاتی ئەوە، ئەو کەسە لە یەک نوختەی پێهەڵگوتندا کۆبکاتەوە، ئەوا تێر گاڵتەی پێ دەکرێت. من لام وایە حەتمەن فەرهەنگی کوردیش بەوە دەگات، رەنگە من کەمێک زێدە پێش سەردەمی خۆم کەوتبمەوە."

لێرەدا قسەکانی شێرکۆ تەوابوون، ئەگەر بە وردی لێی بڕوانی شێرکۆ بە زمانی خۆی دەڵێت ئەوەی من هەمە هەر هی هەژارە... چونکە بەهۆی ئەوەوە بەرهەم هاتووە. لێرەدا داوا لە خوێنەران دەکەم چۆن چۆن بایەخ بە هەژار دەدەن هەروایش هەموو کتێبەکانی شێرکۆی کوڕی بخوێننەوە و دەمارەکانی ملیان گرژ نەبێت.

## پوختەی ژیاننامەی حەیدەر عەبدوڵڵا

حەیدەر عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٨٣ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەیە، سەرنووسەری هەردوو گۆڤاری (ڕاز) و (دیمەن) بووە، کە تایبەت بوون بە بواری کیمیاباران و ئەنفالکراوان. چەندان بابەتە لەبارەی ڕێنووس و زمانی کوردی. چەندان توێژینەوەی لە بوارە جیاوازەکاندا ئەنجام داوە.

ئەمانە بەشێکن لە کتێبە نووسراو و وەرگێڕانەکانی: (ژن لە ئایین و چاخە جیاوازەکاندا- لێکۆڵینەوە- وەرگێڕان. یاداشتەکانی ماندێلا- وەرگێڕان، شتەکان لێک دەترازێن- ڕۆمان- وەرگێڕان، نیچە فەیلەسووفێکی بەرزەفڕ- وەرگێڕان، نەوەت و نۆ هەنگاو بۆ ڕاهێنانی منداڵ لەسەر خوێندنەوە- وەرگێڕان، هونەری پەروەردەکردنی منداڵ- وەرگێڕان، فەرهەنگی نما- عەرەبی، کوردی- نووسین، فەتواکەی مەلای خەتێ لە دیدی مەسعوود محەممەددا- نووسین، ئەو زانایانەی جیهانیان گۆڕی- وەرگێڕان، مامۆستا و مارگریتا- ڕۆمان- وەرگێڕان، مەرگێکی بچووک- ڕۆمان- وەرگێڕان، یادداشتەکانی سالح حەیدەری- وەرگێڕان).

**پێنجەم: دیداری مستەفا هەژار موکریانی[1]:**

**پرسیار:** کاک مستەفا هەژار موکریانی، ئەمڕۆ بە پرسیار بەڕێزت ماندوو دەکەین، بەڵام گرنگە حەقیقەت و واقیعیەتی ڕووداوەکان وەک خۆی بگێڕینەوە و باس بکەین، نەک هەستی سۆز و باوکایەتی بەسەرتان زاڵ بێ.

**مستەفا هەژار موکریانی:** ئێوە کوردی عێراقن و لەوێوە هاتوون، قەدەمتان لەسەر چاوان، هەرچیمان لەدەست بێ، دریغی ناکەین.

**پرسیار:** سەرەتا دەپرسم پەیوەندیتان لەگەڵ هەژار موکریانی چۆن بوو؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** نەڵێم هەژار موکریانی باوکمە، بەڵام کێ عیلاقەی بە هەژار نییە؟ لە ڕاستیدا باوکم بۆ خوێندن زۆر ئومێدی بە من هەبوو، شایی زۆری پێم بوو، چونکە لە مەدرەسە زۆر زیرەک بووم، دواتر کە هاتینەوە ئێران گوایە خودی مەلا مستەفا قەولی بە باوکم داوە و گوتوویەتی مستەفا دەنێرمە ئەورووپا، بۆ ئەوەی لەوێ درێژە بە خوێندن بدات، منیش لەسەر وەسیەتی باوکم خۆم ئامادە کرد –ئەو کاتەماڵمان لە کەرەج بوو– و لەگەڵ کوردەکانی عێراق –کە ئەو کاتە لە تاران بوون–،

---

(١) ئەم دیدارە ڕێککەوتی ٢٠٢١/٦/٧ لە ماڵی مستەفا هەژار شەرەفکەندی لە مەهاباد ئەنجامدراوە.

خۆمان ئامادە کرد، چەند ڕۆژ زووتر باوکم گوتی لە ماڵی کاک ئیدریس بارزانی کۆبوونەوە هەیە، ئێمەش لەگەڵم باوکم چووینە ماڵی کاک ئیدریس، لە کوچەی ئیلهامی گەرەکی عەزیمییەی کەرەج، وا بزانم کاک مەسعوودیش لەوێ بوو، نزیکەی سی چل کوردی گەنجی عێراقی لەوێ بوون، کاک ئیدریس گوتی ئێوە دەچنە دەرەوەی وڵات، ئێمە دەمانەوێت لەوێ بخوێنن، دواتر بێنەوە و ئێرە و بە کاری ئەم میللەتە بێن. دوای چەند ڕۆژێک باوکم گوتی مستەفا دەبێت سەعاتی ئەوەندە بچییە سەفارەتی هۆڵەندا لە تاران، منیش چوومە لای سەفیر و گوتی ئەم کاغەزە ئیمزا بکە، کە لێی نووسرابوو ئێمە کوردی عێراقی قبووڵ دەکەین، هەروەها نووسرابووش نابێت کاری تیرۆرستی بکەن. دواتر گەڕاینەوە ماڵەوە و خۆمان ئامادە کرد. ڕێککەوتی ١٩٧٦/٢/٢ ئێمە کە نزیکەی سی و دوو، سی و سێ کەسی کورد و دوو خانەوادەی دهۆکی بووین، لە فڕۆکەخانەی میهرئاباد، سواری تەیارە بووین، لە سەر ئاسمانی عێراق بۆ شۆخی لە پەنجەرەی تەیارەوە هەموو ملیان درێژ کرد و گوتیان نەمانخەنە خوارەوە هههە... نزیکەی سەعات شەشی ئێوارە گەیشتینە هۆڵەندا و لە هۆتێل ئای تۆنێلی ئەمستەردام دابەزین، بەشێکی دیکەمان لە هۆتێلەکەی تەنیشتمانەوە دابەزین، سێ چوار مانگ

لەوێ بـووین، بەڵام ژیـانێکی ڕۆتینـی زۆر ناخۆشـمان هەبـوو، خـواردنەکەی نـاخۆش بـوو، لەوێ وەڕز بووبـووین، لەبەر ئەوە گوتیـان شـوقەتان پـێ دەدەیـن، دوو نەفەر و سـێ نەفەر لە شـوقەیەکی بیسـت نهـۆمی نزیـک بـاڵمەمیری دەوروبەری ئەمستەردامیان دانـاین، مـن و خەلیل سنجاری –کە ئێستاش لە هۆڵەندایە و بەرپرسی دەفتەری پارتی‌یە لەوێ- و خالید زاخۆیی و ئەحـمەد ناوێـک و کەسـێکی دیـکە، کە یەکیـان ئەفسـەر بـوو بەیەکەوە بـووین، سـێ چـوار مـانگیش لەوێ مـاینەوە، دواتـر بڵاوەیان پێ کردین، ئەوجا من چوومە ئوترێخت، کە شـارێکە لە ناوەڕاستی هۆڵەندا، لەوێ دەورەی فێربوونی زمـانی هۆڵەنـدیمان خوێند، من دەمویست پزیشکی بخوێنم، لەبەر ئەوە گوتیان دەبێت بچنە ئوترێخت، لەوێ بۆ زانکۆی سـەڵتەنەتی پاشـایی ئۆترێخت تەقدیمم کرد، بەڵام قبووڵ نەبووم، چونکە بە قورعە بوو، پشـک بوو، دوو سێ جارم پێداگیریم لەسەر خوێندنی دکتۆری کـرد، لە لایەک خـۆم حەزم لـێ بـوو، لە لایەکـی دیـکە دایـک و بـاوکم هەمیشە دەیانگوت دەبێت ببیتە دکتۆر، لەبەر ئەوە دەمگوت چۆن دایـک و بـاوکم نـا ئومێـد دەکەم، لە دوای چەنـدین جـار تەقـدیم کردن و دەرنەچوونم، نائومێد بووم و نەخۆشی عەسابیم گرت و دوای چوار سەری خۆم هەڵگرت و هاتمەوە ئێران.

**پرسیار:** ئێوە ساڵی چەند هاتنەوە ئێران؟
**مستەفا هەژار موکریانی:** ساڵی ١٣٥٣هـ/ ١٩٧٤ز لەگەڵ بارزانی گەڕاینەوە ئێران.
**پرسیار:** ئەو کاتەی لە بەغدا بوون، مامەڵەی هەژار موکریانی چۆن بوو؟
**مستەفا هەژار موکریانی:** باوکم بۆ خانەوادەکەی مرۆڤێکی زۆر دڵسۆز و فیداکار بوو، لە باری کاریشەوە زۆر ئینسانێکی ماندوونەناس بوو، هەرگیز ڕۆژێک نەمدیت قەڵەمی بەدەستەوە نەبێت، هەرگیز نەمدیت لە تێکۆشان بوەستێت، هەمیشە کاری دەکرد.
**پرسیار:** ئێوە لە ماڵەوە چەند خوشک و برا بوون؟
**مستەفا هەژار موکریانی:** ئێمە چوار براین، بە ناوەکانی (شێرکۆ، مستەفا، زاگرۆس، خانی) و خوشکیمان نییە.
**پرسیار:** هەژار موکریانی جیاوازی لە نێوان منداڵەکان دەکرد؟
**مستەفا هەژار موکریانی:** ئێمەی چوار برا، هەموومان لە دەرس خوێندن زۆر زیرەک بووین، کاکە شێرکۆ بۆ خۆی بلیمەت بوو، لە دەرس خوێندن زۆر زیرەک بوو، عەرەبییەکی بێهاوتای دەزانی و ئێستا لە هۆڵەندایە، بەڵام دواتر زروفێک بە هۆی سیاسەتەوە هاتە پێش، کە مودەتێک بەداخەوە بە لای مام

جەلال‌ەوە بوو، بابیشم ئەوەی پێ ناخۆش بوو. هەروەها منیش ماوەیەک ئیسلامی بووم، دیارە کەس نییە هەڵەی نەکردبێت، خولاسە بابم ئومێدی ئەوە بوو لەو چوار کوڕەی لایەنی کەم یەکێکیان بڕوانامەی باش بە دەست بهێنێت و بێتە مایەی سەربلندی دایک و باوکی، بەداخەوە ئێمە هیچمان ئەو بڕوانامەیەمان بەدەست نەهێنا. کاتێک شێرکۆ خوێندنی بۆ تەواو نەکرا، باوکم هەموو ئومێدی خستە سەر من، دەیگوت مستەفا مادەم شێرکۆ بە ئیستلاح بە کەڵک نەهات، ئیدی منیش وام لێ هات و لە ئەورووپا و گەڕامەوە، ئەوسا ئومێدی باوکم کەوتە سەر زاگرۆس، چونکە ئەویش زۆر زیرەک بوو، بەداخەوە ئەویش تێکەڵ بە سیاسەت بوو و بە لای دیموکراتەوە. ئیدی ئومێدەکان چوونە سەر خانی، کە لە منداڵییەوە لەگەڵ کوردی عێراق تێکەڵ بووبوو، ئیدی لە عەزیمییە بەهانەیان لێ پەیدا کرد و گوتیان سەربازی نەکردووە، گرتیان و بردیان و بێ سەروشوێنیان کرد، باوکم زۆر نیگەران بوو، دواتر لە پڕ پەیدا بووەوە، باوکم گوتی ڕۆڵە نابێت لێرە بمێنییەوە، دەتنێرمە لای کاک مەسعوود و لەوێ ببە پێشمەرگە، پێشم گوتووە دەتنێرێتە خاریج، ئیدی خانی چووە ڕاژانە و لەوێوە چووە سووریا، لەوێوە بۆ فەرەنسا بەڕێیان کرد، لەوێ فەوقی دبلۆمی

ئیرتیباتـــاتی خوێنـــد و ئیـــدامەی بە خوێنـــدن نەدا، ئێســـتا لە ئینگلستانە، خـودا هەڵناگرێت مـاڵە بـارزانی ئاگایـان لـێ بـووە و لێیەتی.

**پرسیار:** هەژار موکریانی جیاکاری لە نێوان کوڕەکان دەکرد؟

**مسـتەفا هەژار موکریـانی:** یەکێـک لە منـداڵەکان بـۆ بـاوکی زۆر باش بێت، خۆشترت ناوێت لەوانی دیکە؟ ئەوە تەبیعەتی مرۆڤە، حەزرەتـی ئیبـراهیم بـۆ یووسـفی لە کوڕەکـانی دیـکەی خۆشـتر دەویست؟ خۆ هەموو کوڕی ئەو بوون، پێغەمبەر بۆ حەزرەتی ئایشـەی لەوانـی دیـکەی خۆشـتر دەویسـت؟ خـانی لە هەمـووان زیـاتر خزمەتـی کـرد، کە لە عەزیمیـیە بـووین، خـانی هەمیشـە سەیارەی دەهێنا و لە خزمەتی دابوو، دەیبردە تاران و کـاری بـۆ دەکـــرد، بـــاخچەی بـــۆ دەکـــێڵا، ئیـــدی منـــداڵی چکـــۆڵەش خۆشەویستترە.

**پرسـیار:** لە دوای بڵاوبـوونەوە چێشـتی مجێـور، کە هەژار لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: بە ڕواڵەت لە چوار کوڕان هەر ئەوم ماوە، کە مەبەستی خانییە، نەزەرتان چ بوو؟

**مستەفا هەژار موکریـانی:** دیـارە ئێمە پێمـان نـاخۆش بـوو، خـۆ ناکرێـت بڵێـین ئـای دەسـتی خـۆش بـێ، مـرۆڤ زەعـیفە و پێـت ناخۆش دەبێت، منیش خۆم بە پیاو دەزانم، منیش کـارم کـردووە و زەحمەتیم کێشاوە.

**پرسیار:** بۆچوونتان لەسەر چێشتی مجێور چییە؟
**مستەفا هەژار موکریانی:** چێشتی مجێور، هەمووی حەقیقەت و دروست نییە، خودا عەفووی بکات، باوکم لە ڕووی ئیحساسەوە نووسیوویەتی، وەک خۆشەویستی خانی، کە دەڵێت لە بەینی چوار کوڕان هەر ئەوم لەبەرچاوە و هەر ئەوم بۆ ماوەتەوە، ئەمە قسەیەکی جوان نییە، با بابیشم بێ، ڕاستی چێشتی مجێور لای خانی بوو.
**پرسیار:** جودا لەمە شتێکی دیکەی نێو چێشتی مجێور هەیە، کە بۆ ئێوە نارەحەت بووبێت؟
**مستەفا هەژار موکریانی:** سەبارەت بە ئێمەی کوڕەکانی هەر ئەو باسەی خانی بوو، هەندێک شتی زۆر جوزئی دیکە هەیە کە باسی خەڵکی کردووە، وا نییە، یانی زۆر بایەخی نییە، خولاسە شتی موهیم نەبوون، بۆ ئێمە تەنیا ئەوەی خانی زەق بوو.
**پرسیار:** دەوترێت گوایە هەژار موکریانی ئەوانەی نووسیویەتی هەمووی نەدیووە، بەڵکوو بیستوویەتی و لە زاری خۆیەوە گێڕاوەتییەوە، ئاگاداری ئەم باسەن؟
**مستەفا هەژار موکریانی:** ڕەنگە وا بوو بێت، وایە، باسی هەندێک شەخسەتی کردووە، کە هەر بیستوویەتی، یەکێک لەوانە هەر سلێمانی موعینی ناسراو بە فایەق، لەم بارەیەوە هەژار گوتویەتی ئیسانێکی خوێڕییە و بێ شەخسیەتە، دیارە لە زمانی

خەڵکی بیستوویەتی، لەسەر ئەوە کوردی ئێران زۆریان لەسەر بە جواب هاتن و گوتیان ئەوە قارەمانی ئێمەیە، شتی وا چۆن دەبێت؟

**پرسیار:** جودا لەم باسە، چ شتێکی دیکەی نووسراوی نێو چێشتی مجێور هەیە، کە گلەیی هاتبێتەوە سەر ئێوە؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** مەسەلەن یووسف ڕەزوانی هەبوو، خاوەنی ئیستریۆی شلێر، وێنەگری شلێر، کە دەڵێت ئەوەش کڵاوی لەسەر ناین، باوکم لە چێشتی مجێور باسی کردووە، کە نازانم حیزبی دیموکرات چۆن ئیتمینانیان بە یووسف ڕەزوانی کردووە؟ کە ئەوە خائین بە من بووە و کڵاوی لەسەر ناوم، چۆن بووەتە جێی متمانەی حیزبی دیموکرات.

**پرسیار:** شێرکۆ هەژار موکریانی برات لەم ساڵانەی دواییدا چەند کتێبی لە بارەی هەژارەوە نووسیوە و بڵاوکردووەتەوە، نەزەری ئێوە چییە؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** کارێکی هەڵە و ئیشتبایە، ئەوەڵەن ئەوە بابی بووە، ئینسان دەبێت حورمەتی بابی بگرێت، باب لە نێو کۆمەڵگەی ئێمە موقەدەسە، بەڵام شێرکۆ دەیگوت نا، لە هۆڵەندا یەکێک باسی باوکی کردووە، شڕ و بڕی کردووە، باسی دایکی کردووە. ئێ کاکە شێرکۆ گیان، فەرهەنگی ئەوان فەرقی هەیە،

لێرە باوک و دایک تەقەدوسی خۆیان هەیە، لەوێ بیرەوەری خۆیان بڵاودەکەنەوە، خۆ لەوێ حورمەت بۆ ئەوە نییە، تەقەدوس و شتی وا نییە، حورمەت بۆ هیچ ناهێڵن، هەموو بە کەیفی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە و گوێشی نادەنێ، کەسیش نییە لێیان بپرسێتەوە، بەڵام لێرە حدود هەیە و سنوور هەیە.

**پرسیار:** ئەگەر مەسەلەی باب و کوڕایەتی و برایەتی لابدەین، ئەوەی شێرکۆ هەژار باسی کردووە، هاوڕای؟ یان بڵێین دروستە؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** من خوێندمەوە، کاکە شێرکۆ زۆر جوانی نووسیوە، قەڵەمیشی زۆر جوانە، من کارم بەوە نییە چەندی ڕاستە و چەندی درۆیە، چونکە من لەگەڵ کاکە شێرکۆ نەبووم، لەوانەشە ڕاست بن، هەروەها باسی هەندێک کەسی کردووە و گاڵتەی پێکردووە کە دۆستی بابیشم بووە، ئەمما کارەکە جوان نییە، گاڵتە کردن بە شەخساتی کورد جوان نییە. دیارە کاکە شێرکۆم زۆر خۆشدەوێت، وەک برا گەورە، زۆر پێکەوە بووین و ئێستاش یەکترمان زۆر خۆشدەوێت، ئەغڵەب قسە دەکەین، ئینسانەکی زۆر باش و گەورەیە، ئەمما ئەوە مانای ئەوە نییە هەرچی نووسی بێت هەمووی دروست بێ، ئەویش بۆ خۆی لە دۆستان یان لە بابمی بیستووە ئەوجا نووسیویەتی.

لەو قسەوباسانەدا، بارزان مستەفا هەژار موکریانی سەبارەت بەم بابەتە بە جواب هات و گوتی: نێوانی بەینی هەژار و شێرکۆ باب و کوڕایەتی بووە، هەر ئینسانێکیش بە شێوەیەکە، شێرکۆ ماوەیەک باوکی خۆی نەدیووە، چون لەبەر شەرایەتی خۆی نەیتوانیوە بە ماڵ و منداڵەکەی ڕابگات، ئەوەش عوقدەیەکی دەروونی بۆ شێرکۆ ساز بووە، هەژاریش ویستوویەتی منداڵی موتیعی هەبێت، هەرچەندە دەکرێت منداڵ بە قسەی باوکیشی نەکات، بەڵام ئینسانی چاک بێ، هەژار و شێرکۆ بە تەواوی ڕێگایان جیاوازە، شێرکۆ بە ڕێگای خۆیدا ڕۆیشتووە و نەیتوانیوە موتیعی بابی بێ، هەژاریش لەم بارەیەوە شێرکۆی قبووڵ نەبووە، هەم لە باری سیاسی و هەم لە باری عاتیفەش، ئەگەرنا شێرکۆی زۆر خۆشویستووە و شیعریشی بۆ نووسیوە. خۆ هەژاریش پێغەمبەر نەبووە، ئەویش هەڵەی لە ژیانی خۆیدا هەبووە و تەبیعیشە، بەڵام شێرکۆ بەو قەڵەمەی کە هەیبووە، ویستوویەتی ئەوانە بۆڵد بکات و بە خەڵکیان نیشان بدات، بۆ نموونە دەڵێت هەژار هەمیشە ویستوویەتی پارەی زۆر بێ، یان فڵان میوانی هاتووە و بەدئەخلاقی لەگەڵ کردووە، ئەوانە بۆ هەموو ئینسانێک تەبیعییە، دەکرێت ڕۆژێک تەندروستیت باش نەبێت و لەگەڵ کەسێک بەد ڕەفتاری بکەیت، بەڵام شێرکۆ بە

نێـوی هەژار بـڵاوی کـردۆتەوە و دەیەوێ وای نیشـان بـدات، هەژار ئەو کەسە نییە، کە خەڵک دەیبینێت، شایەد تارادەیەکیش ڕاست بکات، خولاسـە هەژاریـش ئینسـان بـووە، نـاکرێ بلێـین نەدەبوو تووڕە بێت، نەدەبوو بگریا، بەلام شێرکۆ دەڵێت کاکە بەم شێوەیە نییە کە دەیبینن، شێرکۆ ئەو شتانەی نووسیوە و وای نیشان داوە کە هەمیشە وابووە و ڕەفتاری بەم جۆرە بووە، لە کاتێکدا خوشکی من چوار ساڵان بووە، سەد جار کاغەزی لە هەژار دڕاندووە، کەچی هەرگیز هیچی نەگوتووە، کەچی شێرکۆ هەرگیز ئەوە نانووسێت، چون عوقدەی دەروونی هەبووە.

**پرسیار:** کاک مستەفا ئەو عوقدە دەروونییە شێرکۆ هەژار لە کەیەوە دروست بووە؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** شێرکۆ تا تەمەنی هەشت ساڵی لەگەڵ دایکم بە تەنیا بەیەکەوە بوون، دوای هەشت ساڵان باوکمی دیوە و بە دایکمی گوتووە ئەوە کێیە؟ ئەو پیاوە بۆ شەوانە دێتە لامان؟، بە هەرحاڵ خۆشی نەویستووە، ئەوەی چێشتی مجێوریش تەئسیری زیاتری هەبووە.

**پرسیار:** ئاساییە بزانم ئێستا پەیوەندی نێوان ئێوەی براکان چۆنە؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** باش نییە، چونکە هەریەکەی ڕێبازەکی گرتووە، زاگرۆس دیموکراتە، خانی لەگەڵ بارزانییە و شێرکۆ کاری بە کەسدا نییە.

**پرسیار:** کتێبی (تاریخ سلیمانییە) تا ئێستا چاپ نەکراوە، دەوترێت فارسییەکەی خراپە، بۆیە چاپ ناکرێت؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** ئەو فارسییە فارسییەکی خراپ نییە. لە ڕاستیدا کتێبێکی ئەدەبی و کتێبێکی مێژوویی بە یەک شێواز تەرجەمەی بکەیت، هەردووکیان وەک یەک نابێت و یەکیان چاک دەرناچێت، هەژار ئەم کتێبەکەشی بە زمانی مێژوویی تەرجەمە کردووە، بەڵام ئەو فارسییە، فارسی زمانی پەهلەوی بووە و لەگەڵ زمانی ئێستا یەکناگرێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێت کتێبەکە بە گشتی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و بخرێتە سەر زمانی ئێستا، ئێمەش تا ئێستا یەکلایی نەبووینەوە کە ئایا دروستە ئەم کارە بکەین؟ یان نا؟ ئەگەر ئێستاش بەم شێوەیەی کە هەیە چاپی بکەین، کتێبێکی شیرین نابێت.

**پرسیار:** باس لە وەرگێڕانی کتێبی (روابط فرهنگی ایران و مصر) دەکرێت لە لایەن هەژار موکریانییەوە، بەڵام تا ئێستا چاپ نەکراوە و هیچ باسێکی لەبارەیەوە ناکرێت، بۆچی؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** لە ڕاستیدا شتێک نەماوە بە ناوی کتێبی (روابط فرهنگی ایران و مصر)، چونکە کاتی خۆی لە تاران و لە لایەن کارمەندێکی سەدا و سیما کە کۆمۆنیست/ شیوعی بووە، سوتێندراوە، لە دژی باوکم سووتاندوویەتی، چونکە باوکم ناسیۆنالیست بووە.

**پرسیار:** هەژار و هێدی (خالید حیسام ئاغا) نێوانیان خۆش نەبوو، هۆکارەکەی چی بوو؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** ئەوە ئاغایەتی و کرمانجایەتییە، هێدی ئینسانێک بوو لە خۆڕا نارەحەت و زیز دەبوو، گوایە کاتی خۆی خالید ئاغا نەخۆش دەکەوێت، باوکیشم وەختی نابێت و لە خەستەخانە سەردانی ناکات، لەبەر ئەوە خالید ئاغا ئەمە لە دڵ دەگرێت، تەنانەت کاتێک باوکم کۆچی دوایی دەکات، کاک مەسعوود بە کاک خالید دەڵێ: شیعرێک بۆ مامۆستا هەژار ناڵێی؟ ئەویش خۆی دەدزێتەوە و بۆ کۆچی دوایی هەژار شیعر نانووسێ. هەروەها خالید ئاغا بڵند پەروازیشی هەبوو، مەسەلەن لە عەزیمییە لای خەڵکی گوتەویەتی من وەزیر دیفاعی بارزانی بووم. جارێکی دیکەش باوکم بە مەبەستی دامەزراندن دەچێتە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و مقالەی دەکەن، دواتر نۆبەتی خالید ئاغا هاتووە، بەڵام معاشی کەمتریان بۆ خالید ئاغا داناوە، ئەویش

گوتویەتی بۆ ئەوەندە بە من دەدەن و هێندە بە هەژار دەدەن؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن تۆ خۆت دێنییە ڕیزی هەژار؟ هەژار لە عەرەبیدا عەلـلامەیە، تۆ عەرەبی دەزانی؟ خالید ئاغا دەڵێت ناوەڵڵا. دیارە خالید ئاغا لە کتێبی ئاوێنەی شکاودا شتی زیادەی نووسیوە.

**پرسیار:** تکایە وردەکاری کاتی کۆچ کردنی هەژار موکریانی بخەڕوو بۆمان؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** دوازدە ڕۆژ دوای هاتنەوەی باوکم لە پاریس، زۆر ناڕەحەت بوو، بردیانە لای دکتۆر هومایونی حەیدەری سابڵاغی، دکتۆریش گوتبووی دەبێت لە تاران و لە نزیک من بێ نەچێتەوە و کەرەج، ئێمەش لە تاران چووینە ماڵی خانمە خانم کە دۆستمان بوون، خانمە خانم دەبێتە برازای پێشەوا، بۆ ڕۆژی دواتر حاڵی زۆر خراپتر بوو، دەستبەجێ بردیانەوە بۆ لای دکتۆر، لە لای دکتۆر لەسەر تەختی نەخۆش درێژ کرا، ئەوسا کۆچی دوایی کرد. ئیدی لە تارانەوە ڕەحمانی میسباح و خانمە خانمە و مەعسوومەی دایکم هاتنەوە عەزیمییە، ئینجا جەماعەتی پارتی یەکسەر هاتن، نەیانهێشت بیهێننەوە ژووری، مەسولی مقەر گوتی ئەوە تەرمی ئێمەیە و دەبێتە بێتەوە مقەری ئێمە، لەوێ شووشتیان و کفن و دفنیان کرد،

شـــــەوێش بەرەو مەهابـــــاد بەڕێکەوتــــین، خەڵکێکـــــی زۆر و بارزانییەکـان هەمـوو کۆبـوونەوە، ئەو کـاتە کـاک مەسـعوود لە ڕاژانە بـوو، بـۆ بەیـانی و لە کـاتی بە خـاک سـپاردنی تەرمەکەی کـاک مەسـعوود هـاتە گۆڕسـتان، ئەو ڕۆژە کـاک مەسـعوود تـا ئێوارە لەوێ مایەوە و نانی نەخوارد.

**پرسیار:** ئەوەی دەوترێت هەژار موکریانی وەسیەتی کردووە بۆ ئەوەی لە لای مەلا مستەفای بارزانی بنێژن، دروستە؟

**مسـتەفا هەژار موکریـانی:** بەڵـێ، دروسـتە، کە لە ژێـر پێـی مەلا مستەفای بمنێژن، جا قەیدی چییە؟

**پرسیار:** بەگوێرەی وەسیەتەکەی هەژار موکریانی بێت، دەبووایە لە شنۆ و لای مەلا مستەفای بارزانی بنێژن، بۆچی لەوێ نەنێژرا و بردیانەوە مەهاباد؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** لە یادمە، کە لە مزگەوتـی سـوور هەرا پەیدا بوو، ئاغا برای شاعیر شیعری خوێندەوە و گوتی مەهابـاد بـێ هەژار نابێـت، فەرەنسـۆ هەریـریش هەسـتا و قسـەی کـرد، هەندێک گوتیـان بە مۆقەتی دەینێـژین و دواتـر دەیبەیـنە ئەودیـو، ئیـدی هەمـووی ئەهـوەن بـوونەوە، هەروەهـا دایکیشـم گوتبـووی لێرەی دەنێژین، بە دەستووری دایکم لە مەهاباد نێژرا.

**پرسیار:** کۆتـا پرسـیار، لەو چـوار بـرایە، کامتـان پتـر بە هەژار موکریانی دەچن؟

**مستەفا هەژار موکریانی:** بە پێکەنینەوە فەقەت من، کاتی خۆی لە عەزیمیـیە دەیانویسـت سـێبەری هەژار موکریـانی تۆمـار بـکەن، ئیدی سێبەری منیان تۆمار کرد و دروست وەک باوکم دەرچوو.

**پوختەی ژیاننامەی مستەفا هەژار موکریانی**

مستەفا عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، ناسراو بە مستەفا هەژار موکریانی، کوڕی دووەمی هەژارە و ساڵی ١٩٥٥ لە شەقڵاوە لەدایکبووە، بەشێکی خوێندنی لە باشووری کوردستان خوێندووە. ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ بنەماڵەکەی لە عێراق و کوردستانەوە گەڕاوەنەتەوە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ساڵی ١٩٨٥ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ماپەرە فەتاحی پێک هێناوە و خاوەنی دوو کچ و کوڕێکن بە ناوەکانی چامە، بارزان، شیرین.

لە ئێران خوێندنی تەواو کردووە و دبلۆمی ئینسانی بە دەست هێناوە. دواتر بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لە دەنگ و ڕەنگی ناوەندی تاران کاری وەرگێڕان و دۆبلاژی کردووە.

لە دوای گەڕانەوەیان بۆ ئێران لە کەرەج ژیاون، ساڵی ٢٠١٢ گەڕاوەتەوە مەهاباد و ئێستا لەوێ نیشتەجێیە و سەرقاڵی کاری وەرگێڕانە. کتێبی (زەماوەندی زێن)ی تەیب ساڵحی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

## شەشەم: دیداری ماجد مەردۆخ ڕۆحانی[1]:

**پرسیار:** کاک ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، لە کاتی ئێوەی بەڕێز دەگرین و بە پرسیار ماندووتان دەکەین، بەڵام بۆچوونەکانی ئێوە بە لامانەوە گرنگن.

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** تۆ پێت خۆش بێ زانست و زانیاری کۆکەیەوە لە بارەی کۆڵەکەیەک لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لە خزمەتدام و یارمەتیت دەدەم، ئەگەر شتێک بزانم دریغی ناکەم.

**پرسیار:** لە ڕاستیدا سەرقاڵی نووسینی توێژینەوەم سەبارەت بە هەژار موکریانی، بەتایبەت نووسینەوەی مێژوو لە نێو چێشتی مجێوردا، لەم بارەیەوە پرسیارەکانت ئاراستە دەکەم؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** کاک زامدار، وا دەزانم نەختێک زەحمەتییەکەت بە فیرۆ دەچێ، گرنگیەتی کەسایەتی مامۆستا هەژار، ئەوە نییە کە مێژوونووسە، ئەوە نییە کە مێژووزانە، ئەدەبیاتی مامۆستا هەژارە دەوڵەمەندە، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بۆت بێژم کە هەرگیز ناتوانیت وەک مێژوونووس و مێژووزان تەمەشا مامۆستا هەژار بکەی، کێ گوتوویەتی مامۆستا هەژار مێژووزانە، یاخود مێژوونووسە، تا تۆ نەفییەکەی نیشان بدەیت،

(١) ئەم دیدارە ڕێککەوتی ٢٠٢١/١٠/١٤ ئەنجامدراوە.

ئەوەی لە چێشتی مجێوردا مامۆستا نەقڵی دەکات، زۆر باناداتەوە سەر ئەوەی کە بارێکی تاریخی پێ بدات، حاڵەتێکی دەروونی خۆی بووە، بە جۆرێک پەیوەندی لەگەڵ کەسەکە باش بوو بێت، باشی گوتووە، خراپ بوو بێت، خراپی گوتووە، ئەمە مێژوو نییە، ئەمە لە واقیعدا بەسەرهاتە.

**پرسیار:** لە ئێستادا جەخت لەسەر بیرەوەرییەکان دەکرێتەوە، بە نموونە سیاسییەکان، یان کەسایەتییەکان، کاتێک بیرەوەرییەکان بڵاودەکەنەوە، لە لایەن توێژەرانەوە دیدی چەند بیرەوەرییەک، لە بارەی ڕووداوێکی مێژوویی وەردەگرن، دواتر شرۆڤەی دەدەن و بەراوردی دەکەن، هەرچی چێشتی مجێوریشە، بیرەوەری کەسایەتییەکە، بیرەوەرییەکان بەشێکە لە مێژوو، ڕووداوی مێژوویی تێدایە، هەر وەک چۆن بیرەوەری کەسایەتییەکی دیکە وەک مێژوو دەبینین، ئەوەی هەژاریش لەو چوارچێوەیەدایە.

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** ئێستا من سوور نیم لەسەر ئەو کارە کە خراپە، بەڵام ئێستا قسەی نەگوتراو لە مەوریدی نەگوتراوی مامۆستا هەژار زۆرە، لە مەوریدی وەرگێڕانەکانی زۆرە، دیارە تەرجەمەکانی هەژار موکریان ئازادیش نییە، بەڵکوو شتێکە بۆ خۆی، جیاواز لە هەموو شتێکە کە بە ناوی وەرگێڕان دیومانە.

**پرسیار:** دیارە ئەو بوارەی من کاری تێدا دەکەم، مێژووە، دەکرێی کەسانی دیکەی بوارەکانی دیکە لە لایەنەکانی دیکەی هەژار موکریانی بکۆڵنەوە. ئێستا دەپرسم ئێوە وەکوو کەسێکی نزیکی هەژار موکریانی، کە هەم لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا پەیوەندیتان لەگەڵی هەبووە، هەمیش وەکوو نووسیاری کتێبەکانی هەژار موکریانی کارتان کردووە، هەژار موکریانی لە کتێبی چێشتی مجێور، نادادپەروەرانە نەینووسیوە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** دیارە هەژار موکریانی لە کتێبی (مێژووی ناوداران) ناوی هاتووە، من لە شوێنێکدا پەراوێزێکم نووسیوە، کە هەژار موکریانی ئەگەر بۆچوون و بڕوای لە مەوریدی کەسێکدا بکەوتایە باری چەوتەوە، ئیدی هەیهاتە، هەموو شتێکی لە بارەی ئەو کەسەوە ڕەش دەبینی، هەژار موکریانی ئەوەی هەبوو، بە نموونە باسی مارف خەزنەدار دەکات، چۆن بووە و چی بووە، کە ئیدی وە کەیفی نەهاتووە و ڕقی لێ هەستاوە، تازە ئیدی ئەوە ماوەتەوە، خاڵێک نوقتەیەکی بەخێری لەو پیاوەدا نەدەدیت، ئەوە شتێکە کە منیش پێی گەیشتووم، لە چێشتی مجێوریشدا زۆر کەس کەوتووەتە بەر ئەو لاشاوەوە، ئەوە ڕاستە وایە، بەڵام نەک بڵێی ئەوە بۆ هەموو کەسێک دروستە، بە نموونە باسی محەممەد مەولوود دەکات و

تاریفی دەکات، بزانە چۆن ناوی دەبا، چۆناوچۆن باسی دەکات، هەروەها مامۆستا ئیمامی کەسێکی دیکەیە و بە باشە نێوی هێناوە، واتە ئەوە نییە هەموو کەسێکی بە ڕەش دیبێ، بەڵام ئەگەر کەسێکی بە ڕەش بینیبا ئیدی خاڵی سپی تێدا نەدەبینی.

**پرسیار:** دەوترێت لە کۆی گشتی نووسینەکانی هەژار، پتر لە خزمەتی بارزانیدا بووە، بە شێوەیەک لە خزمەتی هیچ شتێکدا نەبووە، هەروەها یەکێکە لەوانە بووە کە ڕۆڵی خراپی بینیوە لە زەقکردنەوە و قوەڵکردنەوەی کێشەکان، بەتایبەتی لە باشووری کوردستاندا، هەر لە بۆ کوردستان و لە چێشتی مجێوردا، بە دەیان جار بە ناو و ناوتۆرە باسی جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد دەکات، ئەو ڕۆڵە خراپە لە چ هەست و نەستێکەوە دروست بووە؟ هۆکارەکەی چییە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** هەژار موکریانی یەکجار دڵی بە لای مەلا مستەفاوە بووە، هەموو شتێکی لەودا دیوەتەوە، کوردایەتییەکەی، ئەو ئاوات و ئارەزوو کە هەیبووە بۆ داهاتووی کورد، هەموو شتێکی لە مەلا مستەفادا دیوەتەوە، ئەگەر شتێک بەرهەڵستی ئەوی کردبێت، بە لای ئەوەوە خوێن تاڵ و ناشیرین و دزێو بووە، کە وا بوو ئێستا برایم ئەحمەد و مام جەلال لە ساڵی ١٩٦٦دا کە پشتیان لێ کرد و چوون بەرەو بارێکی تر،

وەک لە مێژووشدا دەڵێن هاتوونە ئێران و ماوەیەک لە هەمەدان ماونەتەوە، ئەوسا چوونەتە نێو جەیشی عەرەبی و لە پێش ئەوانەوە پێشمەرگەکانیان ناسیوەتەوە، هەژار خەریکە ئەوە زەق دەکاتەوە، چونکە ئەو وەکوو یارێکی مەلا مستەفا هەر دەبێت وا بکات، تۆ نابێ چاوەڕوانی شتی دیکەت هەبێت.

**پرسیار:** هەر ئەم بۆچوونە وا لە هەژار دەکات کە بکەوێتە هەڵەوە، بە نموونە ساڵی ١٩٦٩ وتارێک بە ناونیشانی (هەژار موکریانی شایەری دەرباری بارزانی) لە نووسینی (مامە پیرە) لە گۆڤاری (ڕزگاری) بڵاودەکرێتەوە، هەژار یەکسەر دەڵێت ئەوە ئیشی برایم ئەحمەدە، واتە بە دوای حەقیقەتەکەدا نەڕۆیشتووە، ئەوەی لە هزریدا بووە ئەوەی گوتووە، چون ئەم وتارە برایم نەینووسیوە، بەڵکوو نەوشیروان مستەفا ئەمین نووسیویەتی؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** دەڵێن ئەگەر شەڕ قەوما ئیدی نوقڵ و نەبات بەش ناکەنەوە، ئەو کاتە بەینی برایم ئەحمەد و هەژار هیچێک نەمابووەوە، ئەوە نییە کە ئەوانیش وەڵامی هەژاریان نەدابێتەوە، وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام زۆربەی ئەو قسانەی مام جەلال و برایم ئەحمەد لە بارەی هەژارەوە گوتوویانە لە ڕادیۆ گوتراوە و چووە و ئێستا من و تۆ نای بیستینەوە، بەڵام ئەوەی هەژار کردوویەتی لەسەر کاغەز بووە و بووەتە کتێب و ئێستا

لەبەرچاومـانە، فەرقەکە ئەوەنـدەیە، ئەگەر نـا ئەوانـیش نکـۆڵی و درێغییان نەبووە، هەرچییەک لە خۆی و پیسـتر و خراپتر نەبێت نسبەتی بدەن لە هەژار، ئیدی شەڕ بووە، ئێستاش دەبینی کاتێک گـۆڕان لەگەڵ یەکێتـی نێوانیـان تێـک دەچـێ هـیچ بـۆ یەکـدی نـاهێڵنەوە، پارتی و یەکێتی لەگەڵ یەک زیـز دەبـن هـیچ بۆ یەک نامێنێتەوە.

**پرسـیار:** بـرایم ئەحـمەد و جەلال تاڵەبـانی زۆر کەم وەڵامـی هەژاریان داوەتەوە، ئەوەی بینیومە برایم ئەحمەد لە وتووێژێکدا لە بارەی زەبیحی‌یەوە دەڵێت هەژار بێ سفەت و بێ وەفا بووە، ئەوەندەی تۆ بزانی شتی دیکە هەیە؟

**ماجـد مەردۆخ ڕۆحـانی:** زۆربەی زۆری ئەوانەی بە هەژاریـان گوتـــووە لە ڕادیـــۆ خوێنـــدراوەتەوە و هیچیـــان بـــۆ هەژار نەهێشـتووەتەوە، بەڵام چـووە و نەمـاوە، لە شـوێنێکدا تۆمـار نەکـراوە، تـۆ دەبێـت ئەو سـەردەم ببینیـت، چـاوت لەوەبـێ کە ئەودەم مەســەلەن ســاڵی ١٩٦٦ هەژار شــیعری گوتـــووە، لە بەرانبەردا ئەوانیش ڕادیۆیان هەبووە و وەڵامیان داوەتەوە، بەڵام ئێستا تۆمارە ڕادیۆییەکە ماوە بزانی ڕادیۆ چی گوتووە؟ من ئەو پرسـیارەم لە خـودی هەژار کـرد، گـوتم ئەوە چـۆنە هەر تـۆ گوتـووتە و ئەوان وەڵامیـان نەداوەتەوە، پێکەنـی و گـوتی: چـۆن

وەڵامیــان نەداوەتەوە، وەڵــڵا حەیایــان بــۆم نەدەهێشــت، بەڵام نووسین دەمێنێتەوە و ڕادیۆ نامێنێتەوە و چووە، ئەوجا گوتم ئێستا بگەڕێی چوار دانە وتار و هیچ کتێبێک نییە کە برایم ئەحمەد و مام جەلال و دەستوپێوەندەکانیان وەڵامی تۆیان دابێتەوە شتێکیان لەبارەتەوە گوتبێت، یان شتێکیان بۆ تۆ هەڵبەستبێ بە ڕاست یان بە درۆ، گوتی کاکە نەماوە، چون لە ڕادیۆ کردوویانە.

**پرسیار:** دەبێت خوێندنەوەیەکی دیکە بکەین دروست نەبێت، بەوەی بڵێین جەلال تاڵەبانی و برایم ئەحمەد زۆر گوێیان بە قسەکانی هەژار نەداوە و گوتبێتیان شاعیری دەربارەی و لێی گەڕێ؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** سەرەتا وام بیر لێدەکردەوە، تا لە خۆیم بیست و وەڵامی دایەوە.

**پرسیار:** لەم بارەیەوە شتێکی دیکە لای بەڕێزت هەیە تاکوو باسی بکەیت؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** ئێستا شتێکی وام لە بیر نییە، بەڵام ئەگەر قسە بێتە پێشەوە و شتێکم لە بیر بێ من عەرزتی دەکەم.

**پرسیار:** خوێندنەوەی بەڕێزت بۆ چێشتی مجێور چییە و چۆنی دەبینــی؟ بەدەر لە لایەنــی زمــانەوانی و گرنگــی وشەســازی و چێژی نووسینەکەی؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** مـن یـازدە سـاڵ لە هەژار نزیـک بـووم، دەتوانم بڵێم نزیکترین کەس بووم لێی، یەکەم جار خۆی چێشـتی مجێوری پێدام و خوێندمەوە، بە پێنج شەو و شەش ڕۆژ تەواوم کرد و هەموویم خوێندەوە، ئەوجار چەند خاڵ و نوکتەم هەبـوو یاداشــتم کـرد و چــوومە خزمەتــی و لــێم تــووڕە بــوو، کە ئەم وردەکارییەم لە پێشـەکی چێشـتی مجێور نووسـیوە، بەڵام دەقـی چێشــتی مجیـور وەکـوو پەخشــانێک بە لای مـنەوە گەورەتـرین سەرچاوەیە، کە ڕۆژنامەنووسی کوردی لەسـەری خـۆی بگرێت و بنـاغەیەکی یەکجـار قـورس و گەورەیە بـۆ ئەوەی تـۆ بتوانیت شێوەی ڕۆژنامەنووسی بێ تەکەلوف، نووسـینی ئاسـایی و خۆشــبار، بــۆ ئەوەی خــوێنەر مانــدوو نەبێــت و بــۆ ئەوەی قســەکان بتـوانن ڕێکوپێـک و جـوان بـن، مـن پـێم وایە ئەوە لەو لــووتکەدا چێشــتی مجێــورە، پەخشــانی چێشــتی مجێــور ئەوە تایبەتمەنــدییەکەیەتی، ئەوجــا دەگەڕێــتەوە ســەر ئەوەی کە لە بــواری مێــژووییەوە چۆنــاوچۆن چــاوی لــێ بکەیــن، بەلامەوە دەبێت وەکوو ئۆتۆبیۆگرافییەک چاوی لێ بکەین.

**پرسـیار:** ئەو دەستنووسـەی تـۆ بینیـت هەمـان ئەو چێشـتی مجێورەیە کە بڵاوبووەتەوە؟ چون شـێرکۆ هەژار دەڵێت دەستی خانی تێدایە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** ئەوەی هەژار نوسیبووی دوو بەش بوو، یانی کە دەفتەرەکەت دەکردەوە، لە لای ڕاستی کەسایەتییەکانت دەبینـی کە ناسـاندوویەتی، کەسـایەتییەکانی لە نێـو دەق باسـی کـردوون، ئیـدی لە دەقـدا باسـی نەدەکـردەوە، بـۆ نمـوونە ناڵێـت سەروشـکڵی چـۆن بـووە قیـافەی چـۆن بـووە، ئەخـڵاق و عـادەتی چـۆن بـووە، کە چـی کـرد و چـی گـوت و چـم پـێ گـوت و بەرەو کوێ چوو، ئەمانەی لە لای ڕاسـتەوە دانـاوە، کە وا بـوو کتێبەکە لای چەپی دەبێتە دەقی کتێبەکە، لای ڕاستی دەبێتە پەراوێزەکان، مـن لە پـاریس ئەوەمـدا بە خـانی، کە ئەودەم خـانی لە ئینسـتیتۆ بوو، چونکە داوای کرد، گوتی من لێرە دەتوانم پیتەکانی بچنم، منیش لە سەفەرێکدا بۆ پاریس لەگەڵ خـۆم بـردم و پێمـدا، بەڵام خانی ئەوانەی لەیەکدا و تێکەڵی کرد، یانی پەراوێزی نەهێشـت و هەمـووی هێنـایە نێـو دەقەکەوە، دەنـا شـتێکی وای لـێ زیـاد نەکردووە، ئەوەی کە بزانم و من خەبەرم هەبێت، سـەبارەت بە شـێرکۆ دوو لاپەڕەیەکی نووسـیبوو، کە چـۆن ئـاوای لـێ هـات و چـۆن وای لـێ قەومـا و چـی کـرد و کـارە ناشـیرینەکانی و قسـە

دزێوەکانی چی بوون، ئەوانەی هەموو باس کردبوو، ئەو کاتەی خەریکی چاپ کردنی کتێبەکە بوون، دادە مەعسووم داوای لە خانیی کوڕی کرد، کە ئەوانەی لێ لابدات و لێی بسڕێتەوە، با باسی شێرکۆی تێدا نەبێت، ئێستا لە هەموو چێشتی مجێور تەنیا ئاماژەیەک بە شێرکۆ دراوە، خانی ئەوەندەی هێشتەوە و لەسەر داوای دایکی ئەوەکەی دی لابرد، منیش پێم وا نییە خانی خەیانەتێکی کردبێت، چون دایکی داوای لێکردووە و بە قسەی دایکی کردووە، ئەوەش شتێکی ناوخۆیان بووە، بنەماڵەیەکن و دایکەکە پێی خۆش بووە باسی شێرکۆ نەکرێت، هەروەها باسی یەک نەفەری دیکەش لەسەر داوای دادە مەعسوومە لابرا، کە پێم وا بێت هەژار شتێکی ناشیرینی دابووە پاڵییەوە، ئەوەش لابرا، لەو دوانە زیاتر ئەمن هیچێک شک نابەم کە لێی زیاد کرابێت یان لێی لاچووبێت.

**پرسیار:** کەسایەتییەکی دیکە کێ بوو؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** نایڵێم، چون تازە لادراوە، پێویست ناکات ئێستا من ناوەکەی بزڕێنم.

**پرسیار:** ئەو کاتەی تۆ چێشتی مجێورت بە دەستنووس خوێندەوە، ئەو تێبینییانەت لەسەری هەبوو؟ بە هەژار موکریانیت گوت؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** یەکێک لە گرنگترین شتێک کە ئەودەم لە هەژارم داوا کرد، ئەوە بوو کە کابرا جانتایەکی لێ دزیوی، یان بیبەخشە یان بە ئەندازەی خۆی موجازاتی بکە، خودا هەڵناگرێ تۆ ئابڕووی بنەماڵەکەی ببەیت تا قیامەت، ئەی بریا بە قەولمی دەکرد و پێش ئەوەی کتێبەکە لە چاپ دەرچێت خۆی ئەوانەی لادەبرد و پاکی دەکردەوە، بەڵام کە خۆی لە دونیا چوو و کتێب تەنیا لای من بوو، من ئەو کارەم نەکرد، چونکە بە خیانەتم دەزانی هەقم نەبوو دەستی تێوەردەم.

**پرسیار:** بەر لەوەی دەستنووسەکە بدەیت بە خانی، لای خۆت کۆپیت نەکرد؟ دوای ئەوەی ئەو کتێبەش بڵاوبووەوە کە خانی سەرپەرشتی کردبوو، تۆ جارێکی دیکە و بە جۆرێکی دیکە چێشتی مجێورت چاپ کرد؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** ئەو کاتەی دەستنووسەکەم دایە خانی، تەنیا یەک نوسخە لای من بوو، بە دڵنیاییەوە کەسیش نەی دی بوو و کەس نەی خوێندبووەوە، چونکە لای کەسی دیکە نەبوو، پێش ئەوەی بیبەمە پاریس لەسەر داوای دادە مەعسووم دوو کۆپیم لێ هەڵگرت، دانەیەک بۆ خۆم و دانەیەک بۆ دادە مەعسووم، خەبەر هەیە دانەکەی دادە مەعسووم ئێستا لای کاک مستەفای کوڕیەتی، دەستنووسە ڕەسەنەکەش لای خانی‌یە،

دەستنووسەکانی لای خانی چوار دەفتەری گەورەیە، کە ٢٠٠ لاپەڕەیی بوو، سێیان تەواو پڕ ببووەوە و دەفتەری چوارەمی چوار یەکێکی نووسرابوو، باقییەکەی دیکە خاڵی سپی بوو. من دەستم تێوەنەبردووە بە هیچ شێوەیەک نوقتەیەکم لێ ئەولاولا نەکردووە، کە خانی چاپی کرد و بڵاوی کردەوە، هەڵەی زۆری تێدا بوو، من هاتم ئەو هەڵانەم لێ پاک کردەوە و ناونامەیەکم لە ئاخیری بۆ دانا و لە ئەوەڵەوە پێشەکیم بۆ ئیزافە کرد و پێرستێکم بۆ دەرهێنا، لە کۆتاییشدا هەندێک وێنەم لێ دانا. بەڵام ئەوەی خانی هیچی نەنووسیوە، ئیندێکس و ناونامە و پێرستی نییە، کتێبی ئاوا حەیفە بێ ئەو شتانەی بێ، من تەنیا ئەوانەم لێ زیاد کرد، بەڵام هیچ دەستم لە دەقی کتێبەکە نەدا.

**پرسیار:** زێنەب شەرەفکەندی خوشکی هەژار دەڵێت: نەدەبوو چێشتی مجێور هەموو شتێکی تێدا بێت، تۆ سەرپەرشتیت کردبا، دەستکاریت دەکرد؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** قوربان من هەموو تێبینییەکانم لەسەر چێشتی مجێور نووسیبوو، ڕیزێک لە تێبینییەکان ئەوە بوو کە خراپەی فلان کەسی گوتووە و بە بالای فلان کەسیدا گوتووە، هێرشێکی کردووەتە سەر کەسایەتی کەسێک، کەسێکی بێ ئابڕووی کردووە، کە من لەگەڵی نەبووم و هیچ پێم خۆش

نەبــوو، داوام لە هەژار کــرد ئەوانە لە کتێــبەکەی بســڕێتەوە، قسەشم ئەوە بوو کە ئەو کتێبە دەمێنێتەوە و لە هەموو ماڵێکی کورد دەبێت، حەیفە وەک بڵێی سووکایەتی کردنێکی بە خەڵک تێدا بێت، هەم بۆ شانی کتێبەکە خۆش نییە، هەمیش بۆ ئەوانەی نــاوت بــردوون، چــونکە هەموویــان کــوردن و هاوزمانمــانن و دەمرن و دەچن، ئەوجا منداڵانیان بۆ سەرکز بن و بۆ بەوەوە بسوەتێن، بۆ ئەوانە لە خۆمان هەڵاوێرین و جیابکەینەوە، دیارە مامۆســتا بە قســەی نەکــردم. ئەگەر ســەرەتا مــن کــارم لەســەر کردبــا، مــن شــتێکم لە کتێــبە لانەدەبــرد و شتێکیشــم بــۆ ئیــزافە نەدەکرد، چون ئەمانەتداری هەقی ئینسانە ئەوە تۆ ناتوانیت بە کەیفی خۆت، ئەگەر شتێکت پێ خۆش نەبوو لای بەری و ئەگەر شتێکت پێ جوان نەبوو بیسڕییەوە، ناکرێت، تۆ دەبێت ئەمانەتدار بی، مومکینە قبووڵم نەکردبا، چونکە کتێبەکە بە ئەمانەت لای من بوو، سێ ساڵ بوو مامۆستا فەوتیشی کردبوو، هیچ کارێکم لەسەر نەکرد، زۆر کتێبەکەم بە لاوە عەزیز و جوان بوو، بەڵام ئەو خاڵانەی تێدا بوو بە دڵم نەبوو، ئەوجا مابوومەوە چ بکەم؟ خانیش پرسی ئەگەر تۆ کاری لەسەر دەکەیت با لای تۆ بێ، گوتم نەوەڵڵا، گوتی دەی بیدە بە من، کاری لەسەر بکەم، گوتم بان چاو.

**پرسیار:** ئەو تێبینییانەی کاتی خۆی لەسەر چێشتی مجێور نووسیت، ئێستا ماوە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** ناوەڵڵا، نەماوە.

**پرسیار:** دەوترێت هەژار موکریانی وەسیەتی کردووە دوای خۆی چێشتی مجێور بڵاوبێتەوە، هەواڵت لەمە هەیە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** نا، هیچ وەسیەتی ئاوا نەبووە، بەڵام دەیگوت ئێستا بۆ بڵاوکردنەوە نابێت، مەوداماان پێ نادەن چاپی بکەین و ئیجازەی بڵاوکردنەوەی نادەن، ڕاستیشی دەکرد، موتڵەقەن مامۆستا شتی وای نەگوتووە.

**پرسیار:** هەژار موکریانی هەندێک ڕووداوی مێژوویی دروست دەگێڕێتەوە، وەک حەقیقەتێکی مێژوویی، بەڵام لە کەسایەتییەکان دەدا، پێی خۆشە پتری بشکێنێت، بە باوەڕی تۆ، ئەوە بارێکی ڕەوانی نییە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** ئەوەی من لە مامۆستا هەژارم بیست، سەبارەت بە خوێندەواری باشووری کوردستان، یەکجار ڕەشبین بوو، دەیگوت شیوعیگەری تەواو حەڕامی کردوون، تەواو لە دەستی دەرکردوون، ئەو شیوعیانە ئەخلاقیان نەهێشتووە لە نێو خوێندەواری باشووری کوردستاندا، قسەیەکی زۆر دووپاتە دەکردەوە، چەند جار ئەوەم لێ بیستووە، دەیگوت

لادێـــی باشـــووری کوردســـتان یەکجـــار باشـــن، بەڵام خوێندەوارەکانیان یەکجار بێ ئەخلاقن، بە پێچەوانەی ڕۆژهەڵات، دەیگـوت لە ڕۆژهەڵات لادێییەکـان یەکجـار ئەخلاقیـان لە کـیس چـووە و لە دەسـتداوە، بەڵام خوێنـدەوارەکان زۆر ئەخلاقیتـرن، باشـــن، هۆکەشـــی دەگەڕانەوە بـــۆ ئەوەی کە لە ڕۆژهەڵات خوێنـــدەوارەکان چاویـــان لە مەشـــڕووتە و لە حەرەکەتـــی ڕۆشنبیری ئێران بووە و خۆیان لەگەڵ واقیعدا بار هێناوە و لە تەکـی هـاتوون، ئەوانـیش بەشـی خۆیـان ئەخلاقـین، کەچـی خوێنـدەواری باشـوور هەمـوو شـیوعیگەری و بەعسـیگەری ئەخلاقی تێدا نەهێشتووە و یەکجار تێکی داون، بەڵام لادێییەکانی باشـووری کوردسـتان لە شۆڕشـدا بـوون، لە سـەردەمی شـێخ مەحمـوود و مەلا مسـتەفا و دواتـر یـارمەتی شۆڕشـیان داوە و باربوویـان بۆ کـردووە و لەگەڵیدا بـوون و جـوان بـار هـاتوون، ئەوەم زۆر جار لە مامۆستا بیسـتووە، کە تەمەشـاش دەکەم خۆ خـراپیش نەچـووە، دەتـوانم بڵێم ددانـی خێری بە خوێندەوارێکی ئەو دیـو دانەنـاوە، مەگەر بە دەگـمەن ئەوە ئـی ئەو شـێوە ڕوانگەیەیە کە هەیبوو.

**پرسیار:** بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ قۆناغەکانی پێشتر هەژاریش چەپ بووە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** ناوەڵڵا بەو مانایە نا، هەرگیز شیوعی نەبووە، ئەگەر چەپ تۆ بە شیوعی دەبینی، مامۆستا هەرگیز شیوعی نەبووە، گوتی چەند جاریش خەڵکیان دەنارده لام کە فێرم کا و ڕامبێنێ و تەعلیمم بدات، بەڵام هەر بە مێشکمدا نەچوو و بڕوام پێ نەکرد، دیارە لە چێشتی مجێور باسی خالید بەکتاشی سەرۆکی کۆمەنیستەکانی کوردی سووریا دەکات، تەمەشا دەکەیت هیچ ئابڕووی بۆ نەهێشتووەتەوە.

**پرسیار:** دوای پەراگەندەیی هەژار موکریانی بۆ باشوور، کاری بەسەر ڕۆژهەڵاتدا نامێنێت، نە حیزب، نە خەڵک، وازی لە ڕۆژهەڵات هێنا، هۆکاری ئەمە چییە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** وایە، چونکە لە ڕۆژهەڵات خەبەرێک نەبوو، دەسەڵاتی شای ئێران ئەوەندە چڕ بوو، ئەوەندە قورس بوو، کە شتێک نەماوە باسی بکات، شتێک نەماوە بۆ ئەوەی خۆی لێ بدات، چەند شتێک هەیە، وەک ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی کە لە ڕۆژهەڵات چوونەتە عێراق و کوردستان یەکیان دیوە و بە یەک گەیشتوونەوە، تا ئەو دەمەی لە سووریا بووە غەریب و لە هەندەران و ژیانی سەخت بووە، کە مەلا مستەفا

گەڕاوەتەوە بۆ عێراق مامۆستا هەژار بووژاوەتەوە، ئەوەیە کە هەموو بیر و هزر و کار و توانای لە پێناو بزووتنەوەکەی مەلا مستەفا داناوە، ئەوە دروستە.

**پرسیار:** بەڵام تەنانەت ئەو کاتانەی حیزب لە ڕۆژهەڵات چالاکی دەکات، وەک جووڵانەوەی چەکدارانە، هەژار هەر کاری پێیاندا نییە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** لە ڕۆژهەڵات شتێک ڕووی نەداوە، تا لە بەر چاوی بێ، ئەوانەشی وەکوو مەلا ئاوارە و جووڵانەوە زۆر ناوچەییەکان کە هەبووە، زۆر دڵی پێی خۆش نەبووە، پێی وا نەبوو بگاتە جێگایەک و بەرەو پێش بڕوا، بەڵام زۆر بڕوا و ئیمانی بوو بە بزووتنەوەکەی مەلا مستەفا هەبوو.

**پرسیار:** جاروبار باسی فەرهەنگی عەمید دەکرێت، کە هەژار موکریانی نووسیویەتی، زانیاری چیت لەسەری هەیە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** پێش ئەوەی بە خزمەتی مامۆستا بگەم، لە (واحد فعالیتهای فرهنگی) کاری دەکرد، کە من ئاشنا بووم بە خزمەتی و توانیم وا بکەم کە نەختێک بڕوا بکات بەوەی کە پێم خۆشە کاری لەگەڵ بکەم و یارمەتی بدەم، وردە وردە هاتینە سەر ئەوەی کە بێتە ئینتشاراتی سروش، ئەوجار کتێبی چاپ دەکرد، خراپ نەبوو، بەهەرحاڵ دەمتوانی لەوێ باش خزمەتی

ماموستا بکەم، پێش ئەوەی من بێم، واتە پاش ئینقلاب، بە ماوەی چەند مانگ، ئاغای فەخرەدینی ئەنوار داوای لە ماموستا هەژار کردبوو کە چ کارێکت پێ خۆشە جێبەجێی بکە، ئەویش گوتبووی چتان دەوێت؟ ئەویش گوتبووی فەرهەنگی عەمیدمان بۆ بکە بە کوردی، ماموستا هەژاریش گوتبووی کەسێکم دەوێت کە یارمەتیم بدات، ئەوانیش خانمێکیان بە ناوی (رەزوانی موتەوەسیل) کە کارمەندی ئەوێ بوو، لەگەڵی دانابوو، ئێستاش زیندووە، پێم وا بێ دەوری ٣٠ بۆ ٤٠ لاپەڕەیەک، کەمتر لە ٥٠ لاپەڕە کاریان کردووە، کە خانمی متەوەسل هێماکان، مەدخەلەکان، دانە دانە بە فارسی بنووسێ، ماموستا هەژار کوردییەکەی لە بەرانبەردا بنووسێت، خانمی متەوەسل لاتینییەکەی بنووسێ یان فۆنەتیکییەکەی، کارێکی وا نەبوو، ڕۆژی دوو لاپەڕە سێ لاپەڕە کاریان کردبوو، نە زیاتر، ئەوجار کە من گەیشتمە خزمەتی و هاتە سروش، بیرەکەی فراوان و گەورەتر کرد، گوتی با فەرهەنگێکی کوردی بە کوردی بێ، منیش توانیم لەگەڵ ڕەئیس و مدیر و سەرۆکی ئیدارەی سروش قسە بکەم، ئەوانیش گوتیان باشە و پشتیوانی دەکەین، ئێمە دەستمان کرد بەو کارە، نزیکەی ساڵێک خەریک بووین، من پێشنیازم کرد، با فارسییەکیشی بۆ زیاد بکەین، ماموستا پێی خۆش نەبوو،

بەڵام من دەمگوت کوردی ڕۆژهەڵات کوردی نازانین، مەگەر بە یارمەتی فارسییەکە بتوانین سوود لە کوردییەکە وەرگرن، هەرچۆنێک بێ ماموستا ناوی لێ نا بێگار، بەڵام زۆربەی کارەکەش من کردم کە فارسییەکەم لێ زیاد کرد، تا ماموستا لە ژیاندا بوو، من فەرهەنگی عەمیدم نەدیت، دوای کۆچی دوایی ماموستا هەژار، دادە مەعسووم دوو سێ جار بە منی گوت وەرە ئەو کتێبخانە بگەڕێ بزانە چی تێدایە، کە بە کارت بخوات و تۆ بتوانیت ئیستیفادەی لێ بکەیت، من دڵم نەدەهات و پێم خۆش نەبوو، شتەکە سەخت بوو، بیرەوەری ماموستا هەژار بوو و ئەزیەتی دەکردم، ئەو کارەم نەکرد، دوای چەند ساڵ کاک مستەفا گوتی شتێکم دۆزیوەتەوە، شایەد بەکارت بێ، ئەوە فەرهەنگی عەمید بوو، کاتێک کاک مستەفا پێیدام لەگەڵ دۆستێک بە نێوی (محێدینی کەریمیان) بووم، گوتم کاک محێدین با ئەوە لە لای تۆوە بێ و تۆ بەرابەری بکەوە، بزانە چیمان نەنووسیوە، بەشکو ئەگەر لەوێ هەیە با زیادی بکەین، بەو ناونیشانە کاک محێدین گوتی خودا دەیزانی تاقە وشەیەکیش نەبووە، کە ئێمە خۆمان نەمانهێنابێ لەوەوە هاتبێت، ئێستاش فەرهەنگەکە هەیە سی و چەند لاپەڕەیەکە. خودی فەرهەنگی عەمید ٥٤ ساڵە چاپ نەکراوە، فەرهەنگێکی زۆر کۆنە و زۆربەی زۆری وشەکانی هەر

عەرەبین، فەرهەنگێکی مەتروکە، ئێستا کەس دەست بۆ ئەو فەرهەنگە نابات، خودی فەرهەنگی عەمید شتێکی وای قابیل نییە، ئێستا ئەگەر بێتە کوردی چی لێ دێ؟ ئەگەر سەرنج بدەینە سەر فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە دەبینین هەژار موکریانی لە پێشەکیدا سوپاسی چەند کەسێکی کردووە، یەکەم کەسێک خانمی ڕەزوانی متەوەسلە، واتە هەرچی کراوە هاتووەتە ناو هەنبانە بۆرینە.

**پرسیار:** هیچ نووسراوەیەک سەبارەت بە بەرهەمەکانی هەژار موکریانی لە نێوان تۆ و مەعسوومە خان هەیە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** بەڵێ، بەڵێ، دوو وەکالەت نامەی بۆ کردووم، یەکیان لە تاران و یەکیان لە هەولێر.

**پرسیار:** هەر یەک لە کتێبەکانی (روابط فرهنگی ایران و مصر، تاریخ سلیمانیە) تا ئێستا بەردەست نییە، هەروەها کتێبی (اثار البلاد و اخبار العباد) بە وەرگێڕانی هەژار هەر یەک جار چاپ کراوە، زانیاریت لەسەر ئەمانە هەیە؟

**ماجد مەردۆخ ڕۆحانی:** بێ خەبەرم لە کتێبی (تاریخ سلیمانیە) هەر نەمدیتووە، لای کوڕی کاک مستەفایە، نازانم بۆ قەتیسی کردووە، بەڵام کتێبی (روابط فرهنگی ایران و مصر) هەر بزر بووە و لە بەین چووە، بەر لەوەی من بە خزمەتی بگەم، هەرچی کتێبی (اثار البلاد و اخبار العباد) لە شانی مامۆستادا نییە.

- زۆر سپاس بۆ کات بەخشین و زانیارییەکانی بەڕێزت، بە دڵنیـــاییەوە ســـوودی لێـــوەردەگرم و بە ئەمـــانەتەوە قسەکانت دادەنێم.
- خـــاهیش دەکەم، هیـــوای ســـەرکەوتنت بـــۆ دەخـــوازم، ئومێدەوارم هەروا بە وردی و بە دیقەت کارەکەت بەریتە پێشـەوە و لێی مانـدوو نەبـی و کـارێکی پڕوپەرداختمـان پێشکەش بکەیت، دڵخۆشـم بەوەی کە کەسێکی وەک تـۆ ئـــاوا بە وردبینیـــیەوە گەڕاوە و زەحمەتـــی کێشـــاوە، قسـەکانت دەری دەخـات کە زۆر خـۆت مانـدوو کـردووە، منـیش پـێم خۆشـە لەگەڵ کەسـی وا قسـە بـکەم، دەزانـم قســـەکانم بە فیـــڕۆ ناچێـــت، بەلامەوە خۆشـــە، کە هەر قسـەیەک دەکەیـت قەدر و قیمەتـی تـۆ دەچێتە سـەرتر و زۆر زیاتر خۆشمدەوێی و پێم خۆشە یارمەتیت بدەم، کە حەتمەن دریغی ناکەم.

## پوختەی ژیاننامەی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی

ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، کوڕی بابا مەردۆخی ڕۆحانییە، ساڵی ١٩٥٨ لە سنە لەدایکبووە، دایکی لە بنەماڵەی مفتیزادەیە.

ڕۆحانی، دۆستایەتی لەگەڵ هەژار موکریانی هەبووە، لە دوای کۆچی دوایی هەژار سەرپەرشتی لە چاپدانەوەی زۆربەی بەرهەمەکانی هەژاری موکریانی لە ئەستۆدایە.

خۆشی چەندین بەرهەمی بە چاپ گەیاندووە، لەوانە: فەرهەنگی فارسی- کوردی، وەرگێڕانی کتێبی (تاریخ مشاهیر کرد/ مێژووی ناودارانی کورد) و...

## حەوتەم: دیداری هادی موڕادی[1]:

**پرسیار:** کاک هادی موڕادی، سەبارەت بە هەژار موکریانی چەند پرسیارێکتان ئاراستە دەکەین، سوپاسگوزاری وەڵامی ئێوەین.

**هـادی مـوڕادی:** لە بوارێکدا بتـوانم وەڵام بـدەمەوە، قەتـعەن لە خزمەتدامە و درێغی ناکەم، دیارە پێشم خۆشە، ئەگەر کارێکم لەدەست بێ ئەنجامی بدەم بۆ جەنابتان.

**پرسیار:** دەوترێت چێشتی مجێور بڕێک لە سەنگ و قورسایی هەژار موکریـــانی کەم کـــردووەتەوە، چـــونکە زۆر شـــتی نە گونجاوی تێدایە، بۆچوونی ئێوە لەمبارەیەوە چییە؟

**هـــادی مـــوڕادی:** ڕاســـتییەکەی ئەوەیە، مامۆســـتا ئەو کـــارەی نەدەکرد، دەیگوت ژیانی من ئەوەندە ناهێنێت، دەیفەرموو ژیانی من ئەوەندە ناهێنێت من شتێکی لەسەر بنووسم، بەڵام زیاتر کاک ماجد مەردۆخ ڕۆحانی و کەمتر من هەوڵماندا، کە مامۆستا ئەو کتێبە بنووسێ و یادەوەری خۆی تێدا تۆمار بکا، چونکە دەمانزانی کە حافیزەیەکی یەکجار بە هێزی هەیە و زۆرێک لە ڕووداوەکانی لە هزندا ماوەتەوە، کە حەیفە ئەو ڕووداوانە بەو درک و بەو زهنییەتە فراوانە، کە مامۆستا هەیەتی نەنووسرێت،

(١) ئەم دیدارە ڕێککەوتی ٢٠٢١/١٠/١٦ ئەنجامدراوە.

پـــێم وایه زیـــاتر له ســـاڵێک مامۆســـتا مقـــاوەمەتی دەکـــرد و نەیدەنووسـی، پێی وا بـوو ئەگەر بنووسـرێ چاپیش نابێت، لەو زروف و بارودۆخەشـــدا لەوانەبـــوو هەر چـــاپ نەبێـــت، بەڵام ئیسـراری کـاک ماجد مەردۆخ ڕۆحـانی و کەمتر مـن، بـوو بـووە هـۆی ئەوەی مامۆسـتا دەسـت بکـات بەو کـارە، دیـارە کـارەکەی خـانی زۆر نـاقیس و نالەبـار بـوو، بەڵام دواتـر کـاک ماجـد بە جۆرێکی دیکە دەری کرد.

**پرسیار:** دەڵێن هەژار موکریانی وەسیەتی کردووە، کە لە دوای مردنی خۆی چێشتی مجێور بڵاوبکرێتەوە، ئەمەت بیستووە؟

**هـادی مـوڕادی:** نـا، هەرگیـز شـتی وام لـێ نەبیسـتووە، نە لە مامۆستا و نە لە کەسی دیکە.

**پرسیار:** بەڵام شێرکۆی کوڕی هەژار موکریانی ئەمەی دووپاتە کردووەتەوە؟

**هـادی مـوڕادی:** ئەوە جەریـانێکی دیـکەیە، لە سـەرەتاوە کـاک شـێرکۆ و مـام هەژار نێوانیـان بـاش نەبـووە، لەبەر مەسـایلی ئایدۆلۆژیک و حیزبـایەتی، زۆر کەس دەزانن کە بەداخەوە کـاک شـێرکۆش شـێواوە و نەوعـی شـێواوی لە زهنیەتیـدا هەیە، هـیچ نابێت لەسەر ئەو قسانەی تەئکید بکرێت.

**پرسیار:** بەدەر لە باسی ئایدیۆلۆژی و حیزبایەتیدا، کە شێرکۆ هەژار کاژیک بوو، باسێکی دیکە ئەوەیە، کە شێرکۆ بە منداڵیش نێوانی لەگەڵ هەژار موکریانی خۆش نەبووە؟ ئەوە پەیوەست بووە بە ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە لای دوور بووە؟

**هادی مورادی:** ئەرێ وەڵڵا هەر لە منداڵییەوە وا بووە، بەڵام ئەو چەرمەسەرییانەی مامۆستا هەژار دیویەتی لە ژیانی سیاسی و دەربەدەری ئەملاو ئەولا، دیارە کاریگەری لەسەر نەفسییەتی منداڵەکانی هەبووە، ئەوە هیچ شکێکی تێدا نییە، وەخت هەبووە تا هەشت ساڵان نەیتوانیوە شێرکۆ ببینێت، دەبێت ئەمە لەسەر نەفسییەتی ئەوان ئەتسیری خراپی دانابێت، بەڵام بڵێین هەر تەنیا ئەوەیە، من پێم وا نییە، ئینسانەکان جۆرێکن، هەریەک بە لایەکدا دەڕۆن، بەڵێ کوڕی مامۆستا هەژارە، بەڵام پێویست ناکات هەر وەکوو خودی مامۆستا هەژار بیربکاتەوە، دووری نابێت کاریگەری نەبێت لەسەر بابەتەکە.

**پرسیار:** زێنەب شەرەفکەندی خوشکی هەژار دەڵێت نەدەبوو بەم شێوەیە چێشتی مجێور بڵاوبێتەوە، دەبووایە هەندێک بابەتی لێ دەربهێندرێ؟ ئەو کاتانەی ئێوە پێکەوە بوون باسی ئەوانە دەکرا؟

**هـادی مـوڕادی:** مامۆسـتا زۆر زۆر ئـازاد بیـری لە بابەتەکـان دەکـردەوە، دەیفەرمـوو مـن چـیم دیـوە دەبێـت ئەوە بنوسـرێت، لەگەڵ کاک ماجد باسمان لەگەڵ کرد، کە شایەد ئەو جۆرە شتانە مناسب نەبێت، دەیگوت ئاخر دیومن، ئاوا دیومن، چۆن دەبێت نەیاننوسـم، شـایەد یەکێـک لەو شـتانەی کە مامۆسـتا هەژار لە ئەوەڵەوە موافەقەتی نەدەکرد، لەسەر ئەوە ژیاننامە بنووسێ هەر ئەمە بـوو، پێـی وابـوو تەواوی ئەوەی دەیزانـێ و زانیـویەتی و دیویەتی دەبێ بنووسرێ، کە لەوانەیە ڕەنگدانەوەیەکی باشـی بۆ ئەترافیان نەبێت، بەڵام ئەوەی مامۆستا نووسیویەتی، دیویەتی و زانیویەتی، وای زانیوە کە ئەمە دروستە، مامۆستا لە باری خدە و ئەخڵاقەوە بێ وێنە بوو، تەنیا بوارە زانستی و هونەرییەکەی نەبـوو، بە هەقـیقەت بـێ وێـنە بـوو، یەکێـک لە تایبەتمەنـدییە ئەخڵاقییەکانی ئەوە بوو هەرگیز نەمانبیست و نەماندی کە درۆی کردبێـت، ئەهلـی درۆ و ئەوانە نەبـوو لە بەر خـاتری مەسڵەحەت ئەو کارەی نەدەکرد.

**پرسیار:** لێرە شتێک دێتە پێشەوە، کاتێک هەژار موکریانی چم دیـوە دەبێـت ئەوە بنووسـم، بە نەزەرت تەواوی بـابەتەکەی بە دروستی نووسیوە؟

**هادی موڕادی:** پێم وایە تا ئەو جێگایەی حافیزە و زاکیرەی ئیجازەی پێ داوە و لە بیری ماوە نووسیویەتی، یانی پێم وا نییە مامۆستا شتێک لە زهنیدا مابێت و نەی نووسیبێت، من وام مامۆستا ناسیوە.

**پرسیار:** بەڵام هەندێک شت هەیە، کە گوتوویەتی بەڵام دواتر وەڵامی دراوەتەوە و گوتراوە کە هەژار ڕاستی نەنووسیوە، بە نموونە لە چێشتی مجێور دەڵێت: مارف خەزنەدار لە ڕووسیا خوێندوویەتی و یەک کەلیمە ڕووسی نازانێت، بۆچوونت لەسەر ئەمە چییە؟

**هادی موڕادی:** کاک زامدار با شتێکت عەرز بکەم، ئەو هەموو شتانە سەبارەت بە مامۆستا، یان هەر کەڵە پیاو و هونەرمەندێکی تر دەوترێت، بەو مانایە نییە کە هەڵەیان نەبووە، بێگومان مامۆستاش هەڵەی هەبووە، وە وای زانیوە، یانی وانەبووە کە مامۆستا لەبەر مەسڵەحەتێک ئیدیعایەکی وا بکات، بە نموونە بڵێ خەزنەدار ڕووسی نەزانیوە، وای زانیوە کە ڕووسی نازانێت، بێگومان من لەسەر ئەوە سوورم، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە مامۆستا لە نووسینەکانیدا تووشی هەڵە نەبووە، لە داوەرییە مێژووییەکانی تووشی هەڵە نەبووە، وەک خۆی لە تەرجەمەیەکی چوارینەدا دەڵێت: کەس بێ هەڵە نەژیاوە

لەسەر ئەم زەوییە، حەقیقەتەن وایە، کەس بێ هەڵە نەژیاوە، مامۆستا هەڵەی بووە، بێگومان هەڵەی بووە، بەڵام بفەرمووی لەبەر خاتری مەسڵەحەتێکی شەخسی خۆی ئیدیعایەکی ئاوای کردبێت سەبارەت بە مەرحوم و خودالێخۆشبوو خەزنەدار، یان کەسێکی تر من لەسەر ئەو بیروبڕوایە نیم، وام مامۆستام نەناسیوە، موکینە تووشی هەڵە بووبێت، لە داوەری و قەزاوەتییەکانیدا، قەتعەن تووشی هەڵەش بووە، بەڵام ئەوەم پێ قبووڵ نییە کە مامۆستا لەبەرخاتری هیچ مەسڵەحەتێک ئیجازەی بە خۆی دابێت شتێک هەڵبەستێت یاخود شتێک بنووسێ، پێم وا نییە.

**پرسیار:** کاک هادی، شتێکی دیکە، بە نموونە هەژار دەڵێت: پارەم نییە و بێ پارە و نەبووم، دواتر و لە کاتی دەرکرانی ماڵەکەی لە بەغدا، دەڵێت ئەو هەموو پارەم هەبووە و لێم سەندراوە؟ باوەڕ دەکەیت ئەوەی بە مەبەستی قەرەبووکردنەوە نووسیبێت، یا چی؟

**هادی موورادی:** وەڵڵا پێم وا نییە، من حدودەن دوازدە بۆ سێزدە ساڵ لە نزیکەوە لە خزمەتی مامۆستا بووم، زۆر زۆر درەنگ دیتبم دوو هەفتە تێپەڕی نەکردووە، کە بە خزمەتی گەیشتوومەوە، من وا لە مامۆستا تێگەیشتووم، من وا لە

ئەخلاقـی مامۆسـتا تێگەیشـتووم، مـن وا دەزانـم، پـێم وا نیـیە مامۆسـتا لەبەر هـیچ مەسـڵەحەتێک، مـومکینە تەنـاقوس لە قسەکانیدا ببینرێت، هەر نووسـەرێک بە حەجمێکـی ئـاوا گەورەوە کـار ئەنجـام بـدات، قەتـعەن تەنـاقوس لە قسـەکانیدا موشـاهەدە دەکرێت، بەڵام من ئەخلاقی مامۆستام وا نەناسیوە، کە حازر بێ لەبەر هیچ مەسڵەحەتێک شتێک بشارێتەوە، پێم وا نییە من وام نەناسیوە، مومکینە کەسێک بەڵگەیەکی بەدەستەوە بێت، کەسێک بتوانێت شتێک نیشانت بدات، کە سابتی بکات مامۆستا وا بووە، بەڵام ئەو چەنـد سـاڵەی لە نـزیکەوە لە خزمەتیـدا بـووم و بارهـا چـوومەتەماڵیـان، بە تـایبەت لە مەسـەلەی قورئـانەکە تـا ئەو جێگایەی کە توانیم دەسیاری بووم و کۆمەکم کرد، بە ڕاستی هەر ئەخلاقـی بـاش و بەرز و سـەداقەت و پـاکی لە مامۆسـتا دەبینرا، هیچ شتێکی دیکەم نەدیووە.

**پرسیار:** ئەگەر مەسڵەحەت نەبێت، هەژار بۆ هێندە ڕۆڵـی خراپـی دیـووە لە زەقکـردنەوەی کێشـەکان بەتـایبەتی لە باشـووری کوردستان؟

**هادی موڕادی:** کاکە واقیعیەتێک بووە، تەجرەبەی بووە، تووشـی ئەو گرفتـاری و چەرمەسـەریانە بـووە، کە گەڕایەوە تـارانیـش خراپتـر تـووش بـوو، حەقـیقەت ئەوەیە مامۆسـتا زۆر زۆر

چەرمەسەری کێشاوە، لە بواری مادییا، بێجگە لەو چەند ساڵەی کۆتایی و لەبەر چاپ بوونی بەرهەمەکانی تۆزێک وەزعی باش بوو، ئەوەی لێ بەدەر بکەیت مامۆستا هەمیشە تووشی چەرمەسەری و ناخۆشی ژیان بووە، نەیتوانیوە ژیانی ماڵ و منداڵی بە جۆرێکی باش تەئمین بکات.

**پرسیار:** بەڵام بە نموونە دەبینین کە هەژار موکریانی شەڕی بەینی مەلایی و جەلالی توندتر و زەقتر دەکات، لە کاتێکدا دەیتوانی ڕۆڵی پێچەوانە ببینێت؟

**هادی موڕادی:** باشە با ئەمە لە بەشی هەڵەکانی دابنێین، قەیچییەکا؟ ئیشارەم پێ کرد مامۆستا هەرچەندە گەورەیە و پێم وایە لە مێژووی کورددا دووبارە نابێتەوە، بێ هەڵەش نەبووە، باشە با ئەمە یەکێک لە هەڵەکانی بێ، بۆ ئەوەندە گەورەی بکەینەوە؟ پێم وایە ئەگەر زروفی ئێستا بووایە مامۆستا کاری وای نەدەکرد، با ئێمە بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەوران و ڕۆژگارانە، پێم وایە هەر کەسێکی دیکە بووایە لە شوێنی مامۆستا هەژار هەر وای دەکرد، قەزاوەتی دروست و داوەری دروست کاتێک دەکرێت کە تۆ ئەو زروف و ئەو ئیتفاقاتە و ئەو ڕووداوانە لەبەرچاو بگری، ئێمە ناتوانین زروفی ئەو وەختە لەگەڵ زروفی ئێستا بەیەکەوە هەڵسەنگێنین، بریا مامۆستا ئەو کارەی نەکردبا،

به جۆرێکی دیکه دەیتوانی ڕۆڵی خۆی نیشان بدات و کاریگەری باشتری لەسەر خوێنەری خۆی و هاووڵاتییان هەبێت، هیچ ئیسرارێکمان لەسەر ئەوە نییه که مامۆستا بێ هەڵه بووە، نه مامۆستا نه هیچ کەسێکی دیکه بێ هەڵه نەبووە.

**پرسیار:** ناکرێت بڵێین ئەم کارانەی بۆ ئەوە کردووە، که بەم شێوەیه سەنگ و قورسایی لای بارزانی بەرز دەبێتەوە، وەک مەسڵەحەتێک ئەمەی کردبێ؟

**هادی موڕادی:** وەڵلاهی ئەگەر له من دەپرسی دەڵێم ئیمکانی نییه مامۆستا لەبەر مەسڵەحەت کاری وای کردبێت، پێم وا نییه، من مامۆستام وا نەناسیوە، مومکینه منیش به هەڵه چووبم، بەڵام ئێستاش ئیسرار دەکەم لەسەر ئەو مەسەلەیه ئەوەی من ناسیومە، مامۆستا ئاوا نه بووە.

**پرسیار:** به باوەڕی تۆ هەژار موکریانی تا چەند له دووی حەقیقەت و واقیعەتدا گەڕاوە؟ وەک ئەوەی بینیوتە؟

**هادی موڕادی:** به تەواوی وجودییەوە به شوێن حەقیقەتدا بووە، که بیبینێت و بینووسێت، زۆر زۆر دیقەتم بووە لەسەر ئەو مەبەستانه وا تێگەیشتووم که زهنییەتی مامۆستا ئاوا بوو، دووپاتەی دەکەمەوە که مامۆستا مومکینه به هەڵه چووبێ له بابەتێکدا، بەڵام ڕۆحییەن ئاوا نەبوو لەبەر هیچ مەسڵەحەتێک، حەقیقەتێک بشارێتەوە.

## پوختەی ژیاننامەی هادی موڕادی

هادی محەممەد مورادی، ساڵی ١٩٥٠ لە سەوڵاوای نزیک سنە لەدایکبووە، چونکە باوکی مەلا بووە، لە سەرەتادا دەرسی مەلایەتی خوێندووە، دواتر و لە ٢٣ ساڵی دەستی بە خوێندنی قوتابخانە کردووە و دبلۆمی ئەدەبیاتی تەواو کردووە.

لە زانکۆی تاران بەکالۆریۆسی لە ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی خوێندووە؛ ساڵی ١٩٨٩ لە زانکۆی تاران ماستەری لە ئەدەبیاتی عەرەبی بە دەست هێناوە؛ ساڵی ٢٠٠١ لە زانکۆی تاران دکتۆرای لە ئەدەبیاتی عەرەبی وەرگرتووە.

لە زانکۆی عەلامە تەباتەبایی بووەتە مامۆستا، ژمارەیەک کتێب و گوتاری نووسیوە و ژمارەیەکی دیکەشی وەرگێڕاوە. ساڵی ٢٠٢٠ خانەنشین بووە و ئێستا لە سنە نیشتەجێیە.

## هەشتەم: دیداری عەبدوڵڵا حەسەنزادە[1]:

**پرسیار:** ڕەخنە لە چێشتی مجێوری هەژار موکریانی دەگیرێت، بەڕێزیشتان بەر لە چاپ بوونی کتێبەکەتان خوێندووەتەوە، ئێوە چ سەرنجێکتان لەبارەیەوە هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دوو ساڵ پێش چاپ و بڵاوکردنەوەی چێشتی مجێورم خوێندووەتەوە، چونکە خانی کوڕی لە پاریس داوای لێ کردم کە شتێکی ئاوا هەیە و پێم خۆشە بیخوێنییەوە، زۆرم پێ خۆش بوو، خوێندمەوە، کە زۆری هەڵەی ئیملایی تێدا بوو، کە لە کاتی تایپ کردنی هەڵەی کردبوو، بەشێکی دیکەی پەیوەندی بەوەوە بوو کە دەستخەتەکەی باوکی باش بۆ نەخوێندرابووەوە، ئەوانەم هەموو چاککردن، لە پاشان هەندێک تاریخی هەڵە هەبوون -کاک هەژاریش وەک ئینسانێک هەقی هەیە بەسەرییەوە بچێت- بە مشوەرەت لەگەڵ خانی ئەوانیشمان چاککردن، ئەوجا گوتم ئەوە بەشێکی بچووکی هەڵەی کتێبەکەیە، شتی گەورە ئەوەیە ئەو کتێبە زۆر شتی تێدایە، کە غەدرە لە تاریخ، غەدرە لە خەڵک و وا نییە، واتە هەژار کەمێک زاڵمانە

(١) دوو جار دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵای حەسەنزادە ئەنجامدراوە، یەکەم جار لە ڕێککەوتی ٢٠٢١/١١/٦، دووەم جار لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٢/٦.

قەزاوەتی کردووە، من ناتوانم دەستکاری بکەم، بەڵام تۆ وەک میراتگری دەتوانی چاپی بکەیت، خانی لە وەڵامدا گوتی: وەڵڵا منیش هەق بە خۆم نادەم دەستکاری بکەم، من تەنیا کتێبەکەی بۆ چاپ دەکەم، ئیدی ئەویش دەستی لێ نەدا، بەهەرحاڵ کەلێن و کەلەبەری تێدایە.

**پرسیار:** ئەگەر بە وردی سەرنج لە نووسینەکانی هەژار موکریانی بدەین، دەبینین هەژار لە هەندێک شوێن وەکوو نێوەندگیرێکی خراپ دەردەکەوێت و خەریکە ململانێیەکان توندتر دەکات، بەتایبەتی لە بەرانبەر برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی هۆکاری ئەمە چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ڕاستە لە بارەی برایم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی زۆر توند بوو و زۆر بە زدی وان بوو، تەنانەت هەندێک دەمەتەقێ و شیعری هەبوو و زۆری شۆخی پێ دەکرن. ئەو کاتەی هەژار دیوانی بۆ کوردستانی چاپ دەکرد، لە ناوچەی چۆمان من لێی نزیک بووم و پێم گوت ئەو کاتەی ئەو شیعرانەت نووسیوە کاتی شەڕ بووە، لە ڕادیۆ خوێندرانەوە و لە دەنگی پێشمەرگە بڵاوبوونەوە، بەڵام ئەوانە بۆ شیعری نەمر نابن، ئەمانە شیعری کاتین و کاتی خۆی خوێندراونەتەوە و بڵاوکراوەنەتەوە، زۆر تووڕە بوو، گوتی: ئەمن دیوانی لەبەر

ئەوانە چاپ دەکەم، ئەوانەی تێدا نەبێت هەر چاپی ناکەم، یان بۆ نموونە شیعری (شیرن بەهارە)ی ڕەحمەتی برایم ئەحمەد، کە شیعرێکی زۆر چاکە، دەستکاری کردبوو و گۆڕیبووی، زۆر خراپی گۆڕیبوو، لەسەر ئەمە پێم گوت ئەمە گوناهە، چونکە (شیرن بەهارە) حەیفە تانەی لێ بدەیت، تۆ چی بە برایم ئەحمەد دەڵێی بیڵێ، بەڵام شیرین بەهارەی خراپ مەکە، لەم بارەیەوە دوژمنایەتی زۆری دەکرد، یان دەڵێ بیروباوەڕ نەبوو، بەڵام برایم ئەحمەد کچێکی جوانی هەبوو دای بە جەلال تاڵەبانی بۆیە بوونەوە یەک، تەبیعەتەن ئەو شتانەش تەئسیر دادەنا و ئەرێ وەڵڵا کەمێک ئەو دوژمنایەتییەی قووڵتر دەکرد.

**پرسیار:** هەژار موکریانی نەیدەگوت ئەو ڕقە توندە لە بەرانبەر برایم ئەحمەد پەیوەستە بە چی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** مەسەلەکە ئەوە بوو، ئەو هەموو ئیمانێکی بە مەلا مستەفا هەبوو، خۆ مەلا مستەفا خۆشویست تاوان نییە، بەڵکوو سفەتێکی باشیشە، بەڵام ئەو موبالەغەی دەکرد، هەر وەکوو لە وەسفی مەلا مستەفا دەیگوت (لە کوردستان تۆمان هەبی بەسمانی)، ئێ ئەوە کارێکی باش نییە، بۆ دەبێت میللەتێک چاوی لە تاقە نەفەرێک بێ؟ کە مەعلوومە ئەو تاقە نەفەرە ئەمڕۆ، یان سبەی دەمرێت، لە ڕاستیدا هەرکەس خەیاڵیشی بە لای مەلا مستەفادا نەبایە ئەو دوژمنایەتی دەکرد.

**پرسیار:** له زۆر جێگای نێو چێشتی مجێور، هەژار بێ ڕێزی بە خەڵک کردووە، یان ناو و ناوتۆرەی لە خەڵک ناوە، بە نەزەری ئێوە ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** هەژار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زۆرتر بێ بەزەیی و کەمتر ئەهلی بودادا بوو، ئامادە نەبوو مناقەشە بکات و بۆ بیروباوەڕەکانی و توند بوو، هەرچەندە لە چێشتی مجێور هەندێک ناهەقی بەرانبەر خەڵک کردووە، هەندێک قەزاوەتی کردووە، بەڵام ئەوانەی مێژووش دەنووسن، مێژوونووسی زۆر بە ئەخلاق و بە ویژدان نەبن، میزاج تێکەڵ دێ، یەکەم جار لە دکتۆر قاسملووم بیستووە، کە دەڵێت: زەحمەتە پیاو لەسەر میللەتی خۆی بنووسێ و موتڵەقەن بێ لایەن بێ، ڕاست دەکات. هەژار وەکوو هەموو خەڵکی دیکە ڕەئی خۆی هەیە، بەڵام زیاتر لە ئینسانی ئاسایی موکڕ بوو لەسەر بیروباوەڕەکانی خۆی، ئەو تەرەفداری مەلا مستەفا بوو، بە حەدی پەرستن و دیفاعی لێ دەکرد بە شێوەیەکی زۆر توند هێرشی دەکردە سەر لایەنەکەی دیکە، موخالیفی هەر کەس بوو کە موخالیفی مەلا مستەفا بووایە، ئەگەر خودای ئەو موخالیف بووایە، موخالیفی خوداشی دەکرد.

**پرسیار:** له زۆر شوێن هەژار ڕووداوێکی تۆمار کردووه، که له بنەچەدا ڕووداوه مێژووییەکه بەم جۆره نییه؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزاده:** ئێ، دیاره، دیاره، وەکوو گوتم کاتی خۆشی که چێشتی مجێورم به دەستنووس بینی به خانی کوڕیم گوت، ئەوه شتی تێدایه که وا نییه، من هەقم نییه که چاکی بکەم، بەڵام تۆ میراتگری وی، دەتوانی چاکی بکەیت، ئەویش گوتی من کتێبی بابم چاپ دەکەم، خۆ کتێب بۆ بابم نانووسم، لەم بارەیەوه وایه، زۆر خەڵک گلەیی لێی هەبوو، گلەییەکانیشیان هەق بوون.

**پرسیار:** بیستوومه که بەر له چاپ بوونی چێشتی مجێور دوو بابەتی لێ دەرهێنراوه، یەکێکیان تایبەت بووه به شێرکۆی کوڕی که زۆر به توندی لەسەر نووسیوه، دواتر لەسەر داوای مەعسوومه خانی خێزانی هەژار موکریانی دەرهاتووه، لەگەڵ بابەتێکی دیکه، ئاگاداری ئەوەی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزاده:** هەژار هیچی لەسەر شێرکۆی کوڕی نەنووسیوه، یەک کەلیمەشی تێدا نەبووه، بەڵام له پاشکۆی مەم و زینی خانیدا شیعرێکی هەیه که بۆ شێرکۆی کوڕی نووسیوه، ئەگەرنا له هیچ جێگایەک نەمدیتووه هەژار باسی شێرکۆ بکات، له شێرکۆ ناڕازی بوو، شێرکۆ بابی نەدەناسی، پاش ڕێککەوتنی یازدەی ئازار، شێرکۆ له ماڵی بابی دەژیا، ئێمه هاوڕێ بووین،

ئەگەرچی چوار پێنج ساڵ لە من بچووکتر بوو، سەردانیم دەکرد، لە ماڵەکەیان تاقە ژوورێکیان هەبوو لە سەربانێ، بەو هاوینە بە بێ کولێر لەوێ دەژیا، هەتا بابی لە ماڵی بووایە نەدەهاتە خوارێ نانی بخوا، ئەوەندە موخالیفی بوو، ئەو کاتەی موخالیفی بوو، خۆی جەلالی بوو، بابیشی مەلاییەک بوو، کەچی ئێستا شێرکۆ بۆ خۆی مەلاییەکی توندە.

**پرسیار:** بەڵام زۆر توندیش لەسەر باوکی دەنووسێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ، سێ کتێبی لەسەری نووسیوە.

**پرسیار:** سەبارەت بە گلەییە بەجێیانەی باست کرد، هیچیانت بەر گوێ کەوتووە، کە فڵانی گلەیی لە هەژار کردبێت؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** من پتر لە سی ساڵە خوێندوومەتەوە، دواتریش نەمخوێندووەتەوە، بەڵام لە بیرمە سەبارەت بە سلێمان موعینی (فایەق ئەمین)، کە پێی دەڵێت دز، دز نەبوو، پێی دەڵێت ترسنۆک، ترسنۆک نەبوو، هەژار موریدی مەلا مستەفای بوو، چونکە ئەوەی مەلا مستەفا کردی گرتی و کوشتی و جەنازەکەیان تەحویلی ئێرانی دایەوە، لەبەر مەلا مستەفا بە گژ سلێمان موعینیدا هاتووە، کتێبەکە شتی ئاوای تێدایە.

**پرسیار:** بە نموونە لە چێشتی مجێور باسی مارف خەزنەدار دەکات، کە دەڵێت لە سۆڤیەت خوێندوویەتی و یەک کەلیمە

ڕووسی نازانێت، لە کاتێکدا مارف خەزنەدار بەرهەمی ڕووسی هەیە، لە زمانی ڕووسییەوە کتێبی بۆ زمانی کوردی و عەرەبی تەرجەمە کـردووە، لە کاتێکـدا مـارف خەزنەدار دژی بـارزانی نەبووە، ئەمەیان بۆ؟

**عەبدوڵڵا حەسـەنزادە:** مارف خەزنەدار بەشی خۆی ڕووسی زانیوە، بەڵام هەموو ئەوانەی کولیەی ئاداب تەواو دەکەن، دەبنە ئەدیب؟ هەموو ئەوانەی کولیەی زمان دەخوێنن و تەواو دەکەن، دەبنە زمانزان؟ هەموو ئەوانەی لە ئینگلیزی دەردەچن، دەبنە ئینگلیزی زمان؟ ئەگەر تەماشای بکەیت ڕەنگە کەمێکی لە حەقیقەت تێدا بێت، بەڵام بەهەرحاڵ ئەمە بۆ نووسین نابێت، بەس دەڵێی چی؟ ئەو نووسیویەتی ئیدی. دیارە مارف خەزنەدار دوژمنی بارزانی نەبوو، موریدی بارزانی بوو، بەڵام لە ئاڕای ئەدەبی پێکەوە نەبوون، کە کەسێکیش لەگەڵی نەبووایە بێ ڕەحمانە لەسەری دەدوا. هەژار لەگەڵ جیابیران زۆر بێڕەحم بووە.

**پرسیار:** سەبارەت بە کوردایەتی هەژار لە دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، شتێکی تایبەتت لەسەری هەیە؟

**عەبدوڵڵا حەسـەنزادە:** لەم بارەیەوە نەقدیشی لەسەر نییە، یەکیان لەبەر بێ پەنایی، یەکێکیش لەبەر عەشق بە مەلا مستەفا،

مەلا مستەفاش وای کرد دامەزرێتەوە، لەبەر ئەوەی چووەوە ئێران، هەتا لەو دیوانەی لە ئێران چاپ کراوە، هجوم بۆ سەر خومەینی زۆر تێدایە، یانی هەژار لە ڕێی کوردایەتی بە موو نەترازاوە، لەم بارەیەوە هەژار گلەیی لێ ناکرێت. ڕەنگە لە باری سیاسی و فیکرییەوە لەگەڵی نەبم.

**پرسیار:** چێشتی مجێور لە باری زمان و شێوەی نووسین زۆر جوان و تایبەتە و بە چێژە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** ئەگەر ئەهلی خوێندنەوە و جەوانێکی وەک تۆ بوومایە، چێشتی مجێورم هەر دەخوێندەوە بۆ ئەوەی چێژ لە بیرەوەرییەکان و لە نووسینەکەی وەرگرم، چەندە شیرینە؟ هەتا ئەو جێگایەی دەکەوێتە باسی سیاسی زۆر شیرینە، بەڵام لە باسی ئەفکاری سیاسی زۆر کەس گلەیی لێیان هەیە، هەتا یەکێک لە نزیکترین دۆستەکانی کە مەرحومی فەرەنسۆ هەریری بوو، دوای بڵاوبوونەوەی چێشتی مجێور، فەرەنسۆ لە لای من گوتی بەداخەوە هەژار نەماوە، ئەگەرنا بە ئەندازەی کتێبەکەیم لەسەر دەنووسی، هەتا فەرەنسۆ هەریری موخالیفی بوو، لە کاتێکدا لە باری ئیخلاس بۆ مەرحومی بارزانی و ماڵی بارزانی، ئەویش یەکێک بووە وەکوو هەژار، زۆر مورید و موخلیس بوو، کەچی ئەویش گلەیی زۆری لەسەر هەبوو.

## پوختەی ژیاننامەی عەبدوڵڵا حەسەنزادە

عەبدوڵڵا حەسەنزادە کوڕی حەسەن ساڵی ١٩٣٨ لە گوندی سیسـێری سەردەشـتی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەدایکبـووە، لە منــداڵییەوە خــراوەتە بەر خوێنــدنی مەدرەســەی مەلایەتــی و ئیجــازەی مەلایەتــی وەرگرتــووە و لە ســێ دێهــات دەرســی گوتووەتەوە.

لە تەمەنـــی لاوییـــیەوە پەیوەنـــدی بە بـــزووتنەوەی ڕزگــاریخوازی کــورد- ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانەوە کــردووە و بەشـدار بـووە لە زۆربەی چالاکییەکـانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، مـاوەی دوو دەورە سـکرتێری حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێران بووە.

یەکـێکە لە قەڵەمە دیـار و وەرگێڕەکـانی کـورد، کە خـاوەنی زمــان و شــێوە وەرگێڕانــی تــایبەتی خــۆیەتی، پتــر لە پــازدە بەرهەمی نووسـراو و وەرگێڕدراوی لە نێو کتێبخـانەی کوردیـدا هەیە، لە بەرهەمە دیـار و ناسـراوە وەرگێڕدراوەکـانی نـاوبراو: حەمەدۆک، بیرەوەری دوورخراوەیەک، دان چەرمـوو، گێلە پیـاو، نـزا بۆ ئـارمین، مەتەڵۆکەی هووەیدا، دێزیـرە (چیرۆکـی یەکەمـی عیشـقی نـاپلیۆن)، کـورد و کوردسـتان و سـوودەکانی شـەڕ و...

هتد. لە ماوەی ژیانیدا دەیان خەڵاتی ئەدەبی و فەرهەنگی پێ بەخشراوە و ساڵی ٢٠١٩ لەلایەن زانکۆی کۆیەوە دکتۆرای فەخری پێ بەخشراوە. لە ئێستادا سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبییە.

## نۆیەم: دیداری مەلا ڕەسووڵی پێشنماز[1]

**پرسیار:** بەڕێز مەلا ڕەسووڵ پێشنماز ئەمڕۆ لە کاتی بەڕێزتان دەگرین و پێویستیمان بە زانیاری بەڕێزتان سەبارەت بە هەژار موکریانی هەیە.

**مەلا ڕەسووڵ پێشنماز:** چون ئێوە ئەو کارە بە نرخانە ئەنجام دەدەن و مێـژوو تۆمـار دەکەن و بە شـێوەی کتێب بـڵاوی دەکەنەوە، هەرچـی لە دەسـتم بێـت درێغـی نـاکەم و ئەوەی لە جانتامدا بێت هەڵی دەڕێژم.

**پرسیار:** سەرەتا لەوەوە دەست پێ دەکەم، بەڕێزتان لە گۆڤاری گزنگ بابەتێکتان سەبارەت بە هەژاری موکریانی نووسیوە، کە تێیدا وەڵامی بەشێک لەو مێژوو دەدەنەوە کە هەژار لە بارەی ئەحمەد تۆفیق و سلێمان موعینی نووسیویەتی، بەدەر لەم بابەتە سەرنجی دیکەتان لەسەر چێشتی مجێور و ڕووداوەکان مێژووییەکانی ناو ئەو کتێبە هەیە؟

**مەلا ڕەسووڵ پێشنماز:** پێشەکی هیوادارم مۆفەق بیت و کەڵک لەو زانیارییانە وەربگریت کە کۆیان دەکەیەوە، من بە سەداقەت و ڕاشکاوانە پێت دەڵێم. سەرەتا دەمەوێت بڵێم کەم کەس لە

(١) ئەم دیدارە ڕێککەوتی ٢٠٢١/١١/١٣ ئەنجامدراوە.

برادەرانی ئێمە هەیە کە بە ئەندازەی من لەگەڵ هونەرمەندان و شاعیران تێکەڵ بێت، ئیلاقەی زۆرم پێیان هەبووە؛ بەتایبەتی تێکەڵاوی باشم لەگەڵ هێمن و هەژار و هێدی هەبووە، تەقریبەن یەک ڕۆح و یەک گیان بووین، تەنانەت هەوێنی نیشتمانپەروەری و کوردپەروەریم لە شیعرەکانی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە. هەژاریش لە هەموویان زیاتر خزمەتی بە فەرهەنگ و زمانی کوردی کردووە؛ بە نموونە: شەرەفنامە بەردی بناغەی کوردییە؛ هەروەها لە تەرجەمە کردنی قورئان مەبەستی ئەوە بووە، کە عەرەبی نەزان لێی تێ بگات بێت و لە خۆڕا سەر بۆ وشە عەرەبییەکانی ناو قورئان ڕانەوشێنێت، بێ ئەوەی لێی تێ بگات، دیارە هەژار مولحید بوو.

لەو ساڵانەی دواییدا کوڕی گەورەی هەژار، کە نێوی محەممەدە و بە شێرکۆ ناوی هاتووە، کەوتە کێشە لەگەڵ باوکی و نووسین لە بارەیەوە، بە شێوەیەک هیچی پێوە نەهێشت، لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری نووسینەکەی شێرکۆ ڕاستی تێدایە، بەتایبەتی ئەوەی هەژار لەگەڵ دەورەبەرەکەی ناسادق بووە، بە زاهیر پێکەنیوە و لەگەڵیان دانیشتووە، بەڵام لە دڵەوە وا نەبووە؛ هەژار لەماڵەوە خۆی بە دیموکرات زانیوە، کەچی دیکتاتۆر و ناجسن بووە، لەسەر پارووە نانێکی قڕە و کێشەی لەگەڵ منداڵان

کـردووه. بەڵام ئەوەی شـێرکۆ لەسـەر بـاوکی نووسـیویەتی، لە کوردسـتانی ئـێمە مـۆد و بـاو نیـیە، نەبـووە کـوڕ لە بـاوکی هەڵگەڕێـتەوە، بەتـایبەتی لە دونیـا ئێسـتای پێشـکەوتن و تەکنۆلۆژیـادا، کە هەمـوو کەس دەیبینێـت و دەیخـوێنێتەوە، بەتایبەتی لە بارەی هەژارەوە، کە لە نـاو خەڵکدا خۆشەویستە و خزمەتـی زۆری گەلەکەی کـردووە؛ قـازی محەمـەد نازنـاوی شـاعیری میللـی پـێ داوە، لەبەر ئەوە ژمـارەیەک خەڵکی ناحـاڵی زۆر عەجائیب لە دژی ئەو کوڕەی هەڵبەزینەوە.

دوای ئەوەی نووسـینەکانی شـێرکۆم خوێنـدەوە، ٣٠ لاپەڕەم سـەبارەت بە هەژار نووسـی، بۆ پشـتگیری کـردن لە شـێرکۆ نـا، بەڵکوو بۆ ئەوەی خەڵک بزانێت هەژار کێیە؟ ئەو کوڕە لە خۆڕا ئەو شـتانە ناڵێـت، لەو ٣٠ لاپەڕەیەدا باسـی زیـاتر لە ٥٠ گەورە پیاوانی کوردم کردووە، کە هەژار حەملەی بۆ هەمووان کردووە، ئەمەش لە پێنـاو بـارزانی بـووە، بـۆ نمـوونە: شـێخ لەتیفـی کـوڕی شێخ مەحموود، کە هەمیشـە دە، پـازدە بۆ بیسـت کەسـی وەکـوو هەژار، غەنـی بلوریـان، زەبیحـی، ئەحمەد تۆفیـق و قزڵجییەکـانی لابـووە، پەنـای داون، مـووچەی بـۆ بڕیـوەتنەوە؛ هەویەی بـۆ دەرکـردوون؛ خزمەتـی کـردوون، پتـر لە هەمـووانیش هاوکـاری هەژار کردووە، کەچی هەژار بە گەمـژەی دەزانێت، دەڵێت: شـێخ

لەتیفی شێخ مەحموود لەسەر ئەو هەموو سەروەت و سامانەی هەیبوو، لەبەر گەمژەیی سەیارەی نەبوو سواری بێ، هەمیشە پارەی لەملاولا قەرز دەکرد. هەروەها بە گۆرانی شاعیر دەڵێت جاسووس، بە جگەر خوێن دەڵێت پیاوێکی کۆمۆنیست و خوێڕی، ئەوەی سەبارەت بە عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ و ئەوانی دیکەی نووسیوە باس ناکرێت. یاخود ئەو هەموو شیعرە قۆڕە پڕ لە جنێوانەی لەسەر ئیبراهیم ئەحمەد و مام جەلال نووسیوە، کە ئەمەش نەخۆشییەکی کوشندەیە.

هاوکات هەژار لە هەندێک شوێندا زۆر بە نامەردی درۆ دەنووسێت، بۆ نموونە دەڵێت: ئەو جۆرەی پێویست بوو ئێرانییەکانم نەدەناسی، هەر ئەوە بوو سڵاو و چاکوچۆنیم لەگەڵیان هەبوو، لە کاتێکدا ئێمە خەڵکی یەک وڵات بووین. حیزبی دیموکراتی ئێرانیش هەم لەبەر پارتی و هەم لەبەر بەرژەوەندی خۆیان نەیاندەوێرا وەڵام بدەنەوە.

سەد خۆزگە هەژار چێشتی مجێوری نەنووسیایە، هەرچەندە ژمارەیەک دەڵێن کوڕەکانی نووسیویانە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، چونکە هەژار بۆ خۆی ئینسانێکی ئاوا بوو، ئەگەرچی چەندین جار لە دانیشتنەکانی بەغدا، قەڵادزێ، کۆیە، حاجی ئۆمەران و هەولێر کە لەگەڵ هەژار یەکتریمان دەدیت ڕەخنەم لێ گرتووە و

پێم دەگوت بۆچی لە بەرانبەر سەرکردەیەک هێندە خۆت بچووک دەکەیەوە، لە بەرانــبەردا دەیگــوت مــن موریــد و دەروێشـــی کوردستانم، ئەو کەسەی درۆیێک لە قەلبی ئەو گەلە دەربهێنێت، خــۆم بە نــۆکەری دەزانــم، مــن لــێکم داوەتەوە ئەگەر بە مەلا مستەفا کورد ڕزگار نەبێت، بە هیچ کەس ڕزگار نابێت.
شێرکۆ کوڕێکی زۆر خوێندەوارە، بەڵام زۆر حەساس و ناسکە، سـێ بـرای هەن و لەگەڵ هیچیـان پەیوەنـدی نیـیە، تەنـانەت کە دایکیشـــی مـــرد، یەکجـــار پەیوەنـــدی نەگـــرت، لە تەواوی نووسینەکانیشدا هەر دەڵێت ژنی هەژار، هەرگیز ناڵێت دایکم، لە بەرانبەردا بۆم نووسی تۆ وەک من باوکی خۆت ناناسیت، تۆ هەرچی گوتووتە و کردووتە لە تۆ باشتر دەزانم، بەڵام غەدری گەورەت لەو ژنە پـاک و موقەدەســە کـردووە. دیـارە شـێرکۆ کوڵوکۆی منداڵی لە یاد ناچێت، ئەگەرچی نەدەبوو نووسینەکە بگەیەنێتە هەندێک شوێن، بەوەی دەڵێت: بەعزەماڵێک کە دەهاتن و شەو لە لامان دەمانەوە، کچی حەوت ساڵ و هەشت ساڵیان لەگەڵ بایە، دەچووە سکیان.

**پرسیار:** بە هۆی ئەوەی بەڕێزتان هەم هەژار و هەم هێمن‌تان ناسیوە، جیاوازی ئەم دوو شاعیرە چۆن دەبینن؟

**مەلا ڕەسووڵ پێش‌نماز:** هێمن و هەژار زۆر لە یەکدی جیاوازن، ڕێک پێچەوانەی یەکترن، هێمن هەم شێخ، هەم ئاغا بووە، لە نێو گەورەترین بنەماڵەی ئایینی و بەناوبانگترین شێخی کوردستان، شەمسی بورهانی، خانەقای شێخی بورهان بووە، هەم نەوەیانە و هەم زاوایانە، هەروەها شێخولئیسلامی باوکی هێمنیش گوندیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی لاچین و شیلاناوێ و ... هەبووە و ئاغا بوونە، بەڵام بیر و کردەوەی ئاغایەتی ڕەنگدانەوەی لەسەر هێمن نەبووە، تەنانەت هەستت دەکرد لە نێو جەرگەی چینی کرێکار و بەدبەخت و هەژار گەورە بووە. هەرچی هەژار موکریانی‌یە کوڕە مەلا بووە، مەلای سەد ساڵ لەمەوبەر نۆکەری ئاغا بووە، چونکە ئاغا لە دێهات ڕای دەگرت و شوێنی بۆ دابین دەکرد و دەی ژیاند، هەرچی ئاغا پێی خۆش بایە دەبوو ئەوە بڵێت، کەچی هەژار جار جار بێڕێزی بە مامۆستا هێمن‌ی هاوڕێی منداڵی کردووە، لەم بارەیەوە هێمن نامەیەکی لە ڕێی خێزانەکەمەوە بۆ ناردووم و دەڵێت یەکێک باسی کردووم، بەڵام من خوێڕی نابم و باسی ئەو هاوڕێیە ناکەم، کە مەبەستی لە هەژارە و باسی کردووە.

**پرســـیار:** لە بـــاری فەرهەنـــگ و وێـــژە و ئەدەبیـــات چۆنیـــان هەڵدەسەنگێنیت؟

**مەلا ڕەسووڵ پێشنماز:** لە باری خزمەت و فەرهەنگی کوردی و تەرجەمە هەژار دەبێتە دەریـا و مامۆسـتا هـێمن دەبێـتە قەتـرە، بەڵام ئەگەر بێتە سەر بابەتی شیعر، کە هەژار خۆی ئیعترافی دەکـــرد، بـــابەتی شەخســـیەت و ســـەداقەت و ئینســـانیەت و خزمەتگـــوزاری واقیعـــی بـــۆ گەلـــی خـــۆی، شـــتەکە دروســـت هەڵدەگەڕێتەوە، هێمن دەبێتە دەریا و هەژار دەبێتە قەترە.

**پرسیار:** دەوترێ هێمن موکریانی بە شیعرێک وەڵامی شیعرێکی هەژاری داوەتەوە، تۆش ئاگاداری ئەم باسەی، وردەکارییەکەی چۆنە؟

**مەلا ڕەســـووڵ پێشنمـــاز:** لە کـــاتی ئاشـــبەتاڵییەکە، هەمـــوو ســـەرکردایەتی لە بەغـدا کۆبووبـووینەوە، بەیـانییەکی مامۆسـتا هـێمن لە ژوورەکەی خـۆیەوە منـی بانـگ کـرد، گـوتی ڕەسـووڵ شـتێکم گوتـووە بەڵام تکـات لـێ دەکەم نە لـێم لە هەرا بـدە، نە بـڵاوی بکەوە، گـوتم چییە؟ گـوتی بە شـیعرێک وەڵامـی هەژارم داوەتەوە، ئەگەرچی شیعرەکەم ئێستاش لە یادە و دەیزانم، بەڵام چـونکە کـاتی خـۆی دکتـۆر قاسـملوو و هـێمن تکایـان لـێ کـردم بڵاونەبێتەوە، ئێستاش نامەوێت بڵاوبێتەوە. کاتێک لەوێدا هـێمن

شیعرەکەی خوێندەوە، دکتۆر قاسملوو ڕووی لە مامۆستا هێمن کرد و گوتی شیعری تۆ نابێت ببێتە شیعری هەژار و پێت بگوترێ شایەری دەرباری بارزانی، دەبێت شیعری تۆ هەتا مێژوو تێ دەپەڕێت لەسەر زاری منداڵەکان بێت.

## پوختەی ژیاننامەی مەلا ڕەسووڵ پێشنماز

مەلا ڕەسووڵ کوڕی مەلا ڕەحمانی خات مەنیج، ناسراو بە مەلا ڕەسوولی پێشنماز (بەر نوێژ)، ساڵی ١٩٣٤ لە گوندی کاولانی سەرەوە لەدایکبووە، ساڵی ١٩٤٤ شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگوازنەوە بۆ مەهاباد، ساڵی ١٩٤٥ دەستی بە خوێندن کردووە.

ساڵی ١٩٦٣ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو باشووری کوردستان جێ دەهێڵێت و دەبێتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول.

لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا کاری کردووە و تا ئەندامیەتی مەکتەبی سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بڕیوە.

لە ساڵی ١٩٩٨ەوە تا ئێستا لە ئەورووپا نیشتەجێیە.

بیرەوەرییەکانی خۆی لە دووتوێی کتێبێک بە ناونیشانی (سەربردەی ژیانم، بیرەوەرییەکانی زیاتر لە ٥٠ ساڵ ژیانی سیاسی مەلا ڕەسووڵ پێشنماز لە موکریانەوە تا دووکان بە وێنە و بەڵگەوە) بڵاوکردووەتەوە.

# لیزگەی ناوەکان (ئیندێکس)

## پیتی (ئـ)

ئاسایشگای بەحنەس: ٥٥.
ئوترێخت: ٩٥.
ئی. ا. سمیرنۆڤا: ٦١.
ئیبراهیم ئەحمەد (برایم ئەحمەد): ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١٤٤، ١٤٥، ١٥٦.
ئیبن سینا: ٩، ٧٩.
ئیدریس بارزانی: ٩٤.
ئیستریۆی شلێر: ١٠٠.
ئینگلستان: ٩٨.
ئێران: ٨، ٣٣، ٣٥، ٣٧، ٥٨، ٩٣، ٩٥، ٩٦، ١٠٠، ١٠٩، ١١٥، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠.
ئەحمەد تۆفیق: ٥٧، ٦٢، ١٢٦، ١٥٣، ١٥٥.
ئەڵمانیا: ١٢.
ئەمریکا: ٣١.
ئەمستەردام: ٩٤، ٩٥.
ئەمیر قازی: ٥٧.

## پیتی (ب)

بابامەردۆخی ڕۆحانی: ٦٢.
بارزان مستەفا هەژار موکریانی: ١٠١، ١٠٩.
باکۆ: ٦٠.
بنەماڵەی موفتیزادە: ١٣٢.
بوخارێست: ٥٥.
بۆکان: ٥٠، ٥٤، ٥٥.
باشووری کوردستان: ١٠، ١٣، ١٧، ١٨، ٢٧، ٣٥، ٤٢، ٤٥، ٥٠، ٥٣، ٥٥، ٦٥، ٦٧، ١٠٩، ١١٤، ١٢٤، ١٢٥، ١٢٦، ١٣٩، ١٦١.
بەغدا: ١٠، ١٣، ٣٨، ٤٥، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨، ٩٦، ١٣٨، ١٥٦، ١٥٩.
بێکەس: ٨٣.

## پیتی (پ)

پاریس: ٥٩، ١٠٦، ١١٩، ١٢١، ١٤٣.

## پیتی (ت)

تـــاران: ٥٨، ٥٩، ٩٣، ٩٤، ٩٨، ١٠٦، ١٠٩، ١٣٠، ١٣٩.
تەرەغە: ٤٣، ٤٧، ٥٤.
تەلەڤزیۆنی زار: ١٥، ٣٥.
تەلەڤزیۆنی میلی ئێران: ٥٨.

## پیتی (ج)

جگەر خوێن: ٧٤، ٨٣، ١٥٦.
جووڵانەوەی مەلا ئاوارە: ١٢٧.
جەلادەت بەدرخان: ٣٧.
جەلال تاڵەبـــانی (مـــام جەلال): ٩٧، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١٤٤، ١٤٥، ١٥٦.
جەمال نەبەز: ٧٤.

## پیتی (چ)

چامە مستەفا هەژار موکریانی: ١٠٩.
چۆمان: ١٤٤.
چۆمی ڕاین: ١٢.
چیای برادۆست: ٥٧.

## پیتی (ح)

حاجی قادری کۆیی: ١٠، ٢٨.
حاجی ئۆمەران: ١٥٦.
حیزبـی دیمـوکراتی کوردسـتان: ٥٠، ٥٥، ١٠٠، ١٠٤، ١٥١، ١٥٦، ١٦١.
حەزرەتی ئایشە: ٩٨.
حەزرەتی یووسف: ٩٨.
حەزرەتی ئیبراهیم: ٩٨.
حەقیقی: ١٦، ١٧.
حەیـدەر عەبـدوڵڵا: ٦٩، ٧٣، ٧٦، ٧٧، ٧٩، ٨١، ٨٢، ٨٣، ٩١.

## پیتی (خ)


خات ڕوقیه: ٥٣.

خات شەڕافەت: ٥٣.

خات مریەم: ٥٣.

خالید بەکتاشی: ١٢٦.

خالید زاخۆیی: ٩٥.

خالەمین: ١٦.

خانمە خانم: ١٠٦.

خانەقای بورهان: ٣٦، ١٥٨.

خانەقای شێخی نەهری: ٣٦.

خانی هەژار موکریانی: ٥٧، ٨٣، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٤، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٤٣، ١٤٧.

خومەینی: ١٥٠.

خەلیل سنجاری: ٩٥.

خەییام: ٩، ١٩، ٢٠، ٢١، ٢٣، ٣٧، ٣٨، ٦٣، ٦٤، ٧٩.


## پیتی (ڕ)


ڕاژانە: ١٠٧.

ڕووسیا: ٤٥، ٦١، ١٣٧.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان: ١٠، ١٧، ٢٠، ٢١، ٢٦، ٢٧، ٣٣، ٣٥، ٣٦، ٦٦، ٦٧، ١٠٩، ١٢٦، ١٢٧، ١٥١، ١٥٨، ١٦١.

ڕۆمانیا: ٥٥.

ڕەحمان میسباح: ٦٤، ١٠٦.

ڕەزوانی موتەوەسیل (خانمی ڕەزوانی): ١٢٨، ١٣٠.

ڕەسووڵ سوڵتانی: ٣٥، ٣٧، ٣٩، ٤١، ٤٤، ٤٦، ٤٨، ٤٩، ٥٠.


## پیتی (ز)


زاگرۆس هەژار موکریانی: ٥٦، ٩٦، ٩٧، ١٠٤.

زامدار: ١١١، ١٣٧.

زانکۆی پەیامی نووری بۆکان: ٥٠.

زانکۆی تاران: ١٤٢.

زانکۆی تەورێز: ٣٣.

زانکۆی جیهان: ٣٣.

زانکۆی سابیس: ٣٣.

زانکـــۆی ســـەڵتەنەتی پاشـــایی ئوتریێخت: ٩٥.
زانکۆی عەلامە تەباتەبایی: ١٤٢.
زانکۆی کوردستان: ٣٣.
زانکۆی کۆیە: ١٥٢.
زانکۆی نۆلج: ٣٣.
زانکۆی نێودەوڵەتی هەولێر: ٣٣.
زانکۆی ئیشق: ٣٣.
زێـــنەب شـــەرەفکەندی (خوشـــکی هەژار): ٥٣، ١٢٢، ١٣٥.
زەبیحـی (عەبـدولڕەحمان زەبیحـی): ٢٨، ٥٤، ٦٨، ٧٤، ٨٦، ١١٦، ١٥٥.

## پیتی (س)

سارەوان: ٥٣.
ساواک: ٥٧، ٥٨.
ستالین: ٤٤.
سدیق سەفیزادە: ٧٤.
سلێمان موعینی (فایەق ئەمین): ٥٧، ٩٩، ١٢٦، ١٤٨، ١٥٣.
سلێمانی: ١٧، ٢٩.
سنە: ١٣٢، ١٤٢.
سوارە ئیلخانیزادە: ١٧.
سووریا: ٨، ١٠، ٤٣، ٥٦، ٩٧، ١٢٦.
سەدیق ئەنجیری ئازەر: ٥٧.
سەردەشت: ٥٣، ٦٦، ٦٧، ١٥١.
سەفارەتی هۆڵەندا: ٩٤.
سەمەند سیابەندۆڤ: ٧٤.
سەولاوا: ١٤٢.
سەید کامیلی ئیمامی: ١٥.
سەید ئەحمەد سەعادەتی: ٧٥.
سەیفولقوزات: ١٥، ١٦، ١٧، ٦٤.
ســـەیید عەبـــدولکەریم ئەیـــووبی (دکتۆر): ٦١.
سەیید کەریم ئەیووبی (پرۆفیسۆر): ٦١.
سەییزادە فاتمی سارەوان: ٥٣.
ســەییزادە ئایشــێ، (خێزانــی هەژار): ٥٤.

## پیتی (ش)

شا، (محەممەد ڕەزا شا): ٨، ١٢٦.
شارەزوور: ١٧.
شنۆ: ٥٨، ١٠٧.
شوکر مستەفا: ٧٨.
شۆڕشـــی ئەیلـــوول، (شۆڕشـــی بارزانی): ١٣، ٢٧، ٥٦، ١٦١.
شێخ ڕەوف نەقشبەندی: ٦٣.
شێخ سەلام: ٣٧.
شـێخ لەتیفـی شـێخ مەحمـود: ١٥٥، ١٥٦.
شێخ محەممەدی خاڵ: ٦٩، ٧٠، ٧٤.
شێخ مەحموود: ١٢٥.
شێخولئیسلام (باوکی هێمن): ١٥٨.
شـــــێرکۆ هەژار موکریـــــانی، (محەمـــمەد): ٨٣، ٨٥، ٩٠، ٩٦، ٩٧، ١٠٠، ١٠١، ١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ١١٩، ١٢٠، ١٣٤، ١٣٥، ١٤٧، ١٤٨، ١٥٤، ١٥٥، ١٥٧.
شــیرین مســتەفا هەژار موکریــانی: ١٠٩.
شەفیق قەزاز: ٧٤.
شەقڵاوە: ١٠٩.

## پیتی (ع)

عێـــراق: ٨، ٩٣، ٩٤، ٩٧، ١٠٩، ١٢٦، ١٢٧.
عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ ١٥٦.
عەبـدولخالق یەعقـوبی: ١٥، ١٧، ١٩، ٢٠، ٢٢، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٩، ٣١، ٣٣، ٤٨.
عەبدولکەریم قاسم: ٤٥، ٥٦.
عەبـدوڵڵا حەســەنزادە: ١٤٣، ١٤٤، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٧، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥١.
عەلائەدین سەجادی: ٦٢، ٧٤.
عەلی شەریعەتی: ٩، ٣٨، ٥٨، ٧٥.
عەونی: ٣٧.
غەنی بلوریان: ١٥٥.

## پیتی (ف)


فرۆکەخانەی میهرئاباد: ٩٤.

فەخرەدینی ئەنوار: ١٢٨.

فەرەنسا: ٥٩، ٩٧.

فەرەنسۆ هەریری: ١٠٧، ١٥٠.

فەرەیدوون حەکیمزادە: ٥٣، ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٦٠، ٦٥، ٦٦.


## پیتی (ق)


قازی محەممەد (پێشەوا): ١٨، ٥٣، ٦٠، ١٠٦، ١٥٥.

قاسملوو (دکتۆر): ١٤٦، ١٥٩، ١٦٠.

قانیع: ٨٣.

قزلجی: ٢٨.

قوتابخانەی ١٤ی سەرماوەز: ٦٦.

قوتابخانەی دواناوەندی ئازادی: ٦٦.

قوتابخانەی کوروش: ٦٦

قەرەنی ئاغای مامەش: ٥٤.

قەلادزێ: ١٥٦.

قەناتی کوردۆ: ٧٤.


## پیتی (ک)


کریستۆفەر کۆلۆمبس: ٣١.

کوچەی ئیهامی: ٩٤.

کورد کەناڵ: ٥٠.

کۆڕی زانیاری: ٥٧.

کۆڵن: ٥٩.

کۆڕی زانستی زمانی کوردی: ٣٣.

کوردستان: ١١، ١٢، ١٣، ١٤، ٢١، ٢٧، ٤٦، ٦١، ٦٧، ١٠٩، ١٢٦، ١٥٧، ١٥٨.

کۆماری کوردستان: ٧، ٨، ١٥، ١٦، ١٨، ٢٦، ٤٢، ٤٤، ٥٣، ٥٥، ٦١.

کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ. ک): ٧، ٥٥.

کۆیە: ١٧، ١٥٦.

کەرەج: ٨، ٥٨، ٩٣، ٩٤، ١٠٦، ١٠٩.

## پیتی (گ)

گوندی پەسوێ: ٥٤.
گوندی ترپەسپی: ٥٦.
گوندی حاجیلەک: ٥٠.
گوندی سیسێر: ١٥١.
گوندی شیلاناوێ: ١٥٨.
گوندی کاوڵانی سەرەوە: ١٦١.
گوندی لاچین: ١٥٨.
گوندی وشتەپە: ٥٤.
گۆران: ٣٧، ١٥٦.
گۆڕستانی باغی فیردەوس: ٨.
گیوی موکریانی: ٧٤.
گەڕەکی خرێ: ٧، ٥٣.
گەڕەکی عەزیمییە: ٩٤، ٩٧، ٩٨، ١٠٦، ١٠٨.

## پیتی (ل)

لاجان: ٧٥.
لوبنان: ٨، ١٠، ٥٥، ٥٧.

## پیتی (م)

ماپەرە فەتاح (خێزانی مستەفا هەژار موکریانی): ١٠٩.
مارف خەزنەدار (دکتۆر): ١١٣، ١٣٧، ١٣٨، ١٤٨، ١٤٩.
ماجد مەردۆخ ڕۆحانی (ماجد ڕۆحانی): ٧٥، ١١١، ١١٢، ١١٣، ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٩، ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٤، ١٢٦، ١٢٧، ١٣٠، ١٣٢، ١٣٤، ١٣٦.
محێدینی کەریمیان: ١٢٩.
محەممەد قازی: ٣٨.
محەممەد مەردۆخ: ٧٣.
محەممەد مەولوود: ١١٣.
محەممەدی مەلا کەریم: ٨٥، ٨٦، ٨٨، ٨٩.
مزگەوتی سوور: ١٠٧.
مزگەوتی عەبباس ئاغای سابڵاغ: ٥٤.
موکریان: ٨، ١٥، ١٦، ٢٩، ٣٠.
مۆسکۆ: ٤٣، ٤٥، ٥٦، ٥٧.

مستەفا هەژار موکریانی: (ئاگری): ٥٦، ٩٣، ٩٦، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠، ١٠٣، ١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١٢١، ١٢٩، ١٣٠.
میر جەعفەر باقرۆف: ٦٠.
میرزا عەبدوڵڵا شەرەفکەندی: ٥٤.
میرنشینی بابان: ١٥، ١٧.
میرنشینی ئەردەڵان: ١٨.
میسر: ٥٦.
مەحموود موفتی: ٧٥.
مەحوی: ٢١.
مەستوورەی ئەدەڵان: ٦٢.
مەسعوود بارزانی: ٩٤، ٩٧، ١٠٥، ١٠٧.
مەسعوود محەممەد ٧٨، ٨٥، ٨٦، ٨٨، ٨٩.
مەعسوومە: ١٠٦، ١٢٠، ١٢١، ١٢٩، ١٣٠، ١٤٧.
مەلا حوسێن مەجدی: ٥٤.
مەلا ڕەحمان: ٥٣.
مەلا ڕەحیم مەنیجەڵان: ٥٧.
مەلا ڕەسووڵی پێشنماز: ١٥٣، ١٥٩، ١٦١.
مەلا سەعید: ٥٤.
مەلا سەیید ڕەشید: ٥٧.
مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس: ٦٩، ٨٩.
مەلا عەبدوڵڵا ئەحمەدیان: ٦٣.
مەلا محەممەد (باوکی هەژار): ٥٤.
مەلا مستەفا بارزانی (بارزانی): ٥٥، ٥٨، ٦٣، ٦٥، ٨٣، ٩٣، ٩٦، ١٠٥، ١٠٧، ١١٤، ١١٥، ١٢٥، ١٢٦، ١٢٧، ١٤١، ١٤٥، ١٤٦، ١٤٨، ١٤٩، ١٥٠، ١٥٥، ١٥٧، ١٦٠.
مەلای جزیری: ٩، ٢٣، ٣٨، ٦٣، ٦٤.
مەلای گەورە (مەلا محەممەد): ٦٩، ٨٥، ٨٦، ٨٩.
مەلا غەفووری دەباغی: ٦٤.
مەهاباد (سابڵاغ): ٧، ٨، ١٠، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٨، ٦٢، ٦٦، ٦٧، ٩٣، ١٠٧، ١٠٩، ١٦١.

## پیتی (ن)


نالی: ١٨، ٢١، ٢٩، ٣٠، ٣٥.

نەوشیروان مستەفا ئەمین (مامە پیرە): ١١٥.


## پیتی (هـ)


هادی موڕادی: ٧٥، ١٣٣، ١٣٤، ١٣٥، ١٣٦، ١٣٧، ١٣٨، ١٣٩، ١٤٠، ١٤١، ١٤٢.

هۆتێل ئای تۆنێل: ٩٤.

هۆزی شکا: ٥٣.

هۆڵەندا: ٩٤، ٩٥، ١٠٠، ١٠١.

هێدی (خالید حیسام ئاغا): ١٠٥، ١٠٦، ١٥٤.

هێمن (هێمن موکریانی، حەمەدەمین شێخولئیسلام): ٧، ١٠، ١٥، ١٧، ١٨، ٢٦، ٢٨، ٣٠، ٤٦، ٤٩، ٥٧، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٧٨، ٨٢، ٨٣، ١٥٤، ١٥٨، ١٥٩، ١٦٠.

هەژار موکریانی: زۆربەی لاپەڕەکان.

هەڵشۆ: ٥٧.

هومایونی حەیدەری سابڵاغی (دکتۆر): ١٠٦.

هەمەدان: ١١٥.

هەولێر: ١٥، ٣٣، ٣٥، ٩١، ١٣٠، ١٥٦.


## پیتی (و)


ورمێ: ٣٣، ٦٦.

وەفایی: ١٥، ١٦، ١٧، ٢١، ٣٥، ٣٦.


## پیتی (ی)


یووسف ڕەزوانی: ١٠٠.

یووسفی فازل: ٦٧.

یەکێتی سۆڤیەت، (سۆڤیەت): ٣٩، ١٤٨.

یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر: ٣٣.

یەکێتی نووسەرانی کوردستان: ٣٣.

هەژار موکریانی لە چەند دیدارێکدا، نۆ وتووێژی تایبەت بە هەژار موکریانی لەخۆگرتووە، کە لە کات و شوێنی جیاوازدا تۆمار کراون، تێیدا گفتوگۆی چەند باس و بابەتێکی تایبەت کراوە، لەوانە: فەرهەنگی و ئەدەبی، سیاسی و کۆمەڵایەتی.
ئەو کەسانەی لەم بارەیەوە دواون، هەژارناس بوون، یاخود کوڕ و دۆست و هاوڕێ و ئاشنای هەژار بوون، کە ئەمانەن: عەبدولخالق یەعقووبی، ڕەسووڵ سوڵتانی، فەرەیدوون حەکیمزادە، حەیدەر عەبدوڵڵا، مستەفا هەژار موکریانی، ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، هادی موڕادی، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، مەلا ڕەسووڵی پێشنماز. لە ڕاستیدا ئەم کتێبە دیوێکی شاراوە و نەبیستراو و نەگوتراوی سەبارەت بە موکریانی تێدایە.

بەرگ: ئەنجام ئەنوەر